

کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

# لەنێوان پلانی کورت مەودا لەسەر ئاستی لۆکاڵ و دوورمەودا لەسەر ئاستی نیشتمانی





بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی کابینەی حوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێوڕەسمی متمانەپێدانی وەک سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وتارێکی پێشکەش کرد و تیایدا هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی حکومەتەکەی دیاریکرد، لەهەمانکاتدا ئاماژەشی بەوەکرد بەرنامەی ئێمە گشتگیرە بەستراتیژی تازەوە لەئاییندە دایدەڕێژین و بەڕەزامەندی پەرلەمان دەیخەینە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە یەکەم هەنگاوی کابینەی حوتەمی کوردستان دارشتنی ئەو بەرنامە گشتگیرەیە کە ستراتیژێکی تازە لەخۆی دەگرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی تەمەنی ئەم کابینەیە کورتە لەماوەی ساڵێك و چەند مانگێك زیاتر نییە، ئەوا دەبێت لەماوەیەکی زۆر کورتدا ئەو بەرنامە گشتگیرە دابڕێژرێت و لەماوەی ئەو ساڵ و چەند مانگەش دەبێت جێبەجێ بکرێت، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە مەزندە دەکرێت ستراتیژی تازەی کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو ئاست لەخۆ بگرێت:

١- لەسەر ئاستی لۆکاڵ وەك وەڵامدانەوە بۆ خواست و داواکارییەکانی خەڵك و لەخوارەوە بۆ سەرەوە پلانێکی کورت مەودای خێرا دابنرێت بۆ ئەوەی لەنزیکترین دەرفەتدا ئەم بەرنامەیە بکەوێتە واری جێبەجێکردن.

٢- لەسەر ئاستی نیشتمانی کوردستانیش بەرنامەیەکی گشتگیر لەچوارچێوەی ستراتیژێکی تازە دابڕێژرێت بۆئەوەی ئەم ستراتیژە ببێتە بناخە بۆ کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئەم دوو خاڵە ئەوەمان پێدەڵێن کە کابینەی حەوتەمی هەرێمی کوردستان دوو مەسەلەی گرنگی کردۆتە ئەولەویەتی بەرنامەی

**بەرنامەی حکومەت وەك بەرنامەیەکی کورت مەودا بۆ ئاستی کێشە ناوخۆییەکانی هەرێم و دوور مەودا لەسەر ئاستی کێشە نیشتمانییەکان، پێویستیان بەزەمینەیەك هەیە کە دەبێت لەچوارچێوەی پلانی کورت مەودا زەمینەیەك بڕەخسێت**

کاری خۆی، کە یەکەمیان هەوڵدان دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەو کەموکورتیە ناوخۆییەکان کە ئەمەیان پێوەندی بەخواستی خەڵکەوە هەیە و پێویستە لەسەر ئاستی تێڕوانین و خواستی خەڵك بەرنامەی بۆ دابڕێژرێت و هەنگاو بۆ جێبەجێکردنیان هەڵبگرێت و میکانیزمی تازە و گونجاو بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکان بەئاستێك بن کە خەڵکی کوردستان لێی ڕازی بن، دووەمیشیان چارەسەرکردنی کێشە نیشتمانییەکانە، لەپێش هەموویانەوە کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا کە پێویستە بۆ ئەمەیان خواستە لۆکاڵەکانی خەڵك بەئاستێك بەرز بکرێنەوە بۆئەوەی ڕایەڵێك دروست بێت و لەگەڵ بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان پێکەوە گرێ بدرێنەوە، لەهەردوو حاڵەتەکەشدا چ بەرنامەی حکومەت وەك بەرنامەیەکی کورت مەودا بۆ ئاستی کێشە ناوخۆییەکانی هەرێم و چ دوور مەودا لەسەر ئاستی کێشە نیشتمانییەکان، پێویستیان بەزەمینەیەك هەیە کە دەبێت لەچوارچێوەی پلانی کورت مەودا زەمینەیەك بڕەخسێت بۆئەوەی بتوانرێت هاوسەنگی لەنێوان خواستە ناوخۆییەکان و خواستە نیشتمانییەکان بێتە ئاراوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا کاتێك لەسەر زاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەخەڵك ڕادەگەیەنرێت لەداهاتوودا بەرنامەیەکی گشتگیر بەستراتیژیی تازەوە دادەڕێژین، ئەمە مانای ئەوەیە ئەم حکومەتە شێوازێکی تازەی حکومەتداری لەکوردستان پیادە دەکات و لەسەر ڕۆشنایی خواست و داواکاری و پێداویستییەکانی خەڵك بەرنامە دادەڕێژێت و ئەوەی خەڵك بەگرنگ و پێویستی دەزانێت، حکومەتیش ئەوە بەگرنگ دەزانێت، بۆیە دەکرێت لەخوێندنەوە بۆ ئەم ستراتیژە تازەیە ئاماژە بەم خاڵانە بکەین:

١- ئەم کابینەیە بەسەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی مۆدیلێکی تازە لەحکومەتداری پیادە دەکات، ئەم مۆدیلە تازەیە بریتییە لەگرنگیدان بەپێداویستی و خواستەکانی خەڵك، ئاماژەیە بۆئەوەی بەرنامەی ئەم حکومەتە هەتا ئەگەر بەرنامەی هەردوو حزبی هاوپەیمان پارتی و یەکێتیش بێت، ئەوا پارتی و یەکێتی وەك دوو حزبی مۆدێرن و هەڵسوڕاو بۆ بونیادی دیموکراتی ئەو جوغزە ئایدلۆژییە کلاسیکیەیان بەجێهێشتووە کە پێشتر حزب پێی وابوو دەبێت ئەوەی حزب بەگرنگی دەزانێت خەڵکیش بەگرنگی بزانێت، لەتێڕوانینی حزب بۆ حکومەت و جیاکردنەوەی حزب و حکومەت لەیەکتری.

٢- لەبەر ئەوەی حکومەت توخمی سەرەکی ناو پرۆسەی حکومڕانی دەوڵەتە و پێوەندی بەهەموو توخمەکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتەوە هەیە، ئەوا گۆڕینی شێوازی هەڵسوڕانی حکومەتداری و بەرنامەی حکومەت لەبەرنامەی حزبەوە بۆ بەرنامەی خەڵك، ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو توخمەکانی حکومڕانی بەکەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی خەڵك هاوکاری حکومەت دەکەن و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی خەڵك مامەڵە لەگەڵ حکومەت دەکەن، ئەم شێوازە کە جۆرە هاوسەنگی و تەباییەك لەنێوان هەموو توخمەکانی حکومڕانی دروست دەکات، دەبێتە هەنگاوی یەکەم بۆ بونیادی حکومڕانی باش.

٣- ئەگەر لەسەر خواست و پێداویستیەکانی خەڵك بەرنامە دابڕێژرێت، ئەمە مانای ئەوەی حکومەت بڕوای بەوە هەیە کە دەبێت هاووڵاتیان لەلایەك بەشداربن لەجێبەجێکردنی

**نێچیرڤان بارزانی نەك هەر توانی ئەو حاڵەتە چەقبەستووییە تێپەڕێنێت، بەڵکو توانی جووڵەیەکی ئەوتۆ لەناو کۆمەڵگە دروست بکات، کە چەمکی دەسەڵات و حکومڕانی لەو جوغزە تەسکە بهێنێتە دەرەوە کە حکومڕانی تەنیا ئەرکی ئەو حزبە یان ئەو هاوپەیمانییە کە هەڵبژاردنی بردۆتەوە**

**ئەگەر لەسەر خواست و پێداویستییەکانی خەڵك بەرنامە دابڕێژرێت، ئەمە مانای ئەوەی حکومەت بڕوای بەوە هەیە کە دەبێت هاووڵاتیان لەلایەك بەشداربن لەجێبەجێکردنی بەرنامەی خۆیان، لەلایەکی دیکەش دەبێت خەڵك بزانێت چۆن ئەو بەرنامەیە جێبەجێ دەکرێت**

**بوونی شەفافیەت و لێپرسینەوە، زەمینەیەك دەرەخسێنێت بۆئەوەی بیروبۆچوونە سیاسیە جیاوازەکان لەبری ئەوەی یەکتری ڕەتبکەنەوە، بەرنامەی باشتر لەیەکتر بەخوێندنەوەی جیاواز بەرهەم دەهێنێت**

بەرنامەی خۆیـان، لەلایەکی دیکەش دەبێت خەڵـك بزانێت چۆن ئـەو بەرنامەیە جێبەجێ دەکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم حکومەتە نەك هەر بڕوای بەشـەفافیەت و لێپرسینەوە هەیـە، بەڵکـو ئامادەیە زانیاری پێویسـت بداتە میدیـا و هاووڵاتی بۆئەوەی چاودێری کارەکانی بکەن.

٤- بوونی شەفافیەت و لێپرسینەوە، زەمینەیەك دەرەخسـێنێت بۆئەوەی بیروبۆچوونە سیاسیە جیاوازەکان لەبری ئەوەی یەکتری ڕەتبکەنەوە، بەرنامـەی باشـتر لەیەکتـر بەخوێندنەوەی جیاواز بەرهەم دەهێنێـت، ئەمەش ململانێی سیاسیی نێوان پارتە سیاسییەکان لەململانێی ئایدلۆژییـەوە دەگۆڕێت بۆ ململانێی دانانی بەرنامەی باش و باشـتر و خستنەڕووی بۆ بەردەم ڕای گشتی بۆئەوەی هاووڵاتیان بتوانن لەنێوان ڕێگەچارە جیاوازەکاندا بۆ چارەسەری کێشەکان باشتر و باشتریان هەڵبژێرێت.

٥- وەرچەرخـان لەبیرکردنـەوەی حزبـەکان و دانانـی بناخەیەکـی پتەو بۆ سیسـتەمی پارتایەتی لەکوردستان، هۆیەکانی ڕاگەیاندن بەسـەربەخۆ و حزبییـەوە ناچـار دەکات ئەو زانیاریانە بۆ هاووڵاتی بگوازنەوە کە هاووڵاتی بۆ بەشداری لەپرۆسـە سیاسیەکە پێویستی پێیەتی و دەیەوێت لەڕوانگەی ئەو زانیاریانەوە هەم دەنگیشـان بکات و هەمیش هەڵبژێرێت، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە هاووڵاتی بەشـدارییەکی کارای لەپرۆسەی سیاسی و پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و جێبەجێکردنی بڕیاردا هەبێت.

٦- بەشـداری فراوانی هاووڵاتی لەپرۆسـە سیاسـیەکە چەمکـی حکومەتـداری لەحکومەتی حزبەوە دەگۆڕێت بۆ حکومەتی خەڵك، واتە ڕاستە حکومەتەکە حکومەتی ئەو حزبە یان ئەو هاوپەیمانییە کە لە هەڵبژاردندا زۆرترین دەنگی هێناوە، بـەڵام حکومەتەکە حکومەتی هەموو خەڵکـە بەوانەی دەنگیان پێداوەو بەوانەشـی دەنگیان پێنەداوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا حکومەت لەبری ئەوەی بەرنامە بۆ بەرژەوەندی حزبەکـەی دابنێت، ناچار دەبێت بەرنامە بـۆ بەرژەوەندی خەڵـك دابڕێژێت، کەواتە ئـەم ئەزموونەی نێچیرڤـان بارزانی دەیەوێت لەکابینەی حەوتـەم و لەماوەیەکی کورتـدا جێبەجێی بکات، ئەوەیە کە دەیەوێت حکومەت لەحکومەتی حزبەوە بکاتە حکومەتی خەڵك و خەڵکی کوردســتان دەنگی بە پارتی و یەکێتی دابێت یــان نەدابێت ئەم حکومەتە بەهی خۆی بزانێت و هاوکاری بکات.

## حکومەت لەناو فەزای بیروبۆچوونەکانی خەڵکدا


گۆڕینـــی شـــێوازی بڕیاردان لەشـــێوازی تەقلیدی هەرەمییەوە بۆ شێوازی لەخوارەوە بۆ سەرەوە، ئەوەمان فێردەکات کە خەڵك ملکەچی حکومەت نییـــە، بەڵکو حکومەت ملکەچی خەڵکـــە، ئەم شـــێوازە لەگەڵ ئـــەوەی هەتا هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بۆ حزبێکی وەك حزبی کرێکارانی بەریتانیا جێگەی هەڵوەستە کردن بووە، هەروەك پرۆ فیســـۆر کینس وۆلاك سەرۆکی ڕێکخراوی (NDI) لەموحازەرەیەکدا لەئامـــۆژگای کارینجی ئاماژەی پێکردووە، بـــەوەی حزبی کرێکارانی بەریتانیا نەیدەزانی هۆکاری چییە خەڵك دەنگ بە بەرنامەکەی نادەن، یان ڕاشـــکاوانەتر بۆ خەڵکی بەریتانیا دەنگ بە بەرنامەی پارتی پارێزگاران دەدەن و دەنگ بە بەرنامەی حزبی کرێکاران نادەن، وۆلاك لەموحازەرەکەیـــدا دەڵێت لەبەر ئەوەی لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوو حزبی کرێکاران بـــەو شـــێوەیە بەرنامەی دادەڕشـــت ئەوەی حزبەکە بەگرنگی دەزانی هەوڵیدەدا خەڵکیش بەگرنگی بزانێت، هەتا ناوەڕاستی نەوەدەکان بۆیان دەرکەوت ئەو میتۆدە هەڵەیە و پێویستە حزب بەرنامە لەســـەر خواست و داواکاری و پێداویســـتی خەڵك دابڕێژێت و ئەوەی خەڵك بەگرنگی دەزانێت، حزبیش بەگرنگی بزانێت، ئـــەم میتۆد گۆڕینە وایکرد بۆ چەند جارێك

**کە بەرنامەی حکومەت دەربڕی ڕای گشتی کۆمەڵگە بێت، ئەوا حکومەت خۆی دەبێتە بەشێك لەناو فەزای گشتی و کارەکتەرێکی دیالۆگ و وەڵامدەرەوە بۆ ئەو پرسە سەرەکیانەی لەناو فەزای گشتی باسی لێوەدەکرێت**

**پێویستە حزب بەرنامە لەسەر خواست و داواکاری و پێداویستی خەڵك دابڕێژێت و ئەوەی خەڵك بەگرنگی دەزانێت، حزبیش بەگرنگی بزانێت**

لەســـەر یەك حزبی کرێکاران هەڵبژاردنەکانی بەریتانیا بەرێتەوە، بۆیە ئەم شێوازەی ئێستای نێچیرڤان بارزانی بەنیازە لەکابینەی حەوتەمدا پیـــادەی بـــکات، شـــێوازێکی بیرکردنەوەی مۆدێرنە لەحکومڕانی دیموکراتیدا و لەســـەر ئاستی عێراق و ناوچەکەش بۆ یەکەمجارە ئەم شـــێوازە پیادە دەکرێت، تەنانەت بە بەرنامەی حکومەتـــی تورکیاشـــەوە کـــە دەکرێت وەك سیســـتمێکی دیموکراتی باش لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت لەقەڵەم بدرێت، بۆیە ئەم شـــێوازە کـــە نێچیرڤان بارزانی لەســـەر بنەمای خواست و پێداویستی خەڵك هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێـــت، جارێکی دیکە حکومەت و خەڵك لەبازنەیەکـــدا کۆدەکاتەوە و بەرنامەی حکومـــەت دەکاتە بەرهەمـــی بیروبۆچوونە جیاوازەکانـــی خەڵـــك و جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە دەبێتە ئەرکی حکومەت و خەڵکیش دەبێت ئاگادار بێت لەمیکانیزمی شـــێوازی جێبەجێکردنـــی ئـــەو بەرنامەیـــە، بۆیە لەم حاڵەتـــەدا کە بەرنامـــەی حکومەت دەربڕی ڕای گشـــتی کۆمەڵگە بێت، ئەوا حکومەت خۆی دەبێتە بەشـــێك لەناو فەزای گشتی و کارەکتەرێکی دیالۆگ و وەڵامدەرەوە بۆ ئەو پرسە سەرەکیانەی لەناو فەزای گشتی باسی لێوەدەکرێت و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەژیانی ڕۆژانـــەی هاووڵاتیانەوە هەیە، ئەم حاڵەتەش پرۆسەی دیموکراتی لەپرۆسەی نوێنەرایەتی کردنی حزبەوە بۆ خواستی هاووڵاتیان، دەبێتە پرۆســـەی دیموکراتی ڕاوێـــژکاری، ئەمەش واتـــە حکومـــەت بەڕاوێژ لەگـــەڵ خەڵکی خۆی بەرنامە دادەڕێژێت و هەر بە ڕاوێژیش لەگەڵ خەڵکی خۆی جێبەجێی دەکات، ئەم پرۆســـەیەی ڕاوێژکارییەی نێـــوان خەڵك و حکومەتیش بەردەوامی و نوێبوونەوە بەپرۆسە دیموکراتیەکە دەبەخشـــێت و دیموکراتی لەژێر چەتری ســـەروەری یاســـادا دەبێتە بەشـــێك لـــە کەلتـــوری کۆمەڵگـــە و ئامانجێکـــی گشـــتگیری تاك و حزبە سیاسیەکانیش، بە واتایەکـــی دیکە پرۆســـەی دیموکراتی یان سیستمی سیاســـی و دامەزراوەیی لەو خاڵە چەقبەســـتووییە ڕزگار دەکات، کـــە نـــەك

فلیپ شمیتر بۆ گوڵان:




# ئەوەی دەتوانرێت بەخێرایی بگۆڕێت بریتییە لەشێوازی مامەڵەکردن، ئەمەش ڕواڵەتێکی ئیجابی دیموکراسیە



هەر دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو بەدەستیەوە دەناڵێنن، بەڵکو زۆر لەدەوڵەتانی ڕۆژئاواش هەستیان پێکردووە کە لەم لایەنەوە پێویستیان بە بەخۆداچوونەوە هەیە، هەروەك چۆن لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم خاڵە چەقبەستووییە لەئەمریکا، بیرمەندی ئەمریکی ئەمیتا ئیتزایۆنی تیۆری کۆمەڵگەی چالاك (Active Society) داناو، جۆن ڕۆلز تیورۆ دادپەروەری و دادپەروەری وەك ویژدانی (A Theory of Justice) دارشت، کە ئەمانە و چەندین هەوڵی دیکە بۆ ئەوەبوو خۆیان لەو حاڵە چەقبەستووییە ڕزگار بکەن کە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانیش تێی دەکەون، لەهەندێك وڵات بەتایبەتی فەرەنسا ئەم حاڵەتی چەقبەستنە وەك کۆتایی مۆدێرنە سەیریان کردووە و پۆست مۆدێرنەیان ڕاگەیاندووە، بەڵام هابرماس پێیوایە مۆدێرنە بەردەوامی هەیە و کۆتایی نەهاتووە و ئەو ئەقڵەی توانی مودێرنە بەرهەم بهێنێت دەشتوانێت بەردەوامی بداتێ و ئەو کارەی توانی ئامێری پیشەسازی گەورە بەرهەم بهێنێت، دەتوانێت کارێکی بەردەوام بێت کارلێك لەگەڵ ئێستای کۆمەڵگە بکات و بەپێی ئاستی پێشکەوتنی ئێستا کارلێك لەگەڵ مرۆڤەکان بکات و بەردەوامی پێبدات،

لەم ڕوانگەیەوە بەرنامەی نێچیرڤان بارزانی هەوڵێکە بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگەی کوردستان لەو حاڵەتی چەقبەستوویەی کە خەریك بوو ڕایەکی گشتی ئەوتۆ دروست دەبوو ناتوانرێت لەو بارودۆخە چەقبەستووەدا هەنگاو بۆ بەردەوامی هەڵبگیرێت، بۆیە نێچیرڤان بارزانی نەك هەر توانی ئەو حاڵەتە چەقبەستوویە تێپەڕێنێت، بەڵکو توانی جووڵەیەکی ئەوتۆ لەناو کۆمەڵگە دروست بکات، کە چەمکی دەسەڵات و حکومڕانی لەو جوغزە تەسکە بهێنێتە دەرەوە کە حکومڕانی تەنیا ئەرکی ئەو حزبە یان ئەو هاوپەیمانییە بێ کە هەڵبژاردنی بردۆتەوە، گەیاندیە ئەوەی حکومڕانی ئەرکی هەموو توخم و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەیە بەکەرتی گشتی و تایبەت و حزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە و ئەگەر هەموو پێکەوە لەسەر ئامانجی هاوبەشی حکومڕانی باش و خۆشگوزەرانی هاووڵاتیانی خۆمان هاودەنگ و یەکڕیز نەبین، ئەوا حکومەت بەتەنیا هیچی پێناکرێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا، نێچیرڤان بارزانی بەڕێگەی هۆیەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی و پێوەندییە حزبیەکان و پێوەندییە کەسیەکانی خۆی هەوڵیدا ڕایەڵی هاوبەش لەنێوان بۆچوونە سیاسیە جیاوازەکان و خواست و داواکاری خەڵکی کوردستان بدۆزێتەوە، کەئەم هەنگاوەش گەیشتۆتە ئەو ئاستەی لەمیانەی بەرنامەی کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکردەیی هەنگاوی بۆ هەڵبگرێت، سەبارەت بەم هەنگاوەش، پرسیارمان لەپرۆفیسۆر فرانسیس ڕۆسنبلس ئوستادی سیاسەتی بەراوردکاری و ئابووری و تایبەتمەند لەسەر حکومەتی ژاپۆن کرد، سەبارەت بەپلانی حکومەتی سەرکەتوو لەسیستمی دیموکراتی، سەبارەت بەم پرسەو لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (لە پێوەندیدا بەپلانی کورت مەودای سەرکەتووەوە، ئەوا یەکەم شت کە ڕەنگە پێویست بێت حکومەتی دیموکراتی بیکات، ئەوەیە ڕێوشوێنگەلێك بگرێتەبەر کە ببێتەهۆی دروستکردنی متمانە لەنێوان لایەنە ڕکابەرەکان و لەنێوان دەنگدەران و حکومەتدا، ئەوەش دەبێتە بناغەیەك بۆ توانای دارشتنی پلانی دوورمەودا، کەواتە هەر حکومەتێك کە زۆرینەی هەبێت لەدەسەڵاتی یاسادانان‌دا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە دەنگدەران چیان دەوێت، کەواتە دەبێت ئەو سیاسەتە دابڕێژن لەمەودای نزیکدا دەرئەنجامی باشی هەبێت. حکومەت دەبێت لەئاست خواستی خەڵکدا بێت، نەك لەئاستی گرووپێکی



## فرانسیس ڕۆسنبلس بۆ گوڵان:



# دەبێت ئەو سیاسەتە دابڕێژن لەمەودای نزیکدا دەرئەنجامی باشی هەبێت

بچووکی خەڵکدا. نموونەی حکومەتی بەریتانیا وەربگرن، سیستمی ویستمینستەری پەرلەمانی کە ڕکابەری لەخۆدەگرێت، کە پەرلەمان لەم وڵاتەدا لەنێوان دوو پارتی ڕکابەردا ئاڵوگۆڕ دەکات، بەڵام زۆرینە تەنیا خواستی خەڵکانی خۆی لەبەرچاو ناگرێت، بەڵکو خواستی هەموو خەڵکی وڵاتەکە لەبەرچاو دەگرێت)).

ئەوەی خاتوو فرانسیس ئاماژەی پێکرد ئەوەیە کە حکومەت بتوانێت ڕایەڵێك لەنێوان خەڵك و ئۆپۆزسیۆندا دروست بکات، ئەوە ئەو حکومەتە دەتوانێت بەرنامەکەی خۆی بەسەرکەوتوویی جێبەجێ بکات، بەڵام پرۆفیسۆر فلیپ شمیتر ئوستادی سیسیۆلۆجی لەزانکۆی ئەوروپا و تۆژەر لەسەنتەر بادیە فیسۆلانای ئیتاڵی و ماوەیەکیش ڕاوێژکاری حکومەتی میسیر بووە لەسەردەمی موبارەك بۆ ڕێکخستنی کاری پەرلەمانی لەو وڵاتە، ئەو پێیوایە کارکردن بەپێی خواست و ویستی خەڵك کارێکی گرنگە و خەڵك مەبەستیانە حکومەتەکەیان بەرنامەی پراکتیکی خێرای هەبێت، سەبارەت بەم لایەنە و لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان پرۆفیسۆر شمیتەر وتی:(بەدڵنیاییەوە نابێت خواست و داخوازییەکانی خەڵك بەهەند هەڵنەگرین، خەڵکی لەوە زیرەکترن کە ئێمە بیری لێدەکەینەوە، دەرفەتیان پێبدە، ئەوان سوودی لێوەردەگرن. لەپرۆسەی بەدیموکراتی کردندا خەڵك پتر بایەخ بەسیاسەت دەدەن بە بەراورد بەڕابردوودا، کەواتە دەبێت دەرفەت بەخەڵك بدرێت بەشداری لەکاروبارە سیاسییەکاندا بکەن. دەقاودەق دیموکراسیش بریتییە لەوە، کە خەڵکی ئەزموونی عەمەلیان هەبێت. مەسەلەی گرنگ ئەوەیە هانی خەڵك بدرێت بەشداری چالاکانەی هەبێت. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە بۆچی گرنگە لەسەر ئاستی محەلی کار لەسەر کێشەی خەڵك بکرێت. لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵك مورتاح نین بەکارکردن لەسەر ئاستی نەتەوەیی، چونکە زۆر دوورە و زۆر قورسە بزانێت کە پێویستە چی بکەیت، کەواتە زۆر گرنگە لەسەر ئاستی محەلی کار لەم مەسەلانە بکرێت. لەبەر ئەوە زۆر گرنگە بایەخ بەسیاسەتی محەلی بدرێت، بەو ئەزموونە ڕاستەوخۆیەی کە خەڵك هەیانە لەگەڵ سیاسەتدا، ئەویش لەمیانەی ژیانی ڕۆژانەیاندا، ئەوە تا دوا ئەندازە گرنگە. یەکێك لەو گلەییانەی لەخەڵکەوە گوێت لێدەبێت ئەوەیە پرۆسەی بەدیموکراتیکردن زیان بەئابووری دەگەیەنێت، کاتێك دەست دەدەیتە پرۆسەی بەدیموکراتیکردن، ئەوا بەرهەمی ناوخۆیی دادەبەزێت، ئەمە شتێکی نائاسایی نییە، ئەمە شتێکی تەواو سروشتییە، لەبەر ئەوە جێی سەرسووڕمانتان نەبێت کە خەڵکی گلەیی لەبارەوە بکەن و خەڵکی لێی بێزاربن، کە ئاستی داهات دادەبەزێت بەهۆی بەدیموکراتیکردنەوە، چونکە ئاستێکی دیاریکراوی پشێوی و نادڵنیایی لەپرۆسەکەدا دروست دەبێت کە کاریگەری سلبی هەیە لەسەر گەشەی ئابووری و لەسەر ژیان. بەڵام دەبێت ئەمە بۆ خەڵك شیبکرێتەوە، دەبێت لەوە تێبگەن کە ئەمە باجێکە و شایستەی ئەوەیە بیدەن لەمەودای نزیکدا لەپێناو باشتربوونی دۆخەکە لەمەودای دووردا، هەربۆیە ئەو کاتە خەڵك هەست بەگۆڕانی شێوازی مامەڵەکردن دەکەن لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە لەگەڵیاندا، بەڕاستی ئەوە ئاکامی باشی لێدەکەوێتەوە، کەواتە ئەمە یەکێکە لەلایەنە گرنگەکان کە ئومێد دەکرێت لەڕێیەوە دیموکراسی بنیات بنرێت، دیموکراسی دەبێت بنیات بنرێت، لەبەر ئەوە لەپڕێکدا ڕوونادات، بەخێرایی ڕوونادات، ئاستی چاوەڕوانی خەڵك بەرزە، پێشبینی دەکەن هەر ئێستا دیموکراسی بێتەدی، بەڵام دیموکراسی لەئێستادا نایەتەدی. ئەوەی دەتوانرێت بەخێرایی بگۆڕێت بریتییە لەشێوازی مامەڵەکردن، ئەمەش ڕواڵەتێکی ئیجابی دیموکراسیە)).



# حکومەت و ژینگە

## کۆمەڵێ بیرۆکەی کۆن بۆ حکومەتێکی نوێ

ڕێبوار سیوەیلی *
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویتی

**حکومەت و بەهارو نوێبوونەوە:**

ئێستە وەرزی بەهارە، کابینەی نوێی حکومەت لەسەرەتای ئەم وەرزەدا ڕاگەیەنرا، بۆیە دەبێت ئەم کابینەیە شتێکی تایبەتیی پێبێت بۆ ژینگە و پێوەندیی سیاسەت و ژینگەو دامەزراندنی سیاسەتێکی ژینگەیی بچێتە بەرنامەکەیەوە، چونکە بڕیار نییە ئەم حکومەتەی ئێمە تاسەر بەوجۆرەی ئێستای بمێنێتەوەو نەتوانێ هەم فۆرم و هەم ناوەڕۆکی خۆی بگۆڕێ و پێمان بڵێن: ئەم کابینەیە درێژکراوەی کابینەی پێشووە. درێژکردنەوە و درێژبوونەوە لە زۆر شتدا خۆشن، بەڵام لە حکومەتداریدا نا. پێویستە هەر کابینەیە بەباڵای خۆی بپێورێت، نەك لەسەر باڵای کابینەی پێشووترەوە. ئەوەش ئەرکی سەرۆکی حکومەتی ئێستاو داهاتووە کە بیرێ لە یەکاڵاکردنەوەی ناسنامەی حکومەتەکەی بکاتەوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان بەناچاری پێویستە مۆدێرن بێت و پێوەندی و میکانیزمەکانی دامەزراوەیەکی مۆدێرن لە خۆیدا بەرجەستە بکات. مانەوەی ئەم حکومەتە بەوجۆرەی ئێستای و قەتیسمانی لە نێوان بەکارهێنانی جارجارەی لەززەتی هێز و توندوتیژی و سڵکردنەوەی لە دروستکردنی پێوەندییە عەقڵانییەکانی دەسەڵاتی مۆدێرن، هەروەها چەقبەستنی لە نێوان ئیدارەکردنێکی نەریتخوازانەی تەقلیدی و هەنگاو نەنان بۆ دروستکردنی ئیدارەیەکی دینامیکیانەی هاوچەرخ، هیچیان لە بەرژەوەندی ناسنامەی ئەم حکومەتەدا نین. سەرۆکی حکومەت، پێویستە ستانداردی حکومڕانی بەرزبکاتەوە بۆ ئەو ئاستەی کە لەبەردەم ڕای گشتیی جیهانیدا پێویستیمان بە هیچ پاساوهێنانەوەیەکی نالۆژیکی نەبێت.

ئێمە خاوەن کەلتوورێکی سیاسیی ئەوەندە بەهێز نین، بۆیە نابێت ناسنامەی حکومەتی ئێمە لەگەڵ ئاستی میزاجیانەی پێشمۆدێرنی سیاسی حیزبەکانداو ئەو کەسانەی ئەوان بۆ ئەو ئەرکە پێشنیاری دەکەن، کۆك بکرێ. ناسنامەی حکومەتێکی مۆدێرن بە توندی پابەندە بەو پلانانەی نەك هەر لە ئاستی نێوخۆییدا بۆی دەبنە مایەی بەهێزی، بەڵکو پێویستە حکومەتی ئێمە پلان و بەرنامەی ئەوتۆش بیر لێبکاتەوە کە دەیکەنە بەشداریکەرێکی گرنگ لە کایەیەکی سیاسیی گەورەتردا و ئەمەش بۆی دەبێتە جێگەی دەستخۆشیی و ئەوکاتەش بازنەی لایەنگرانی ئەو حکومەتە زۆر فراوانتر دەبێ لەو بازنەیەی پارتی و یەکێتی لەڕێگەی سیحری ئەندامکڕینەوە، بۆی دروستدەکەن.

یەکێ لەو پلانانە پەیوەستە بە سیاسەتی ژینگەپارێزییەوە. هەڵبەت من لێرەدا چەمکی ژینگە هەم بەمانای ژینگەی دەوربەری مرۆیی بەکار دەهێنم و هەم ژینگەی سروشتیی هاوبەشمان لەگەڵ زیندەوەرەکانیترو هەر بیرکردنەوەیەکیش لە ژینگە پێویستە ئەو پێوەندییە ئەخلاقیە لەبیر نەکات کە (نالی ) مەزنە شاعیر، زۆر پێش ئێستا هەوڵی بەرجەستەکردنی دابوو. بیرکردنەوەی ئێمە لە ژینگە لە هەمان کاتیشدا بیرکردنەوەی ئێمەیە لە ژیانێکی هاوبەش کە لایەنی دووەم ئاژەڵ و ڕووەك و زیندەوەرەکانیترن:

**هەردوو حەیوانین، ئەتۆ گوێ کورت و ئەمنیش گوێ درێژ**

لە سییساڵی ڕابردوودا کێشەی ژینگە لە ئاستی جیهاندا، وێڕای ئەوەی کێشەیەکی لۆکاڵی بووە ئاواش کێشەیەکی جیهانگرەو، چەندە سیاسیی بووە ئەوەندەش مۆراڵی و کۆمەڵایەتی و چەندەش شەخسیی و تایبەتی بووە ئەوەندەش هاوبەش و بەکۆمەڵی. لە هەموو سیستەمە سیاسییە کراوەکان و دیموکراسییەکاندا مەسەلەی ژینگە و ژینگەپارێزی، چەندە مەسەلەیەکی سیاسییە ئەوەندەش مرۆیی و پەیوەستە بە ژیانی هەنووکە و داهاتووی مرۆڤەوە لەناو جیهان و گەردووندا. نەبوونی گوتاری ژینگە لە سیاسەتی حکومەتی هەرێمدا هەم ئاستێکی ڕۆشنبیریی سنوورداری ئەو سیاسەتەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە لەسەر ئاستی جیهانی ناتوانێ یەك وشە بڵێ، هەم ئاشکرای دەکات کە حکومەتەکەی ئێمە چۆن مەسەلەی ئاوەدانکردنەوە و پڕۆژە ئابووری و بازرگانییەکانی بە چاوپۆشین و پشتگوێخستنی مەسەلەی ژینگە، جێبەجێدەکات. وەلێ لەو دیو ئەو هۆکارانەوە، هۆکارێکی مێژوویش هەیە کە پەیوەستە بە هەڵوێستی بەعسییەکانەوە بەرامبەر بە ژینگە.

**بەعسییەکان و ژینگە:**

بەعس سیستەمێکی ژینگە وێرانکەربوو، سیستەمێك بوو ژینگەی سرووشتی و ئاژەڵی بە بەشێ لە دووژمنەکانی خۆی لەقەڵەم دەداو درەخت و زۆنگاو کانیاوەکان هەموویان ئەو ژینگانەبوون کە «یاخییەکان»، پێشمەرگە و ئازادیخوازان دەیانتوانی بەکاریان بهێنن بۆ خۆپاراستن و خۆ شاردنەوەو مانەوەی خۆیان. بەعس لە هەر

ژینگەیەك دەترسا كە شوێنی شاردنەوەو خۆپاراستن بێ، بۆیە زۆر بەتوندی لە ژینگەی مرۆیی و ئاژەڵی و سرووشتی دەدا و كوشتنی مرۆڤ و كوشتنی هێستر و وشككردنەوەی زۆنگاوەكانی لەیەك ئاستدا تەماشا دەكردن. پرۆژەی ڕاگواستنی زۆرەملەی گوندەكان و پڕكردنەوە و وشكردنەوەی هۆڕەكان، كە هاوشان بوون بە كوێركردنەوەی دیمەن و بەرهەم و خۆژێنیی ژینگە، بەرلەوەی پرۆژەیەك بێ بۆ ناچاركردنی مرۆڤ بە تەسلیمبوونەوەی بە دەسەڵاتی ڕژێم، پرۆژەیەك بوو بۆ وێرانكردنی ژینگەی سرووشتی. بەعس چەندە درەختی سنەوبەری چاندووە، ئەوەندەش دارەبەن و مازوار و بەلاڵووكی سووتاندووە. چەندە كاروانچی و ڕێبواری بە هەلیكۆپتەر كوشتووە، ئەوەندەش وڵاخەبەرزە و هێستر و كەری قەڵاچۆ كردووە. پرۆژەی بەعسییەكان زنجیرەیەك قەڵاچۆكردنە، كە لە كوشتنی مرۆڤەوە بەرەو ئاژەڵ و لەوێشەوە بۆ كوێركردنەوەی سەرچاوە سرووشتیەكان درێژەی هەبووە. بەعس كە بەنیازی سەركوتانەوەی كوردەكان دێتە كوردستان، هەر تەنیا مەفرەزەكانی پێشمەرگە و نارەزایەتی خەڵك و پشتگیریی خەڵكی گوندەكان لە شۆڕش، لەبەرامبەر خۆیدا نابینێ، بەڵكو زنجیرەی چیاكان و هەزاران درەختی بەپێوە و كانیاوی ڕەوان دەبینێ كە مەرجی بەردەوامی و مانەوەی «یاخییەكانن» و دەبێ تەختیان بكا و كوێریانكاتەوە. كوشتن لە تێگەیشتنی بەعسییەكاندا، هەم مانای كوشتنی مرۆیە و هەم مانای لەناوبردنی ژینگەی مرۆیی و ئاژەڵی و سروشتی دەگەیەنێ. لە هەڵەبجەدا، پرۆژەی ژینگەكووژی بەعسییەكان بە قۆناغێكی ترسناك دەگات و چەكی كیمیایی، جگە لە قەڵاچۆكردنی زیندەوەرەكان، مریشك و مرۆڤ پێكەوە، سەرزەوی و ژێرزەویش ژەهراوی دەكات، بەجۆرێ كە ئێمە لە هەڵەبجەدا پێویستیمان بە نەهێشتنی دووجار ئاسەواری ئەو تراژیدیایە هەیە: یەكێكیان لەسەر زەوی و ئەویتریان لە چینەكانی ژێرەوەی زەویدا. پێوەندیی دوژمنكارانەی بەعسییەكان بە ژینگەوە لە قۆناغی ئەنفالەكاندا، وەك لە ڕواڵەتەكەیدا دەردەكەوێ ئاراستەی ژینگەی ئاژەڵی و سرووشتی نەكراوە و تەنیا ئامانج لێی مرۆیەكانن. بەڵام پێوەندیی ئەنفال بە ژینگەوە زۆر قووڵترە لەوەی دیارە: لە ئەنفالدا پێوەندیی زیندەوەر و سرووشت، پێوەندیی مرۆڤ و ئاژەڵ و دەوروبەر هیچیان وەك خۆیان نامێنن و تەنانەت خاك چیتر نابێتە ئامێزی لە خۆگرتنی قوربانی. ئەنفال هەم قوربانی لە ژینگەی سرووشتیی خۆی دابڕ دەكا و هەم ژینگەش بەتاڵ دەكاتەوە و خاڵیی دەكاتەوە و دەیگێڕێتەوە بۆ سەر دۆخێكی وەحشیانە. ئەنفال، ژینگەی هاوبەش ناكوژێ، بەڵكو (تەنیا) و (بێنرخ)ی دەكات، (چۆڵ)ی دەكات و لەو دەستە زەحمەتكێش و كارگەرەی دابڕ دەكات، كە هەم دەیپاراست و هەم بەسەرییەوە دەژیا.

بەمجۆرەش لە ڕوانگەی بەعسییەكانەوە، ئەو شوێنەی مرۆڤ و پێشمەرگەی لێنەبێت بە ژینگە حساب نییە و لەبیر دەكرێ، ئەو ژینگەیەش كە ژینگەیە بۆ مرۆڤ و گیاندار و سرووشت، پێویستە وێرانبكرێ و بسووتێنرێ. بەعس كارێك دەكات تاكو دەستی مرۆڤی كورد لە ژینگەی سرووشتیی خۆی دوور بخاتەوە و بەمجۆرەش هەم ئەو ژینگەیە بەتاڵ دەكاتەوە لە مانا و دەیگێڕێتەوە بۆ دۆخی سەرەتایی و وەحشییانەی خۆی، هەم ئەو دەستە كاركەرەش دەكاتە دەستێكی مشەخۆر و تەمبەڵ و چاوەڕوان. وەك ماركس لە (دەستنووسەكان)یدا نووسیویەتی: «ئەگەر سروشت، بەشێوەیەكی ئەبستراكت، بۆخۆی و بەدوور لە مرۆڤ بەشێوەیەكی نەگۆڕ و وەكخۆی لەبەرچاو بگرین، بۆ مرۆڤ هیچ نییە». «سرووشت پەیكەری مرۆڤە و ئەگەر مرۆڤ نەیەوێ بمرێ دەبێ بەردەوام لەگەڵ سروشتدا لە ئاڵوێردابێ. پێكەوەگرێدراویی ژیانی مادی و مەعنەوی مرۆڤ بە سرووشتەوە، لەو تێگەیشتنەوەیە، كە سرووشت پەیوەستە بە خودەوەو مرۆڤیش بۆخۆی بەشێكە لە سروشت» (ل:١٣١-١٣٢).

بەعس، سروشت و ژینگەی سروشتی لە مرۆڤی كورد دەستێنێتەوە، لە ڕێگەی دوورخستنەوە و كوێركردنەوەیەوە، سرووشت دەكات بە (هیچ) و ئەو پەیكەرەی لەبەر دادەماڵێ كە بۆ ژیانی مادی و مەعنەوی گرنگەو بۆ ئەوەی هیچ ڕێگایەكی نەبێت بۆ دەستپێكردنەوەی ژیان. بەعس ئەو بەشە لە خودی مرۆڤی ئێمە وەردەگرێتەوە، كە لە ئەنجامی پێوەندیی ئەم مرۆڤەوە بە ژینگەی سروشتی خۆیەوە دروستدەبێت. بەعسییەكان لە ڕێگەی دوورخستنەوەی مرۆڤەوە لە ژینگەو سروشتیانەی ژیانی، (من)ی كوردیان لە (خود) ی خۆی بەتاڵ دەكردەوە. ئەم پرۆسەیە لەدوای ڕاگواستنی زۆرەملەی گوندەكانەوە دەستپێدەكات و لەوێوە دەستی ئیشكەر و نیشانەگرەوەی مرۆڤی كورد دەبێتە دەستێك، ئەگەر كەلەبچەی تێنەكرابێ، ئەوە لە باشترین دۆخدا و لەناو بازاڕچەی (گوندە هاوچەرخەكان)دا، كیسەی عەلاگە، ئاو، بیپسیی كۆلا، مۆتا و ئایسكرێم و بەرهەمە پلاستیكییەكانی وەك گوڵی نایلۆن و قاپی پلاسكۆی ئێرانی دەگێڕێ و دەیانفرۆشێ. لەو كاتەوە، ئەو دەستە ئیشكەرەی لە گەرووی سرووشتی شاخاوی كوردستانەوە ئاوەدانی دروستدەكرد، بێشووی دەردەهێنا و بەردی لە زەوییەكانیدا دەژمارد و سرووشتی كەلتووریزە دەكرد، پاسیڤ دەبێ و دەرامەتی ڕۆژانە و وەرگرتنی مووچە دەبێتە خولیای..

بەعس بۆ ئەوەی ئەمە بكات، دەبوو مرۆڤی ئێمە لە شوێنی ئیشكردنی سروشتیی خۆی دابڕبكات و (ئاواییەكان)، واتە شوێنە ئاوەدانەكان، ئەو شوێنانەی تیایاندا سروشت و مرۆڤ و ئاژەڵ

**بڕیار نییە ئەم حكومەتەی ئێمە تاسەر بەوجۆرەی ئێستای بمێنێتەوەو نەتوانێ هەم فۆرم و هەم ناوەڕۆكی خۆی بگۆڕێ و پێمان بڵێن: ئەم كابینەیە درێژكراوەی كابینەی پێشووە. درێژكردنەوەو درێژبوونەوە لە زۆر شتدا خۆشن، بەڵام لە حكومەتداریدا نا**

**ئەگەر ڕۆژێ لە سەرۆكی حكومەتیان پرسی: نرخی بۆق چییە بۆ حكومەتەكەت؟ ئەو بەو پەڕی سنگفراوانییەوە بڵێ: گرنگیی بۆق لە سیاسەتی ئێمەدا ئەوەیە كە بەردەوام بە قیرەقیرەكەی بیرماندەخاتەوە نابێت ئێمە ژینگە فەرامۆش بكەین**

**سەرۆكی حكومەت، پێویستە ستانداردی حكومڕانی بەرزبكاتەوە بۆ ئەو ئاستەی كە لەبەردەم ڕای گشتیی جیهانیدا پێویستیمان بە هیچ پاساوهێنانەوەیەكی نالۆژیكی نەبێت**

**بەعسییەكان هەزاران دۆنم زەوی كشتوكاڵی، ملیۆنان درەختی بەردار و هەزاران سەرچاوەی سرووشتی دەسووتێنن و كوێریاندەكەنەوەو بە دەستی فەرامۆشییان دەسپێرن. فەرامۆشكردن و پشتگوێخستن و چۆڵكردن، سێ كوچكەی هەڵوێستی دژە ئیستاتیكیانەی بەعسییەكان بوو**

**ئەنفال، ژینگەی هاوبەش ناکوژێ، بەڵکو (تەنیا) و (بێنرخ)ی دەکات، (چۆڵ)ی دەکات و لەو دەستە زەحمەتکێش و کارگەرەی دابڕ دەکات، کە هەم دەیپاراست و هەم بەسەرییەوە دەژیا**

**چەمکی ژینگە لەلای بەعس پەیوەستە بە ئاوەدانییەوە و ئاوەدانیش بەعسییەکان دەتۆقێنێ، بۆیە دەبێ بکرێتە ویرانە**

**حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی دارشتنی سیاسەتێکی ژینگەییەوە، نەهات ئەو بەشە لە خودی مرۆڤی کورد بینا بکاتەوە، کە بەعسییەکان بە دوورخستنەوەی لە سرووشتی ژیانکردنی، لێیان سەندبۆوە، بەڵکو لەوەش خراپتر ئەم مرۆڤەی لە ئاست کار و خۆ دروستکردندا پاسیڤ و سست کرد**

**ئەگەر ئیحسان نووری پاشا لە سەردەمی ئێمەدا بژیایە و سەرۆکی حکومەت بایە، دڵنیام ژمارەی ڕێکخراو و پرۆژەی ژینگەپارێزی و ژیاندنەوەی سرووشتی هەرێمی کوردستان لە ژمارەی کۆمپانیاکانی بازرگانی و بەڵێندەرایەتی، زیاتر دەبوون**

پێکەوە ژینگەیەکیان دروستکردووە، ویران و خاپوور بکات. چەمکی ژینگە لەلای بەعس پەیوەستە بە ئاوەدانییەوە و ئاوەدانیش بەعسییەکان دەتۆقێنێ، بۆیە دەبێ بکرێتە ویرانە. لەڕاستیدا بەعس چێژێکی زۆر لە ویرانە وەردەگرێ و ئاوەدانی تەنیا ئەوکاتە بۆ ئەوان مانای هەیە کە توانای کۆنترۆڵکردن و پاشان وێرانکردنیانی هەبێت. ئیستاتیکای بەعس توانای بینینی ژینگەی نییە وەك دیمەن، ئەو ژینگە، دارودرەخت، ئەشکەوتەکان، ڕووبارەکان و ئاژەڵ و باڵندەکانیش وەك هۆکاری بەرگریی مرۆڤی ئێمە تەماشا دەکات و بە نهێنیی مانەوەی پێشمەرگە لێکیدەداتەوە. بۆیە بەعسییەکان پرۆژەیەکی بەردەوامیان لە کوردستاندا هەبووە بۆ بچووکردنەوەی پانتایی ژینگەیی و بەرتەسککردنەوەی دۆخی سروشتیانەی ژینگە. ئەوان گوندەکان بەزۆر ڕادەگوێزن و سرووشتەکەی دەسووتێنن، بۆئەوەی مرۆڤەکان لە ژینگەیەکی دەستکرد (گوندە هاوچەرخەکان) بپەستێون، کە هیچ سیمایەکی سرووشتیانەی نییە. بەعس لەم ڕێگەیەوە، مرۆڤ لە سروشت و ژینگەی هاوبەشی خۆی لەگەڵ ئاژەڵەکانیتر دادەبڕێ و ژیانێکی دروستکراوی پێدەبەخشێ کە پەستانی دەروونیی تیایدا دەگاتە لووتکەی خۆی. فەزای ژیان لەسەر دەستی بەعسییەکان بۆ مرۆڤ، هەر تەنیا دابڕاندن نییە لە پێکهاتە سروشتیەکانی ژیانی سروشتیی، بەڵکو لەچوارچێوەگرتنی ئەو فەزایەشە بەوەی کە ئیتر سروشتی نییەو دروستکراوە: چەمکی (قری العصریە) بەمانای گوندی هاوچەرخ دێت، کە دوورە لە ژینگەی سروشتییەوە، بەڵکو ژینگەیەکی دروستکراوە. بەکورتی، بەعسییەکان هەزاران دۆنم زەوی کشتوکاڵی، ملیۆنان درەختی بەردار و هەزاران سەرچاوەی سرووشتی دەسووتێنن و کوێریاندەکەنەوەو بە دەستی فەرامۆشییان دەسپێرن. فەرامۆشکردن و پشتگوێخستن و چۆڵکردن، سێ کوچکەی هەڵوێستی دژە ئیستاتیکیانەی بەعسییەکان بەرامبەر بە سرووشت و ژینگە و ئاوەدانی پێکدەهێنێ، کە بەداخەوە هەمان هەڵوێست بەجۆری دیکەو لە قۆناغی جیاوازدا، لە سیاسەتی حکومەتی هەرێمیشدا بەرامبەر بە سرووشت بەردەوامیی وەرگرتووە.

**ونبوونی ژینگە لە گوتاری سیاسییداو ئاسۆی داهاتوو:**

ونبوونی تێگەیشتنێکی قووڵ لە ژینگە، لە سیاسەتی حکومەتی هەرێمدا بەمانای وردنەبوونەوەو تێنەگەیشتنە لەو سیاسەتەی بەعس لە وڵاتی ئێمەدا پیادەی کردووەو ئاسەواری کوشندەی بۆ بەجێهێشتووین. زۆر جاران وا دێتە بەرچاو کە حکومەتی هەرێم لە سیاسەتی خۆیدا ژینگەی مرۆیی و پاکوخاوێنی مرۆڤ لەگەڵ یەکتر تێکەڵ دەکات. سیاسەتی ژینگە لەسەر پێوەندی مرۆڤ بە سەرچاوەکانی ژیانی خۆی و ئەو ئەرکانەوە دادەمەزرێ کە مرۆڤ لە ئاست سروشت و گیانداران و بوونەوەرەکانیتردا کەوتۆتە سەرشانی و بە پشتگوێخستنیان سەرچاوەی ژیانی خۆی کوێر دەکاتەوە، یەکێ لەو ئەرکانەش مەسەلەی پاکژی و خاوێنی دەوروبەرە.

ئێمە کاتێك باس لە ونبوونی تێگەیشتنێکی سیاسیانە لە سیاسەتی حکومەتی هەرێمدا سەبارەت بە ژینگە دەکەین، گرنگیی ئەو سیاسەتەمان لە ئاستە ناوخۆیی و دەرەکییەکەیدا لەبەر چاوە: حکومەتی هەرێم دەتوانێ بەهۆی گوتارێکی ژینگەییەوە سەرنجی سیاسیانەی چەندین حکومەتی دیکەو سەدان ڕێکخراوی ژینگەپارێزیی بە ئیمکانییەتی جیهان بەلای ژینگەی کوردستاندا ڕابکێشێ. ئەوە ڕاستە، سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئافرینی خۆی لە نێوەندە ئابووری و بازرگانییەکانەوە بەدەستهێناوە، خاکی کوردستان بۆ تەراتێنی کۆمپانیا بازرگانییە سوودخۆرە بێگانەکان ئاوەڵا کراوە، ڕۆحییەتی بەڵێندەرایەتی بەرزکراوەتەوە و تاد. بەڵام پێویستە ئەو ئافرینەش لەو نێوەندانەشەوە بەدەست بهێنرێت کە بەردەوام جەخت لەسەر ئەخلاقی سیاسی و دەروەستیی سیاسەت لە ئاست ژینگە و مافی ئاژەڵان و سرووشتپارێزی دەکەنەوە، نەك تەنیا لە سوود و قازانجی مادی.

نەبوونی گوتارێکی سیاسیانەی ژینگەیی هەم میراتێکەو پەیوەستە بە ئەنفالکردنی ژینگەوە لەلایەن بە عسییەکانەوە، هەم پێوەندیشی هەیە بە نەبوونی هوشیارییەکی ژینگەیی لە ناو دەستەی سیاسەتمەدارانی کوردا. ئەوان باس لە دیموکراسیەت، فیدراڵییەت و کوردستانیەت و هاوپەیمانی و هاوسێیەتی و دەیان چەمکی سیاسی و تیۆریی لەو بابەتە دەکەن، بەڵام یەکجار گوێمان لێنەبوو، یان وتارێکیانمان نەخوێندەوە کە تیایدا بیروڕای خۆیانمان لەسەر ژینگەی وڵاتەکەیان پێبڵێن. کەواتە ئەو غیابی گوتاری ژینگەیە هەم غیابێکی میراتیانەیە لە بەعسەوە و هەم غیابێکی ڕیشەییە لە بیری سیاسی ئێمەدا.

لێرەوە دەتوانین ڕەخنەش ئاڕاستەی باڵی چەپ و ئایینیش لە کوردستاندا بکەین، بەوەی کە ئەوانیش لەوبارەیەوە زۆر هەژارانە بیریان کردۆتەوە، ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە ئەندازیارانی گوتاری ژینگە لە سیاسەتی جیهانیدا ڕەگێکی لە بزاڤی شۆڕشگێڕانەی هزری ناتوندوتیژی و لقێکی لە هزری چەپ و بەشێکیشی لە هزری دینیدایە. هزری ناتوندوتیژی لە وڵاتی ئێمەدا بەدەگمەن توانیویەتی گوتاری سیاسیی خۆی بەرهەم بهێنێ و تەنیا لە ئەدەب و شیعردا ماوەتەوە. بزووتنەوەی چەپیش لە ناوچەی ئێمەدا کەمتر کاریگەر بووە بە چەپ و مارکسیزمی ئەوروپایی و زیاتر وابەستەی چەپی دۆگمایی بووە کە سەرنەپەرژاوەتە سەر قسەکردن لەسەر سرووشت و ژینگە. ئەمە جگەلەوەی لە هزری ئاییینیدا کەلتوورێکی دەوڵەمەندی دینی سەبارەت

بە ژینگە هەیە و ئایینی ئیسلام ستایشێکی زۆری پاکژی و ڕێزگرتن لە گیانەوەران و سرووشت و (مەخلوقات) دەکات، کەچی حزبە ئیسلامییەکانی ئێمە نەیانتوانیوە ئەم کەلتوورە بەرزبکەنەوە بۆسەر ئاستی گوتارێکی سیاسی. کەواتە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێمە بەگشتیی سەبارەت بە ژینگە ئەوەندە هەژارە، کە ناتوانیت لەسەر لاپەڕەیەك بیخەیتە بەردەم ڕێکخراوەکانی ژینگەی جیهانی. نزیکەی هەموو سەرکردەکانی ئێمە گۆشتخۆرن و حەزیان لە ڕاوە، بە سفرە ڕازاوە و چەورخۆر بەناوبانگن، لە پانتایی سیاسی و فیکریدا ناسراون، بەڵام بە ژینگە دۆست و ژینگەپارێز نا. بۆیە ئەوان لە کایەی سیاسیی هاوچەرخدا، وێڕای پۆستە گرنگەکانیشیان، ناتوانن نۆرمی گەورەی ئینسانی دروستبکەن و ئیعجابی ملیۆنان خەڵك بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، کە بۆخۆی کاریگەرییەکی گرنگیی هەیە لەسەر نزیکخستنەوەی ڕای گشتیی جیهان لە کێشەکەمان. من لە بڕوایەدام کەسایەتییەکی وەکو ئیحسان نووری پاشا، وەك ئەوەی لە (یاداشتەکان) یدا بەدیار دەکەوێ، لە هەر سەرکردەیەکی سیاسیی ئەم دەورە هوشیارتر بووە بەرامبەر بە ژینگەی وڵاتەکەی و لە یاداشتەکانیدا چەندین لاپەڕی ئەوتۆ هەن، کە حورمەتی ئەو مرۆڤە بۆ سیاسەت و ئەخلاقی سیاسی ئاشکرا دەکەن. ئەگەر ئیحسان نووری پاشا لە سەردەمی ئێمەدا بژیابایە و سەرۆکی حکومەت بایە، دڵنیام ژمارەی ڕێکخراو و پرۆژەی ژینگەپارێزی و ژیاندنەوەی سرووشتی هەرێمی کوردستان لە ژمارەی کۆمپانیاکانی بازرگانی و بەڵێندەرایەتی، زیاتر دەبوون.

بەڵگەیەکی دیکە بۆ بەمیراتمانەوەی سیاسەتی بەعسییەکان بەرامبەر بە ژینگە، لە نەبوونی سیاسەتێکدایە بۆ ژینگەپارێزی. ئەگەر بەعسییەکان گوندەکانی ئێمەیان وێرانکردن و سوتاندیانن و کەلێنێکی گەورەیان لە ناسنامەی مرۆڤی کوردا وەدیهێنا، ئەوە دەبوو سیاسەتی ژینگەیی حکومەتی هەرێم بایەخێکی تەواوی بدایەتە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و جارێکی دیکە دەستی ئیشکەری مرۆڤی ئێمەی بە سرووشت و ژینگەی کوردستان ئاشنا کردباوە. بەڵام حکومەتی هەرێم لە زۆرینەی کابینەکانیدا، هەرگیز وەکو پێویست لەبەرنامەی کاری خۆیدا گرنگیی نەداوە بە ئاوەدانکردنەوەی ژینگە مرۆییەکان و ژینگەی سرووشتی. ژینگەی وڵاتی ئێمە بەو جۆرەی بەعس ویستی، هەتا ئێستاش ژینگەیەکی تەنیاکراو، چۆڵکرا و بەجێهێڵراوە. ئەو دەستە ئیشکەرانەی بەعسییەکان لەسەر ژینگەی گوندەکان هەڵیانکەندن و لە (گوندە بەناو هاوچەرخەکان)دا کردنیاننە فرۆشیاری مۆتا و بیبسی و ئاوفرۆش، دواجاریش بەزۆر و لە ڕێگەی پرۆسەیەکی تۆقاندنەوە، هێزی تایبەتی بۆ بەرەکانی جەنگ لێدروستکردن و کردنیە دەستێکی چەك هەڵگر، لەسەردەمی حکومەتی هەرێمدا، ئەو دەستانە نەك هەر نەگەڕانەوە گوندەکان و جارێکی دیکە پێوەندیی دەست و سروشت دەستپێنەکردەوە، بەڵکو ئەمجارەیان سیاسەتی دوو ئیدارەیی، ئەو دەستانەیان لە ژینگە کردنەوەو کردیاننە دەستێکی مووچەخۆر و مووچە وەرگر. بەمجۆرەش ژینگەی گوندی کوردی جارێکی دیکە چۆڵکرایەوە و لەڕێگەی دروستکردنی (مەیل)ێکی درۆزنەوە بۆ ژیان لە شاردا، کۆچێکی خۆویستی لە لادێوە بۆ شارەکان دەستپێکرد و ژیانی مشەخۆری هاوشان بە نامۆبوونی مرۆڤ لە خۆی و دەوروبەری بووە قەدەری ئەو مرۆڤە. حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی دارشتنی سیاسەتێکی ژینگەییەوە، نەهات ئەو بەشە لە خودی مرۆڤی کورد بینا بکاتەوە، کە بەعسییەکان بە دوورخستنەوەی لە سرووشتی ژیانکردنی، لێیان سەندبۆوە، بەڵکو لەوەش خراپتر ئەم مرۆڤەی لە ئاست کار و خۆ دروستکردندا پاسیڤ و سست کرد.

هەموو ئەمانە بەشێکن لە ئاکامە خراپەکانی نەبوونی گوتارێکی سیاسیی ژینگە پارێزانە لە ئاستی دەرەکی و ناوەکیدا، لە هەمان کاتیشدا بەڵگەن لەسەر گرنگیی دروستکردن و پێکهێنانی ئەو گوتارە. وەلێ کەموکوڕییەکانی نەبوونی ئەو سیاسەتە لە سیستەمی حکومەتی هەرێمدا، هەر تەنیا بەوانەوە ناوەستێ. حکومەتی هەرێم لەڕێگەی پەسەندکردنی نەخشەی پڕ لەکەموکووڕیی دروستکردنی ڕێگاوبانی خراپ، لەڕێگەی مۆڵەتدان بەوەی هەموو شوێنێ بکرێتە شوێنی دروستکردنی بینا و کۆمپانیا، بەهۆی نەبوونی سیستەمێکی لێپێچینەوەی کارا لەو کارگە و کۆمپانیایانەی ژینگە پیس دەکەن، بەهۆی دروستکردنی بیناسازی و سیستەمی ئاپارتمان و شووقەی پڕ لە کەموکوڕی کە هیچ ستانداردێکی بیناسازی نایانگرێتەوە، بەرپرسیارە لە تێکدانی ئیستاتیکا و ئەتمۆسفێری سرووشتی و ژینگەیی وڵاتی ئێمە. هەروەها سیاسەتی حکومەت سەبارەت بە بازرگانیی جگەرە، چەوریخۆری، نەبوونی کۆنترۆڵێکی توندی ئەمدیوکردنی ئۆتۆمبیل، نەبوونی پلانێك بۆ هێنانی هۆیەکانی گواستنەوەی هاوچەرخ، گرنگی نەدان بە ترانسپۆرتی بێ دووکەڵ و ترانسپۆرتی گشتی، کردنی قەراخ شارەکان بە زبڵخانە، سیاسەتێکی کەمتەرخەمە و پێویستە هەموو ئەو کەموکوڕیانە بچنە بەرنامەی سیاسی حکومەتەوە.

مەسەلەی سیاسەتی ژینگەیی بۆ داهاتووی حکومەتی ئێمە لە ئاستی لۆکاڵی و گلۆباڵیدا، ئەوەندە گرنگە، کە ئەگەر ڕۆژێ لە سەرۆکی حکومەتیان پرسی: نرخی بۆق چییە بۆ حکومەتەکەت؟ ئەو بەو پەڕی سنگفراوانییەوە بڵێ: گرنگیی بۆق لە سیاسەتی ئێمەدا ئەوەیە کە بەردەوام بە قیڕەقیڕەکەی بیرماندەخاتەوە نابێت ئێمە ژینگە فەرامۆش بکەین..

**حکومەتی هەرێم دەتوانێ بەهۆی گوتارێکی ژینگەییەوە سەرنجی سیاسیانەی چەندین حکومەتی دیکەو سەدان ڕێکخراوی ژینگەپارێزی بە ئیمکانییەتی جیهان بەلای ژینگەی کوردستاندا ڕابکێشێ**

**هزری ناتوندوتیژی لە وڵاتی ئێمەدا بەدەگمەن توانیویەتی گوتاری سیاسیی خۆی بەرهەم بهێنێ و تەنیا لە ئەدەب و شیعردا ماوەتەوە. بزووتنەوەی چەپیش لە ناوچەی ئێمەدا کەمتر کاریگەر بووە بە چەپ و مارکسیزمی ئەوروپایی و زیاتر وابەستەی چەپی دۆگمایی بووە**

**نەبوونی گوتارێکی سیاسیانەی ژینگەیی هەم میراتێکەو پەیوەستە بە ئەنفالکردنی ژینگەوە لەلایەن بە عسییەکانەوە، هەم پێوەندیشی هەیە بە نەبوونی هوشیارییەکی ژینگەیی لە ناو دەستەی سیاسەتمەدارانی کوردا**

**حزبە ئیسلامییەکانی ئێمە نەیانتوانیوە کەلتووری ژینگە پارێزی بەرزبکەنەوە بۆسەر ئاستی گوتارێکی سیاسی. کەواتە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێمە بەگشتیی سەبارەت بە ژینگە ئەوەندە هەژارە، کە ناتوانیت لەسەر لاپەڕەیەک بیخەیتە بەردەم ڕێکخراوەکانی ژینگەی جیهانی**

# بۆ ئەوەی کەمتر گوێبیستی ڕستەی «حوشتر بە کونی دەرزیدا دەکەن» بین



عەبدولڕەحمان سدیق

کەم نین ئەو جارانەی کە گوێبیستی ئەو ڕستەیە دەبین کە دەڵێت : «گەر بیانەوێ حوشتر بە کونی دەرزیدا دەکەن» کاتێك بە زەقی کارێکی دژ بە یاساو ڕێنماییەکان ئەنجام دەدرێت. ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارانە، کە باون لە کۆمەڵگاکەماندا، هۆکارەکانیان زۆرە کە باسکردنیان ئامانجی ئەم وتارە نییە. وەك هەنگاوێك بۆ ڕێگرتن لەم جۆرە کارانە، واتە بۆ ئەوەی «چیتر حوشتر بە کونی دەرزیدا نەکرێت» بە باشی دەزانین «سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران» بە نووسراوێك ئاگاداری هەموو فەرمانبەرانی دامودەزگا فەرمییەکان بکات کە ئەرکی سەر شانیانە ئاگاداری بەرپرسەکانی سەرووی خۆیان بکەنەوە، گەر داوایان لێکرا کارێك ئەنجام بدەن دژ بە یاسا و ڕێنماییەکان بێت،بەراشکاوانە پێیان بڵێن کە جێبەجێکردنی ئەو داواکاریە دژ بە یاساو ڕێنماییەکانەپێویستە لە نووسراوەکەدا ئاماژە بکرێت کە «گەر فەرمانبەران ئەم ئەرکەی سەرشانیان ئەنجام نەدەن، واتە گەر ئاگاداری بەرپرسەکانی سەرووی خۆیان نەکردەوە کە ئەو داواکارییە دژ بە یاساو ڕێنماییەکانە، بەرپرس دەبن بەرامبەر بە یاسا».

داواکارییەکی لەم جۆرە لە فەرمانبەران شتێکی نوێ نییە، بەڵکو نەریتێکی یاساییە کە دەمێکە لە بیرکراوەو کاری پێناکرێت . ئێمە ناڵێین بە ئەنجامدانی ئەم کارە هەموو سەرپێچیەکان بنبڕ دەکرێت و»چیتر حوشتر بە کونی دەرزیدا ناکرێت «بەڵام بێگومانین لەوەی کە دەبێتە هەنگاوێکی بە سوود و گرنگ بۆ کەمکردنەوەی سەرپێچیەکان و ئەنجامدانی کارەکان لە فەرمانگەکاندا بە شێوەیەکی یاسایی و باشتر چونکە :

١ – زۆرن ئەو فەرمانبەرە دڵسۆزانەی کە ئارەزوومەندن کارەکانیان بە پێی یاساو ڕێنماییەکان ئەنجام بدەن بەڵام ناچار دەکرێن، لە لایەن سەرووی خۆیانەوە کە سەرپێچی بکەن. دەرکردن و گشتاندنی نووسراوێکی لەم شێوەیە دەبێتە پشتگیری بۆ ئەو فەرمانبەرانە بۆ ئەوەی سەرپێچی نەکەن و کارەکانیان بە پێی یاساو ڕێنماییەکان ئەنجام بدەن.

٢ – وەنەبێت هەموو فەرمانبەرانی باڵادەست ئارەزوومەندبن کە سەرپێچی یاسا و ڕێنماییەکان بکەن، بەڵام هەندێك جار لە ژێر فشاری پێوەندییە کۆمەڵایتییەکاندا، کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر بەهێزن، ئەم جۆرە کارانە ئەنجام دەدەن، بۆیە دەرکردن و گشتاندنی نووسراوێکی لەم شێوەیە فشاری کۆمەڵایەتی لەسەر ئەوانیش کەمدەکاتەوە .

کەم نین ئەو لێپرسراوانەی کە سنووری دەسەڵاتی خویان نازانن و پێیان وایە کە خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهان لە فەرمانگەکانیاندا

٣ – کەم نین ئەو لێپرسراوانەی کە سنووری دەسەڵاتی خویان نازانن و پێیان وایە کە خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهان لە فەرمانگەکانیاندا، بۆیە دەرکردن و گشتاندنی نووسراوێکی لەم شێوەیە و جێبەجێکردنی لەلایەن فەرمانبەرانەوە دەبێتە ئامرازیکی فێرکردن بۆ ئەو لێپرسراوانە و ئاگاداریان دەکاتەوە کە «پێویستە بە پێی یاساو ڕێنماییەکان کارەکانیان ئەنجام بدەن، ئەگینا بە پێچەوانەوە فەرمانەکانیان جێبەجێ ناکرێت».

٤ - دەرکردن و گشتاندنی نووسراوێکی لەو شێوەیەی کە باسمان کرد دەبێتە نامەیەکی روون بۆ ئەوانەی کە بە بەرنامە سەرپێچی یاسا و ڕێنماییەکان دەکەن و ناچاریان دەکات کە سڵ بکەنەوە لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە کارانە ئەگینا بە پێچەوانەوە دوای ئاگادار کردنەوەیان لە لایەن فەرمانبەرانی فەرمانگاکانیانەوە، بەرپرسیارەتیان لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە کارانە زیاتر دەبێت .

٥ – سوودێکی گرنگی دەرکردن و گشتاندنی نووسراوێکی لەم شێوەیە و جێبەجێکردنی لەلایەن فەرمانبەرانەوە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە تاکەکانی کۆمەڵگا فێری وتنی وشەی «نا»، «نەخێر»و «ناکرێت» دەکات، کاتێك کە راست بن و مافیان لە گەڵدا بێت، بە ڕووی بەرپرسەکانیان کە ئەمەیش خۆی لە خۆیدا دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ کۆمەڵگا.

بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ئاڕاستەکردنی نووسراوێکی لەم شێوەیە لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە کە بریتیە لە «کەمکردنەوەی سەرپێچیەکان لە فەرمانگاکاندا» و سەرخستنی پرۆژەکە پێویستە ڕێوشوێنی گونجاو بگرێتە بەر بۆ پاراستن و بەرگریکردن لەو فەرمانبەرانەی کە وشەی « نا»، «نەخێر» و «ناکرێت» بە گوێی بەرپرسەکانیاندا ئەدەن کاتێك دەیانەوێت، بزانن یان نا، سەرپێچی یاسا و ڕێنماییەکان دەکەن .

لە کۆتایدا دەڵێین ئەزموونی تاکە کەسیمان لەم بوارەدا سەرکەوتوو بووەو هیچ کاتێك بەرپرسەکانی سەرووی خۆمان، دوای ئاگادارکردنەوەیان لە جۆری سەرپێچیەکان و نەگونجانی فەرمانەکانیان لەگەڵ یاسا و ڕێنماییەکان، جەختیان لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانیان نەکردوە، کە ئەمەیش جێگای سوپاس و دڵخۆشیە .

بە هیوای کەمتر گوێمان لە ڕستەی «گەر بیانەوێ حوشتر بە کونی دەرزیدا دەکەن» بێت .

# (١٦)ی نیسان ساڵڕۆژی ژینگەی کوردستان

بەپێی یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان، حکومەت و کۆمپانیاکان و ڕێکخراوەکان و هاووڵاتییان رۆڵێکی یەکجار گەورەو سەرەکییان هەیە لە پاراستن و چاککردنی ژینگەدا، جا لە بواری ژینگە رۆشنبیریی و هۆشیاری ژینگەییدا بێت، یان لەبواری پاراستنی زیندەجۆرەکان و گیانەوەرو دارودرەختە دەگمەنەکاندا بێت، یان خاوێن ڕاگرتنی ژینگەدا بێت بەشێوەیەکی گشتیی.

خول و سیمینارە یەك لەدوای یەکەکان و، بەرنامە ژینگەییەکانی رادیۆو تەلەفزیۆنەکان و، دەرچوواندنی گۆڤارو بڵاوکراوە ژینگەییەکان و، دروستکردنی سایت و پەیجە ئەلکترۆنییەکان و زۆرێکی دی، هەموو ئەمانە بەشێکن لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی پاراستن و چاککردنی ژینگەی کوردستان.

هەموو ئەمانەش لەروانگەی هەستکردنە بەلێپرساوێتی نیشتمانیی و نەتەوەییەوە، بەتایبەت لەدوای دەرکەوتنی شوێنەوارە نیگەتیڤەکانی پێشکەوتنی مرۆڤ لەبواری پیشەسازیی و بیناسازیی و داهێنانی چەندین مەکینەو دروستکردنی زۆرێك لەکارگەو زیادبوونی لە رادەبەدەری هۆکارەکانی گواستنەوە، زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، بەکارهێنانی بێ سنووری پێکهاتەکانی ژینگە، گوێ نەدان بەچارەنووسی نەوەکانی ئایندە، زیادبوونی زۆری ڕووبەری خانووبەرە، کەم بوونەوەی ڕووبەری سەوزایی، کشانی ئاسۆیی شارەکان، زیادبوونی دەنگ و ژاوەژاوی کارگەو هۆکارەکانی گواستنەوە، تێکئاڵانی دیمەنە ناهۆرمۆنییەکان و تێکدانی هەستی بینین، کەمی هۆشیاری ژینگەیی و بایەخ نەدان بەشوێنەوارەکانی پڕۆژە ئەنجامدراوەکان و... تاد، هەموو ئەمانە پاڵی بەزۆرێك لەتوێژەرو کاربەدەست و هاوڕێیانی ژینگەوە ناوە کەهەڵوێستەیەك بکەن لەئاست ئەم کێشە زۆرانەدا، بۆیە دەنگی نارەزایی و هاواری ترسناکیی و ئاگادارکردنەوە لەزۆر لاوە بڵندبۆتەوە، بۆ بەرجەستەکردنی ئەم خەمخواردنەش تادێت دەستەو کۆمەڵەو گرووپ و لیژنەو وەزارەتی تایبەت بەژینگە لەوڵاتان دێنە ئاراوە، بەجۆرێك کەڕۆژ نییە لەدەزگاکانی راگەیاندن یان گۆڤارو بڵاوکراوە تایبەتەکانەوە باس لە پیسبوونی ژینگەو مەترسییەکانی پیسبوون نەکرێت.

وڵاتی ئێمەو هەرێمی ئێمەش لەسایەی دەستکردن بەگەشەو پەرەپێدانی فراوان واچاوەڕوان دەکرێت لەماوەی ساڵانی داهاتوودا بەشێوەیەکی بەرچاو گرفتەکانی پیسبوونی تێدا دەربکەوێت، پاش گۆڕانی بەرەو ژینگەیەکی پیشەسازیی و پڕبوونی شارەکانی بە دانیشتووان و شەقامەکانیش بەهۆکارەکانی گواستنەوە، زیادەڕەویی لەبەکارهێنانی سامانی سروشتیی، بەکاربردنی بێ پلانی زانستیی و ئاستێکی بەرزی هۆشیاری ژینگەیی و ژینگەی رۆشنبیرییدا.

بۆیە ئەرکی پاراستنی ژینگەو چاککردنی، ئەرکێکی نیشتمانی و مرۆییە، لەهەمانکاتیشدا ئەرکێکی ناوخۆیی و جیهانییە، هەروەك ئەرکی تاك و کۆمەڵگەش لەهەمان کاتدا.

پسپۆڕان و کاربەدەستانی بواری ژینگە ئەمڕۆ لەجاران زیاتر ئەرکی هۆشیارکردنەوەو ئامادەکردنی باس و لێکۆڵینەوەو ئەنجامدانی ئەو میکانیزمەیان دەکەوێتە ئەستۆ، کەدەتوانرێت بەهۆیانەوە شوێنەوارەکانی ماددە پیسکارەکانی ژینگە نەهێڵن یان کەم بکرێنەوە.

پیسبوونی ژینگە ئەمڕۆ بۆتە یەکێك لەو هۆکارانەی کەئاسایشی گشت جیهانی خستۆتە بەر هەڕەشەو مەترسییەوە، چونکە پیسبوونی ژینگە سنوورە سیاسی و ئیدارییە دەستکردەکان ناناسێت و پیسبوونی پێکهێنەرەکانی لەهەر شوێنێکی دنیادا، کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر شوێنەکانی تریش لەجیهاندا.

ئێمەش کەبەشێکین لەم دنیایەو لەسەر یەك خاك دەژین و یەك چارەنووس لەگەڵ تەواوی جیهاندا کۆمان دەکاتەوە، ئەرکی سەرشانی هەر یەکەمانە بەپێی تواناو لەسنووری زانیارییەکانی خۆی و پێگەی بەرپرسیارێتی خۆیدا، هەنگاوێك بنێت لەڕێگەی دوورو درێژی پاراستن و چاککردنی ژینگەدا.


عەبدولڕەحمان سدیق

شارەزایان و پسپۆڕان و بەرپرسان و دۆستانی ژینگە، رۆژ لە دوای رۆژ لەو راستییە نزیکتر دەبنەوە کەدەڵێت: ئەوەی بۆ ژینگە دەوترێت زۆر زۆر زیاترە لەوەی بۆ ژینگە دەکرێت.

ئەمەش بەواتای ئەوەی ساڵانێکی زۆرە ژینگە وەك چەمك و وەك زاراوەو وەك زانست زۆر ئاماژەی پێدەکرێت لەبواری تیۆریی و چەمکە تیۆرییەکانداو، وەك وەسفێکی تیۆریش بۆ کێشەو گرفتە ژینگەییەکان زیاتر لەوەی لەبواری پراکتیکیدا هەنگاوی باش بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگە بنرێت.

ژینگە لەوڵاتانی پێشکەوتوودا، لەبەر رۆشنایی دەستوورو یاسای پاراستنی ژینگەو، بەرپرسانی دڵسۆزی ژینگەدا خێراتر لە وڵاتانی جیهانی ئێمەو رۆژهەڵات هەنگاوی پراکتیکی هاویشتووە.

ژینگە لەوێ لە رۆشنبیرییەوە بۆتە میکانیزم و رێ و رەسمی گونجاو بۆ چارەسەرکردن و، لەوانەو کۆڕو سیمیناری تیۆرییەوە بۆتە کارو داهێنانی ئامێری تایبەت بەپاراستنی ژینگەوە، لەوەسفی گرفتەکانەوە چۆتە قۆناغی شیکردنەوەی داتا کۆکراوەکانەوەو کار لەسەر کردنیان، لەباری رێنمایی و زانیاری گشتیەوە چۆتە باری پسپۆریی و کردارییەوە، هەروەها لە تێڕوانینی تەنیای ژینگەوە چۆتە تێڕوانینی هەمەلایەنە لەژینگەو گشت بوارەکانی پەرەپێدان.

شارەزایان و پسپۆڕان و بەرپرسان و دۆستانی ژینگە، رۆژ لە دوای رۆژ لەو راستییە نزیکتر دەبنەوە کەدەڵێت: ئەوەی بۆ ژینگە دەوترێت زۆر زۆر زیاترە لەوەی بۆ ژینگە دەکرێت

رەوتی تازەی ژینگەپارێزیی، پاش ڕوودانی زۆرێك لەکارەساتە جیهانیەکان، ئێستا بەئاراستەی کاراکردنی سوود وەرگرتنە لەئەزموونە سەرکەوتووە پراکتیکیەکان و، دارشتنی ئەو یاساو رێسایانەیە کەدەچنە بواری جێبەجێکردنەوەو لەسەر زەمینەی واقیعدا دەتوانرێت ببنە هۆکارێك بۆ پاراستنی ژینگە، ئەمە جگە لەو داهێنانە تازانەی بواری تەکنەلۆژیای ژینگە کە تیایدا هزری ژینگەیی لەداهێنانی ئامێرو تەکنەلۆژیای کرداریدا بەرجەستە دەکرێت.

لەبواری هۆشیاریشدا ئەم هەنگاوانە دەنرێت کە کردارین و دوورن لەوەعزو رێنمایی رووت و تیۆریی، هەروەها لەبواری راگەیاندن و میدیاشدا پسپۆڕانی ژینگە بەو ئاراستەیە کاردەکەن کەهیچ هەواڵ و چالاکییەکی تیۆری بڵاونەکەنەوە کەتەنیا قسەو بەڵێن بێت، بەڵکو دەبێت چالاکی کرداری بن و جێبەجێکرابن، نەك بەڵێنی جێبەجێکردنی بدرێت و پاشان نەکرێت.



# عێراق لەدووڕیانی پابەندبوون بەدەستوور و ملنانی زیاتر بەرەو تاکڕەوی

حکومەتی ئێستای خواستی ئەوەی هەیە کە حکومەتی فیدرالی عێراق بگۆڕێت بۆ حکومەتی سەنترالی و دەسەڵاتی دیموکراتی بگۆڕێت بۆ تاکڕەوی دیموکراتی، بەڵام لەم نێوەندە ڕاستیەك هەیە ئەویش ئەوەیە نە جارێکی دیکە پێکهاتەکانی عێراق لەچوارچێوەی حکومەتێکی سەنترالی دەتوانن پێکەوە کۆبکرێنەوە، نە هیچ دەسەڵاتێکش دەتوانێت ببێتەوە ئەو دیکتاتۆرەی لەزەبری هێز لەهۆڕەکانی باشوورەوە تا زاخۆ هەمووی سەرکوت و پاکتاو ڕەشەکوژ بکات، بۆیە یاریکردن بەم سیاسەتە نەك هەر چارەنووسی مەرکەزیەت و دیکتاتۆرەکەی بەرەو هەڵدێر دەبات، لەهەمان کاتدا عێراقیش وەك دەوڵەت لەسەر نەخشەی سیاسی دەسڕێتەوە و بەدەردی یوگسلافیای پێشووی دەبات، شێخ جەلالەدین سەغیر ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لەعێراق لەگەڵ ئەوەی سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق گەشبین نییە، بەڵام ڕاشکاوانە جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە هەندێك کەس ئەو ڕاستیەیان لەبیر خۆیان بردۆتەوە کە بێ هاوپەیمانی کورد و شیعە عێراق بەڕێوە ناچێت، لەم چوارچێوەیەدا و لەلێدوانیکی تایبەتدا بۆ گوڵان، شیخ جەلالەدین سەغیر بەمجۆرە ڕای خۆی لەسەر بارودۆخی ئێستا دەربڕی و وتی: (بارودۆخی سیاسیی عێراق گەیشتۆتە ئاستیك دۆست و دوژمن پێی ناخۆشە، ئێستا عێراق لەقەیرانێکی زۆر ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت و، هاوکات مایەی داخە لەبەرئەوەی پێموایە هەندێك هەن کە ڕاستییەك لەڕاستییەکانی پرۆسە سیاسییەکەیان لەبیر خۆیان بردووەتەوە کە بەبێ ئەم ڕاستییە پرۆسە سیاسییەکە بەردەوام نابێت و کۆتایی دێت، هەڵبەتە ئەو ڕاستییەیش بریتییە لە هاوپەیمانێتییەکەی نێوان کورد و شیعە، ئەوجا لەبەر ئەوەی بەڕێوەبردنی قەیرانەکە سەرکەتوو نەبووە، بۆیە خەریکە بۆشاییەکان زیاتر دەبن، هەربۆیە پێویستە ڕێچکەیەکی نوێ بگیرێتەبەر لەسەر بنەمای گەڕانەوە بۆ ئەو خاڵە جێگیرانەی کە لەسەرەتادا دەستمان بەپرۆسەکە کرد، هەروەها بێگومان ئاستێکی بەرز لەسازش پێویستە، بەڵام نەك لەسەر بنەمای خاڵە جێگیرەکان، بەڵکو لەسەر بنەمای چاوپۆشین لەهەندێك لەبەرژەوەندیی وردەکاری لەپێناو وەدەستهێنانی بەرژەوەندیی گەورەتر، بەڵام ئەگەر بێت و بارودۆخەکە هەر وەك ئێستای بەردەوام بێت، ئەوە بەداخەوە هیچ نیشانەیەك نابینم بۆئەوەی گەشبین بم بەئاییندەی عێراق. لێرەدا کێشەیەك هەیە کە زۆر گەورەترە لەو بەڵێن و پەیمانانەی کە لەمیدیاکاندا بڵاودەکرێتەوە یاخود ئەو ئومێدە ساوێلکانەی کە لەمێشکی زۆر کەسدا هەیە، کێشەکە زۆر قووڵترە و گەیشتۆتە هەندێك لایەن کە پێموایە هەندێك جار لەوانەیە هێڵە سوورەکانیش ببەزێنێت، هەربۆیە هەڵوەستە و پێداچوونەوە پێویستە لەبەرئەوەی هەمووان زەرەرمەند دەبین و کەس نییە لەئەنجامی هەڵکشانی دابڕان و تەشەنەبوونی قەیرانەکەدا سوودمەند بێت)).

شێخ جەلالەدین سەغیر بەشێوەیەکی زۆر لۆژیکانە دەستی خستە سەر کێشەکە و جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە بەبێ هاوپەیمانی کورد و شیعە عێراق بەڕێوە ناچێت، بۆیە ئەگەر حکومەتی ئێستای عێراق و شەخسی نوری مالیکی سەرۆك وەزیران نەگەڕێتەوە بۆ ئەم

**ئەوانەی کە ئێستاش خۆیان بەهاوبەش دەزانن لە حکومەتی عێراق هاوبەشێکی ڕاستەقینە نین لە بڕیاردان**

**لەمەودوا دەبێت لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ سەقفی زەمەنیمان بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکان هەبێت**

**ئەو داواکارییەی جەنابی سەرۆك بۆ سەرۆکی کوتلەکان تاوەکو لەکاتی گەڕانەوەی لە هەولێر کۆببنەوە بۆ ئەوەیە تا بزانێت تا چەند سەرۆکی کوتلەکان هاوڕان بۆ چارەسەری کێشەکان**

ستراتیژە و بەتەنگ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداو تەواوی کێشەکانی ناو پرۆسە سیاسیەکە نەچێت، ئەوا بارودۆخی عێراق لای هیچ کەس گەشبین نییە، سەبارەت بەو کێشەو ئاستەنگانەی ئێستا لەنێوان هەرێم و حکومەتەکەی مالیکی دروست بووە، ئەشواق جاف پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی لەلێدوانێکی تایبەتدا بەگوڵانی ڕاگەیاند: (قۆناغی ئێستا قۆناغێکی زۆر مەترسیدارەو گەر بارودۆخەکەش بەم ئاراستەیە بڕوات بۆ هەموو عێراق زیانی دەبێت و کەس سوودی لێ نابینێت، پێشتر هەندێك لایەن پێیانوابوو گەر بێتوو ئەوان بەوجۆرە ڕەفتار بکەن و هەوڵی ئەوە بدەن دەسەڵاتێکی ڕەهایان بەسەر هەموو دەسەڵاتەکان هەبێت و کۆنترۆڵی بکەن، دەتوانن لایەنی کوردستانی ملکەچی خۆیان بکەن، بەڵام نەك تەنیا لایەنی کوردستانی، بەڵکو پێکهاتەکانی دیکەی عێراقیش قبووڵ ناکەن عێراق بگەڕێتەوە بۆ تاکڕەوی و دیکتاتۆری، بۆیە تەنیا ئومێدێك کە لەم قۆناخە بەدی دەکرێت ئەوەیە جەنابی سەرۆك بارزانی دوای گەڕانەوەی لەم سەردانەی بانگێشتی هەموو لایەنەکان بکات، ئەگەر توانیان سوود لەمە وەربگرن و کێشەکان چارەسەر بکەن، ئەوا عێراق بەرەو ڕێگەی ڕاست هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام ئەگەر سوودیان لێوەرنەگرت، ئەوکاتە قۆناغێکی نوێ دێت و دەکەونە بەردەم دووڕیانێکەوە کە زۆر ڕێگا چارە هەیە کە لەوانەیە ئەم دەسەڵاتەی کە ئێستا بەدەست دەوڵەتی یاساوەیە بەدەستی نەمێنێت، چونکە هەندێك لایەنیش هەیە لەناو هاوپەیمانی نیشتمانی ئەمەیان پێ قبووڵ نییە، هەربۆیە زیانەکە لەسەر ئەو لایەنەیە کە بەڕاستی بڕوایان بەهاوبەشی ڕاستەقینە نییە. بۆیە من وای دەبینم ئەو داواکارییەی جەنابی سەرۆك بۆ سەرۆکی کوتلەکان تاوەکو لەکاتی گەڕانەوەی لەهەولێر کۆببنەوە من پێموایە بۆ ئەوەیە تا بزانێت تا چەند سەرۆکی کوتلەکان هاوڕان بۆ چارەسەری کێشەکان، چونکە وا کەوتۆتەوە بەوەی هەندێك لایەن نییەتی چارەسەرکردنی کێشەکانیان نییە، بەڵکو زیاتر مەبەستیان بووە دۆسیێ هەڵپەسێردراوەکان ساڵ لەدوای ساڵ دوابخەن، گەر هەڵوێستێکی یەکگرتووی خێراش نەبێت ئەو دۆسیێیانە بۆ خولی پەرلەمانی داهاتووش دوادەخرێت، دوای ٢ ساڵ لەکاری پەرلەمان و حکومەت کەچی تا ئێستا کابینەی حکومەت تەواو نەکراوەو زۆربەی پۆستەکان بەدەست یەك کەسەوەیە، تەنانەت ئەوانەی کە ئێستاش خۆیان بەهاوبەش دەزانن لەو حکومەتە هاوبەشێکی ڕاستەقینە نین لەبریاردان، بۆیە داواکارییەکەی جەنابی سەرۆك هەنگاوێکی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی کە بزانین ئایا سەرۆکی کوتلەکان لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەکاندان بۆ ئەوەی بزانین بچینە کۆنگرەی نیشتمانی یا لەگەڵ ئەوە نین، لەم ڕوانگەیەوە دەڵێم ئەو کۆبوونەوەیە زۆر گرنگە و ئەگەر سەرکەتوو نەبوو ئەوکاتە چەندین ڕێگە چارەی دیکە هەیە وەك جەنابی سەرۆك وتی دەکرێت ئەوکات ڕابگەیەنرێت)).

لەگەڵ ئەوەی بارودۆخەکە ڕەشبینی باڵی بەسەردا کێشاوە، بەڵام تروسکەی هیوایەك

**هەتا کۆنفرانسی نیشتمانی جێبەجێ نەکرێت کە لەسەر بانگێشتی سەرۆك بارزانی و بەڕێز مام جەلال کراوە، ئەم سیناریۆ ڕەش و تاریکانە بەردەوامیان دەبێت**

ماوە بۆ ئەوەی لایەنی دەوڵەتی یاسا بەخۆیدا بچێتەوە و هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەچوارچێوەی دەستوور هەڵبگرێت، سەبارەت بەهەڵوێستی دەوڵەتی یاسا لەسەر ئەم پرسە پێوەندیمان کرد بە عەلی شەلا پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی یاسا و لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە سەبارەت بەهەڵوێستی لیستەکەی هاتە ئاخاوتن: (جگە لە پێکەوەدانیشتن و دیالۆگ هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکە لەبەردەمیان نییە، لەبەرئەوەی هیچ دەرفەتێکی دیکەمان نییە و ڕەوشی پرۆسە سیاسییەکە تەحەمولی هەڵکشانی زیاتر ناکات، هەربۆیە من لەگەڵ ئەم شتەم و پێموایە کە پێویستە خێرا ئەنجامبدرێت، هاوکات لەوانەیە دەستپێشخەرییەکەی فەخامەتی سەرۆك کۆمار ببێتە مایەی پێکەوە دانیشتنی هەموو لایەنەکان لەسەر مێزی دانوستان بەکۆمەڵ، ئەمەش لانی کەم بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە لایەنێك بەتەنیا ناتوانێت وەڵامیان بداتەوە، بۆنموونە لەبارەی یاسا گرنگەکان و کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرکراوەکان، هەموو ئەم لایەن و مەسەلانە پێویستیان بەوە هەیە کە هەموو لایەنەکان پێکەوە دانیشن لەژێر چاودێریی فەخامەتی سەرۆك کۆمار و بەپشتیوانی خودا ئەو کۆبوونەوەیە بەمزوانەدا سازدەکرێت. هەروەها پێموایە کەناڵەکانی پێوەندیی شەخسی لەنێوان سەرۆك مالیکی و سەرۆك بەرزانی کراوەیە و بەهێزە و پێویست بەوە ناکات میدیاکان بکرێن بەئامراز بۆ دیالۆگ، بەڵکو پێویستە دیالۆگ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت و بە ڕای من ئەمە شتێکی مەحاڵ نییە بەتایبەتی کە ئەمڕۆ بەڕێز سەرۆك کۆمار لەهەرێمە و پێموایە سەرۆك کۆماریش هەوڵ و کۆششی هەیە بۆ لێك نزیککردنەوەی بۆچوونەکان و هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و ڕێگەگرتن لەهەڵکشانی میدیایی. ئەمەش لەپێناوی ئەوەی بگەینە دیالۆگی ڕاستەخۆ لەچوارچێوەی دەستوور، خۆشتان دەزانن پێوەندییەکانی نێوان هاوپەیمانی نیشتمانی و هاوپەیمانی کوردستانی پێوەندییەکی ستراتیژییە و هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە نییە بۆ ئەم پێوەندییە و هاوپەیمانی نیشتمانی هیچ نییەتێکی نییە هاوبەشێکی دیکە جگە لەهاوپەیمانی کوردستانی هەڵبژێرێت و بەپێچەوانەیشەوە دروستە، ئەم هاوپەیمانێتییە هاوپەیمانێتییەکی مێژووییە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەکانی مەینەتی، هەربۆیە شەخسی خۆم پێموایە کە لەکۆتاییدا ڕاستەوخۆ پێکەوە دادەنیشن و کاردەکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئیشکالیاتانە)).

سەبارەت بەو قسانەی عەلی شەلا و هەنگاوەکان بۆ ئایندە و هەوڵەکان بۆ ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی و چارەسەرکردنی کێشەکان، پەرلەمانتاری کوردستانی بەکر حەمە سدیق پێیوایە کێشەکە نەبوونی هاوبەشی ڕاستەقینەیە، بۆیە پێویستە ئاراستەی چارەسەرەکان بەرەو هاوبەشی ڕاستەقینە هەنگاو هەڵبگرێت، لەم بارەو و لەلێدوانیکی تایبەتی بۆ گوڵان بەکر حەمە سدیق وتی: (پێموایە ڕەوشی سروشتی و ئاسایی ئەم حکومەتە پێویستە بەرەو ئەو ئاراستەیە بڕوات کە شەراکەتێکی ڕاستەقینە دروست بێتەوە، ئێمە ڕێککەوتننامەی هەولێرمان هەیە کە کۆمەڵێك خاڵی لەخۆگرتووە کە

**هەموو عێراقییەکان کۆکن لەسەر ئەو بۆچوونە کە پێویستە لەعێراق شەراکەتێکی نیشتمانیی ڕاستەقینە بێتەکایەوە کە هەموو لایەنەکان لەخۆبگرێت و هیچ لایەنێك یان پارتێك یان کەسێك دەسەڵات قۆرخ نەکات**



شێخ جەلالەدین سەغیر بۆ گوڵان:

## بەبێ هاوپەیمانی کورد و شیعە عێراق بەڕێوە ناچێت

لەسەر ئەو بنەماو خاڵانە دەوڵەتی عێراقی دروستبووە، پێموایە ئەگەر بکرێت پابەندییەك بەنییەتێکی باشەوە بەرێکەوتننامەی هەولێرەوە بکرێت و ئەو کێشانە بەشی هەرە زۆری بەرەو چارەسەر کردن دەچێت، بەپێچەوانەوە بانگەشە بۆ گۆڕینی مالیکی و حکومەتەکەی ئێستاو دووبارە دارشتنەوەی حکومەت بەشێوەیەکی وا کە لەگەڵ قۆناغی نوێ دا بگونجێت باشترین ڕێگایە، بۆ نموونە پێکهاتەیەکی نوێ دروست بێت کوردو لیستی ئەلعێراقیەو لەگەڵ ڕەوتی سەدر و کۆمەڵێك کوتلەی تر هەنگاوێکی باشە، پێموایە ئەگەر مالیکی هەر ئامادەیی تێدا نەبێت ئەو ئاشتبوونەوەیە بکات و هیچ هەنگاوێك نەیەتە پێشەوە لەو دەمارگیرییەی کە ئێستا هەیەتی و لەقۆناخی دیالۆگ و گفتوگۆی ڕاستەقینە نەیەتە پێشەوە، ئەو کات چارەسەری ڕاستەقینە ئەوەیە دەبێت بەدوای بەدیلێکی ڕاستەقینە بگەڕێین بۆ ئەوەی لەکورسی دەسەڵاتی حوکم شەراکەیەکی ڕاستەقینە لەنێوان هەموو لیستەکاندا ڕووبدات، ناکرێت پرۆسەی سیاسی ئێستای عێراق بەمشێوەیە بچێت بەڕێوەو تۆ لەدەرەوەی بڕیار بیت و هەموو کێشەو شتەکان بەسەردا بسەپێت و تێپەڕێت و نەتوانیت هیچ بڕیارێك بدەیت. هەر بۆیە پێویستە دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەهەند وەربگیرێت و بەتایبەتی ڕێکەوتننامەی هەولێر کە کۆمەڵێك خاڵی تێدایە بۆ ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و شەراکەتی ڕاستەقینەیە. لەمەش گرنگتر سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش نوێنەرایەتی هەموومان دەکات و قەوارە سیاسیەکانیش پێویستە وەڵامدانەوەی ڕاستەقینەیان بۆ ئەو بانگەشەیە هەبێت، هاوکات ئێمە لەبەردەم ئەگەرێکی چارەنووسسازداین پێویستە یەك دەنگ بین لەمەسەلەکان بەتایبەتی دەنگی کورد لەبەغدا کە لەدەزگا تەشریعی و قەزائی و جێبەجێکارەکان و دامودەزگاکانی



وەلید عەبود بۆ گوڵان:

## ناکرێ عێراقی نوێ حوکمڕانی بکرێت لەلایەن یەک لایەن یان یەک حزب

حکومەتدا بوونێکی گرنگ و کاریگەری هەیە، هەربۆیە پرس و ڕا وەرگرتن زۆر گرنگە، تەنیا ئەمەش بەس نییە، بەڵکو پێویستە بەفعلی قسە لەیەکتر وەربگرین. خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە ئێمە لەمەودوا دەبێت لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ سەقفی زەمەنیمان بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکان هەبێت، نەك کێشەو گرفتەکان قووڵ بێتەوەو ئەو کات ئاڵۆز بێت هەروەکو ئێستا کە ڕوودەدات. هەروەها دەبێت لەم قۆناخەدا کورد ئەو ڕاستیە بەمالیکی بگەیەنێت چۆن پێشتر توانی سەرۆك وەزیران بگۆڕێت، بەهەمانشێوە دەتوانێت ئەویش بهێنێتە خوارەوە، هاوکات پێویستە کورد ئەلتەرناتیڤی ڕاستەقینەی سیاسی بۆ ڕەوشی تازەی عێراق هەبێت، ئێمە دەبێت ئەوە بزانین کە زۆرینەیەکی شیعە لەعێراقدا هەیەو دەبێت بەهەند وەربگیرێت، هاوکات هێزە سیاسیەکانی تریش هەیە و کوردیش ئامادەیی خۆی هەیە و کورد تەنیا نەتەوە نییە، بەڵکو جوگرافیایەکی سیاسی هەیە، بۆیە پێویستە کورد ئەو ڕاستیە گەورەیە بدات بەمالیکی و ئەویش زۆر باش تێبگات کە کورد دەتوانێت زیاد لەبەدیلێك پێشکەش بکات بۆ مالیکی بەدیلێکی نەك تەنیا فەردێك، بەڵکو بەدیلێکی ڕاستەقینەی سیاسی کە شەراکەیەکی ڕاستەقینەی سیاسی لەو بەدیلەدا ڕەنگ بداتەوە لەهەموو کوتلە سیاسیەکانی عێراق و کوردیش پشکی شێر و ڕاستەقینەی خۆی هەبێت و شەراکەیەکی ڕاستەقینەی هەبێت، ئەو پەیامە نەگات بەمالیکی بەبڕوای من مالیکی لەسەر ڕەوتی خۆی بەردەوام دەبێت)).

### بەبێ هاوبەشی ڕاستەقینە کێشەکان چارەسەر ناکرێن

هەموو بۆچوونەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە بەبێ بڕوابوون بەهاوبەشی ڕاستەقینە ناتوانرێت کێشەکان چارەسەر بکرێن، ئەمەش



عەلی شەلا بۆ گوڵان:

## هاوپەیمانی نیشتمانی هیچ نییەتێکی نییە هاوبەشێکی دیکە جگە لەهاوپەیمانی کوردستانی هەڵبژێرێت

ئەو خاڵەیە کە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەهەرێمی کوردستان و ئەورووپا و ئەمریکا ڕایگەیاند، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپەرلەمانتاری هاوپەیمانی نیشتمانی وەلید عەبود کرد، ئەویش بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (دانیشتن لەسەر مێزی دیالۆگ و گفتوگۆ و دانوستانی دروست و ڕاشکاوانە لەگەڵ نییەتی باش بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکان شتێکی زۆر گرنگە و پێویستە هەموو لایەنەکان بەقەناعەتەوە لەسەری ڕێککەون، سەبارەت بە بارودۆخی ئێستاش، ئەو بارودۆخەی ئێستا لەعێراق دەیبینین هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ پاشەکشە لەدۆسیەکانی سیاسی و ئەمنی و خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ قۆڕخکردنی دەسەڵات، ئەمڕۆ گومان و نیگەرانی لەنێو هەموو قەوارە سیاسییەکاندا هەیە بەلیستی دەوڵەتی یاسا-شەوە، لەبەرئەوەی تێڕوانینێکی ڕوون و دیار لەنێو لایەنەکاندا نابینرێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و هەروەها هیچ جددییەتێك لەئارادا نییە بۆ بەکۆتاهێنانی ناکۆکییەکانی نێوان قەوارە سیاسییەکان، بەڵام ئەم بارودۆخە تەنانەت بۆ ئەو کەسانەش زیانی هەیە کە دەیانەوێ دەسەڵات قۆڕخبکەن لەبەرئەوەی ئەمڕۆ ناکرێ عێراقی نوێ حوکمڕانی بکرێت لەلایەن یەك لایەن یان یەك حزب، بۆیە تەنانەت گەر چەندیش بەهێز بێت و چەند دەسەڵاتی لەدەستدا هەبێت و تاچەندیش پشت و لایەنگری هەبێت، ئەوە هەر ڕۆژێك دێت کە بڕوات و پۆستەکەی بەجێبهێڵێت لەبەرئەوەی هەموو عێراقییەکان کۆکن لەسەر ئەو بۆچوونە کە پێویستە لەعێراق شەراکەتێکی نیشتمانیی ڕاستەقینە بێتەکایەوە کە هەموو لایەنەکان لەخۆبگرێت و هیچ لایەنێك یان پارتێك یان کەسێك دەسەڵات قۆڕخ نەکات،



بەکر حەمە سدیق بۆ گوڵان:

**ئەگەر پابەندییەک بەرێکەوتننامەی هەولێرەوە بکرێت بەشی هەرە زۆری کێشەکان بەرەو چارەسەر کردن دەچن**



ئەشواق جاف بۆ گوڵان:

**تەنیا ئومێدێک کە لەم قۆناخە بەدی دەکرێت جەنابی سەرۆک بارزانی دوای گەڕانەوەی لەم سەردانەی بانگێشتی هەموو لایەنەکان بکات**



مەحما خەلیل قاسم بۆ گوڵان:

**ئاڵۆزبوونی دۆخە سیاسیەکەو ئەو کێشەیەی کەوتۆتە نێوان لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی و لیستی ئەلعێراقیە بێ کۆنفرانسێکی باڵای نیشتمانی کە سەرۆک بارزانی داوای بەستنی کردووە چارەسەر ناکرێت**

بەڵکو لەسەر بنەمای شەراکەتی ڕاستەقینە بێت لەگەڵ لێکتێگەیشتنی هاوبەش لەنێو هەموو قەوارە سیاسییەکان و هەروەها لەنێو هەموو تایفە و لایەنەکانی گەلی عێراقی، ئەمە ئەمڕۆ قەناعەتی هەموو هاووڵاتیانی عێراقە، بەڵام هەندێك هەن کە دەیانەوێ گوێی خۆیان داخەن بۆئەوەی ئەم ڕاستییە نەبیستن، بەڵام پێیان خۆش بێت یان نا، ئەوە هەر دەبێت ڕۆژێك بێت و ڕووبەڕووی ئەو واقیعە ببنەوە و ئەو دەنگە ببیستن، ئێمە ئەمڕۆ لەکێبڕکێین لەگەڵ زەمەن و ئەگەر دەستپێشخەر نەبین ئەوە خولانەوەی زەمەن دەمانشێلێت و جێماندەهێڵێت، ئەمڕۆیش شتەکان بەلای هاووڵاتیانی عێراقییەوە ڕوون و ئاشکرایە و لەمەسەلەکان تێدەگەن و چیتر هیچ لە قسەیەك یان هیچ لە بەڵێنەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەسەریان تێناپەڕێت، هەربۆیە بەڕای من پێویستە لەسەر هەمووان هەوڵدەن بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێچکەکە لەبەرئەوەی هاووڵاتیی عێراقی کە ئەمڕۆ ئێمەی گەیاندووە بۆ پۆستەکانمان بەداخەوە تەنیا ئەو یەکەم و دوایین قوربانییە)).

پەرلەمانتار مەحما خەلیل قاسم پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی سەبارەت بەم بارودۆخە پێیوایە دەبێت هەموو بەدەنگ بانگەوازەکەی سەرۆك بارزانییەوە بچن دوای گەڕانەوەی لەسەردانەکەی، لەبەر ئەوەی بێجگە لەو ڕێگەیە شتێکی دیکە نییە بتوانێت کێشەکانی عێراق چارەسەر بکات، دوای ئەمە کورد ناچار دەبێت پەنا بۆ ڕێگە چارەی دیکە بەرێت، لەمبارەوە لەلێدوانێکی تایبەتدا بەگوڵانی ڕاگەیاند: (پرۆسەی سیاسی عێراق و ئاڵۆزبوونی دۆخە سیاسیەکەو ئەو کێشەیەی کەوتۆتە نێوان لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی بەتایبەت لایەنی مالیکی و لیستی ئەلعێراقیە تێی کەوتوون ئەو کێشەیە نایەتە چارەسەرکردن بێ کۆنفرانسێکی باڵای نیشتمانی کە سەرۆك بارزانی داوای بەستنی کردووە، چونکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قەیرانەکان بەرفراوانتر و ئاڵۆزتر دەبن و نایەتە چارەسەرکردن، هەربۆیە پێموایە بێ ئەو کۆنفرانسە چاوەڕوانکراوە چارەنووس و ئایندەی عێراق بەرەو ڕەوشێکی نادیار دەچێت، کە ڕەنگە هەڵبژاردنی نوێی پێشوەختە بێتە ئاراوەو هەڵوەشاندنی حکومەت و عێراق ڕوودەدات و چەندین سیناریۆی تری تاڵ چاوەڕێی عێراق دەکات تەنانەت دەستێوەردانی وڵاتانی دەوروبەری عێراقیش ڕوودەدات، بگرە ئەجندەو مەرامی ئەو وڵاتانە لەعێراقدا یەکلابێتەوە یا بڕیارە نێودەوڵەتیەکان بەسەر عێراقدا بسەپێنرێت و بەردەوام بێت، بەردەوامبوونی ئەم دۆخە ئاڵۆز و دژوارە سیناریۆی تاڵی جۆراوجۆر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. هەربۆیە هەتا کۆنفرانسی نیشتمانی نەیەتە جێبەجێکردن کە لەسەر بانگێشتی سەرۆك بارزانی و بەڕێز مام جەلال کراوە ئەم سیناریۆ ڕەش و تاریکانە بەردەوامیان دەبێت)).

### سیاسەتی مالیکی خزمەتگوزارییەکانی پەکخستووە

ئەم بارودۆخەی سەرۆك وەزیرانی عێراق هێناویەتە ئاراوە، ڕەوشی خزمەتگوزارییەکانی پەکخستووە و دەرگای بۆ گەندەڵی واڵا کردووە، سەبارەت بەم لایەنە شێخ جەلالەدین سەغیر لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم لایەنە هەڵوەستەی کردو وتی: (هەڵبەتە ئەوە ئاشکرایە کە خراپی بەڕێوەبردن لەڕووی بەڕێوەبردنی دۆسیەی خزمەتگوزارییەکان و هەروەها لەڕووی دۆسیەی ئابووری لەناو حکومەتی عێراق هەیەو ناکۆکییە سیاسییەکانیش کێشەکەیان ئاڵۆزترکردووە، من ناکۆکییە سیاسییەکان ناکەم بەپاساو لەبەرئەوەی تاکو ئەمڕۆیش شێوازی بەڕێوەبردن بەوشێوەیەیە کە هەر دەڵێی شتەکان بەمەبەست و سەرلێشێواوی لەڕووی چارەسەرکردنی دۆسیەی خزمەتگوزارییەکان هەنگاوی بۆ هەڵدەگیرێت، ئەگەر نا ئیتر چۆن ئەم بارودۆخە شیدەکرێتەوە؟ عێراق نزیکەی ٢٦ ملیار دۆلاری لەسەر کارەبا خەرجکردووە لەکاتێکدا لەماوەی ٨ساڵی ڕابردوودا توانرا تەنیا نزیکەی ١٢٠٠ میگاوات زیاد بکات، لەکاتێکدا نرخی دروستکردنی وێستگەیەك بۆ بەرهەمهێنانی یەك مێگاوات کارەبا لەسەر ئاستی جیهانیدا بریتییە لە ٨٥٠ هەزار دۆلار، ئێوە لەلایەن خۆتانەوە دەتوانن ٢٦ ملیار دۆلارەکە دابەشبکەنە سەر ٨٥٠ هەزار و ئەنجامەکەتان بۆ دەردەچێت، هەربۆیە من پێموایە کە ئەوە هەڵەیە لۆمەکە بخرێتە ئەستۆی ناکۆکییە سیاسییەکان، بەڵکو کراوە بۆ پاساو بەمەبەستی خۆدزینەوە لەبەرپرسیارەتی لەهەموو دامەزراوە جێبەجێکارییەکانی دەوڵەت و هیچ وەزارەتێك ئێستیسنا ناکەم لەمبارەیەوە)).

## ڕۆژنامەگەری وەک چاودێری کارەکانی حکومەت

# گەیاندنی زانیاری ڕاست و هاندانی هاووڵاتیان بۆ بەشداریکردن



((هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ئازاد دەتوانن بەشدار بن لەباشترکردنی بارودۆخی دەوڵەت و کۆمەڵگەکان، بەڵام بۆئەوەی بتوانن ئەو ڕۆڵە بگێڕن، ئەوا لەزۆر حاڵەتدا دەبێت هەستن بەپرۆسەی چاککردنی خۆیان.. هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ئازاد دوو ڕۆڵ دەگێڕن، یەکەمیان چاودێریکار لەسەر حکومەت، دووەمیان ڕۆڵی هۆشیارکردنەوەی خەڵکە سەبارەت بەو مەسەلانەی کاریگەری لەسەر ژیانیان هەیە)).

فریدریک دبلیو شیک

دیموکراتی هەتا دەگاتە ئەو قۆناخەی پێی دەگوترێت دیموکراتی کامڵ (Mature democracy)، بەقۆناخێکدا تێدەپەڕێت پێی دەگوترێت دیموکراتی گەنج (Young democracy)، جیاوازی نێوان ئەم دوو قۆناخە ئەوەیە لەدیموکراتیەتی کامڵدا دامەزراوەکان چەسپیوون و سەروەریی یاسا پێگەی خۆی لەکۆمەڵگە توندکردووە، لەدیموکراتیەتی گەنجدا دامەزراوەکان لەقۆناخی بونیادنان و چەسپاندن دان و سەروەریی یاسا ئەگەر بوونیشی هەبێت هێشتا پێگەی خۆی لەناو کۆمەڵگە توند نەکردووە، هەربۆیە ئەگەر لەدیموکراتیەتی کامڵدا ئەرکی ڕۆژنامەگەری پاراستنی دیموکراتی بێت، ئەوا لەدیموکراتی گەنجدا ئەرکی ڕۆژنامەگەری بونیادی دیموکراتی و چەسپاندنی دامەزراوەکان و توندکردنی پێگەی سەروەریی یاسایە لەناو کۆمەڵگەدا، بۆیە لەم حاڵەتەدا پێویستە ئاستی پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری ڕەنگدانەوەی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئاستی کامڵبوونی دیموکراتی بێت لەو کۆمەڵگەیەدا،

**ئەگەر لەدیموکراتیەتی کامڵدا ئەرکی ڕۆژنامەگەری پاراستنی دیموکراتی بێت، ئەوا لەدیموکراتی گەنجدا ئەرکی ڕۆژنامەگەری بونیادی دیموکراتی و چەسپاندنی دامەزراوەکان و توندکردنی پێگەی سەروەریی یاسایە لەناو کۆمەڵگەدا**

ئەمەش مانای ئەوەیە کۆمەڵگەیەك کە هێشتا قۆناخی ڕاگواستنی تێ نەپەڕاندبێت، ناکرێت کاری ڕۆژنامەگەری بەئاستی کۆمەڵگەیەك بەراورد بکرێت کە هەڵسوڕانی دامەزراوەکان ئاماژەن بۆ کامڵبوونی دیموکراتی، ڕاشکاوانەتر ناکرێت ئەو شێوازەی کاری ڕۆژنامەگەری لەوڵاتانی دیموکراتی ڕۆژئاوایی پێ هەڵدەسوڕێت، هەمان شێواز لەوڵاتانی دوای کۆمۆنیست یان دوای ڕژێمە دیکتاتۆرەکان دووبارە بکرێتەوە، بەپێچەوانەوە دەبێت ڕۆژنامەگەری خۆی ببێتە بەشێك لەپرۆسەی وەرچەرخان و ڕاگواستن و گەشەپێدانی دیموکراتی، هەتا دیموکراتی دەگاتە ئەو قۆناخەی پێی دەگوترێت دیموکراتی کامڵ، سەبارەت بەم لایەنە کارۆڵ جاکۆبیز پسپۆری پەخشی نێودەوڵەتی و ئەندامی لیژنەی میدیای سەربەخۆ لەکۆسۆڤۆ لەدیراسەتێکدا بەناونیشانی: (ڕوانگەی پەرەپێدانی میدیا لەقۆناخی پۆست کۆمونیست) ڕاشکاوانە ئەوەی خستۆتەڕوو میدیا لەقۆناخی ڕاگواستنی دەوڵەتانی پۆست کۆمونیست هەم بەرهەمهێنی ئۆکسجینی دیموکراتیە هەمیش گازی پێکەنینە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری بەمەبەست و قۆرخکردنی بازرگانی، هەربۆیە پسپۆران ئەم حاڵەتەی میدیا لەوڵاتانی پۆست کۆمونیست و تازە پێگەیشتوو دەگێڕنەوە بۆ نەشارەزایی چۆنییەتی پێدانی ئەو یارمەتیانەی دەوڵەتانی ڕۆژئاواو ئاژانسە نێودەوڵەتیەکان وەك پشتگیری بەمیدیای ئازادیان داوە، بەواتایەکی دیکە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و ئاژانسە نێودەوڵەتیەکان بەو مەرجە ئەو



یارمەتیانەیان بەمیدیای ئازاد لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو داوە کە بەهاوشێوەی میدیای وڵاتانی ڕۆژئاوا کاربکەن، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا هەندێك لەپسپۆران ئەم هەوڵانە بەبەرنامەی گەشتەکەی کریستۆ فەر کۆلۆمبوس دەچوێنن، بەوەی ڕاستە کۆلۆمبوس بەرنامەی دارشت کە ڕێڕەوێکی ئاوی نزیك بۆ هیندستان بدۆزێتەوە، بەڵام گەشتەکەی لەشوێنێکی دیکە سەری هەڵدایەوە کە هیچ پێوەندیەکی بەهیندستانەوە نەبووە، بەهەمان شێوەش ڕاستە دەوڵەتانی ڕۆژئاواو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لەچوارچێوەی بەرنامەی پەرەپێدانی دیموکراتی، هاوکاری میدیای وڵاتانی پۆست کۆمونیست و تازە پێگەیشتویان کردووە کە ببنە هۆکارێك بۆ گەشەکردنی دیموکراتی و تێپەڕاندنی قۆناخی ڕاگواستن، بەڵام ئەمیش بەئاراستەیەکی دیکە ڕۆیشتووە، کارۆل جاکۆبیز سەبارەت بەم دیاردەیە دەڵێت: (ئەمە بۆتە هۆکاری ئەوەی خەڵکێکی زۆر لەوڵاتانی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەوروپا بەسەرسامیەوە سەیری ڕۆڵی میدیا بکەن و دیاردەیەك دروست بووە وەك ئەوەی هەرکەسێك تەنیا گوێ بۆ دەنگدانەوەی قسەکانی خۆی بگرێت و کەس گوێ لەکەس نەگرێت)) جاکۆبیز هۆکاری ئەم دیاردەیە دەگێڕێتەوە بۆئەوەی ئەگەر بەراورد لەنێوان دەوڵەتانی پۆست کۆمونیست و دەوڵەتێکی وەك بەریتانیا بکەین، دەبینین دەوڵەتانی پۆست کۆمونیست ماوەی چەند ساڵێکی کەمە چاودێری دەوڵەتیان لەسەر میدیا هەڵگرتووە ئەمە لەکاتێکدا لەبەریتانیا ماوەی ٣٠٠ ساڵە چاودێری لەسەر میدیا نەماوە، ڕاشکاوانەتر لەبەریتانیا لەساڵی ١٦٨٨ەوە چاودێری دەوڵەت هەڵگیراوە و لەوڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا سەدەیەك لەوەدوا هەڵگیراوە، بەڵام لەوڵاتانی دوای کۆمونیست و تازە پێگەیشتوو ئەم پرۆسەیە تازەیە، بۆ چارەسەری ئەم ئیشکالیەتەش

**ناکرێت ئەو شێوازەی کاری ڕۆژنامەگەری لەوڵاتانی دیموکراتی ڕۆژئاوا پێ هەڵدەسوڕێت، هەمان شێواز لەوڵاتانی دوای کۆمونیست یان دوای ڕژێمە دیکتاتۆرەکان دووبارە بکرێتەوە**

سێ خاڵی سەرەکی دیاری کردووە:

١- لەوڵاتانی پۆست کۆمونیست و تازە پێگەیشتوو گۆڕانکاری ڕوویداوە، ئەم گۆڕانکارییە بۆتە خاڵێك کە ناتوانرێت بگەڕێنەوە بۆ دواوە (نقطة اللاعودة)، ئەمەش واتە خاڵی وەرچەرخان لەسیستمە کۆنەکەوە بۆ سیستمی نوێ دەستی پێکردووە و پێویستە ئەم هەنگاوانە بەردەوام بن.

٢- لەدوای ئەم وەرچەرخانە دەبێت لەوە هۆشیار بین کە ڕووبەڕووی پاشماوەی سیستمە کۆنەکە دەبینەوە، ئەمەش تەحدییەکە بۆ سیستمە نوێیەکە.

٣- چەسپاندنی سیستمە نوێیەکەش دیسان تەحددییەکی دیکەیە، بۆیە دەبێت هەموو توخمەکان بەرۆژنامەگەریشەوە هاوپەیمان بن بۆئەوەی سیستمە نوێیەکە بچەسپێت و سەرکەوتوو بێت لەبونیادنانی دیموکراتیدا.

## ڕۆژنامەگەری وەك هاندەرێك بۆ دیالۆگ لەکۆمەڵگە

هەر کۆمەڵگەیەك بەرەو دیموکراتی هەنگاو هەڵبگرێت، دەبێت بڕوای بەدیالۆگی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە هەبێت، لەم چوارچێوەیەدا ڕۆژنامەگەری تەنیا بریتی نابێت لەگواستنەوەی هەواڵ، بەڵکو ڕۆژنامەگەر خۆی دەبێتە دیاردەیەك بۆ چالاکی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە یان ڕاشکاوانەتر چالاکیەکانی ڕاگەیاندن دەبنە هۆکارێك بۆ فۆرمەلەکردنی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە، هەربۆیە کاری ڕۆژنامەگەری بەهەموو بوارەکانییەوە دەبێتە سیمای کۆمەڵگە، بەمانایەکی دیکە یان ئەوەیە ڕۆژنامەگەری دەبێتە پیشاندەری سیمای پێشکەوتنی کۆمەڵگە یان دەبێتە هۆکارێك بۆ پیشاندانی سیمای دواکەتوویی کۆمەڵگە، هەربۆیە کاتێك داوا لەڕۆژنامەگەری دەکرێت ئەم ڕۆڵە گرنگە لەڕەخساندنی زەمینەی دیالۆگی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بگێڕێت، ئەوا دەبێت ڕۆژنامەگەر خۆی بۆ ئەو ئەرکە ئامادەباشی تێدابێت، بۆئەوەی بتوانێت ئەو ڕۆڵە گرنگە بگێڕێت، بەواتایەکی دیکە دەبێت ڕۆژنامەگەری بزانێت دیالۆگی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە واتە کرانەوە لەسەر هەموو ئەو پێکهاتانەی کۆمەڵگەی لێ پێکهاتووە، بۆئەوەی بتوانن بەبیروبۆچوونە جیاوازەکانیانەوە هەموو مەسەلە سەرەکیەکانی کۆمەڵگە بخەنەڕوو و دیالۆگی کراوەی لەسەر بکرێت، هەموو پێکهاتەکانیش لەو دیالۆگە بەشدار بن، بۆیە ئەم دیالۆگە وەك پیادەکردنی شێوازێك لەدیموکراتی، دەبێتە ڕەنگدانەوەی پێکەوە گونجان و پێکەوە کارکردنی هەموو بۆچوونە جیاوازەکان لەسەر مەسەلە سەرەکیەکان و متمانەی هەموو لایەکیش بەدەست دەهێنێت.

بۆیە ئەم ئاراستەیە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات هەر کۆمەڵگەیەك نەتوانێ وتووێژ بەکراوەیی لەسەر کێشە سەرەکیەکانی کۆمەڵگەی خۆی بکات، مانای ئەوەیە ئەو کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی نییە، هەروەها لەو کۆمەڵگەیەدا بوار نەڕەخساوە بۆئەوەی هەموو تاکەکان و پێکهاتەکان بیر لەچارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەی خۆی بکاتەوە، کەواتە ئەم جۆرە دیالۆگە بوارێکی کراوە دەبێت لەسەر ئەو ئاستەنگ و گرفتانەی لەناو کۆمەڵگە بوونی هەیە و پێویستە هەموو لایەك بۆچوونی خۆی لەسەر دەربڕێت، بەبێ ئەوەی هەوڵبدرێت بۆچوونێك فەرز بکرێت ئەوی دیکە بشاردرێتەوە، ئەم هاوسەنگیەی نێوان بیروبۆچوونە جیاوازەکانیش دەبێتە فاکتەرێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام ئەگەر هەوڵدرا بۆچوونێکی تایبەت بەسەر بۆچوونەکانی دیکە فەرز بکرێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا نەك ناتوانین کێشەکان چارەسەر بکەین، بەڵکو کێشەکان ئاڵۆزتر دەکەین، سەبارەت بەم لایەنە د.محەمەد وقیدی بیرمەندی ناسراوی عەرەب سەبارەت بە بیرۆستریکای گۆرباچۆف دەڵێت، کتێبەکەی گۆرباچۆف باسی دیموکراتی

**کاری ڕۆژنامەگەری بەهەموو بوارەکانییەوە دەبێتە سیمای کۆمەڵگە و دەبێتە پیشاندەری سیمای پێشکەوتنی کۆمەڵگە یان دەبێتە هۆکارێك بۆ پیشاندانی سیمای دواکەتوویی کۆمەڵگە**

**ئەو شێوازەی کە لەسەر بنەمای ململانێ کاری ڕۆژنامەگەری لەسەر بەڕێوە دەچێت، هۆیەکانی ڕاگەیاندن ناچار دەکات کە بەو جۆرە هەواڵەکانیان دابڕێژنەوە کە سەرنجی خەڵکی پێ ڕابکێشن**

**میدیا کاتێك کێشەکان دیاری دەکات، خۆی قسەی لەسەر ناکات، بەڵکو خۆی دەبێتە هۆکارێك بۆئەوەی دیالۆگی کۆمەڵگەیی لەسەر دروست بکات و بۆچوونە جیاوازەکان ڕای خۆیانی لەبارەوە بڵێن و ئامانجیش چارەسەری کێشەکە بێت نەك ئاڵۆزکردنی کێشەکە**



ناکات لەسایەی حکومڕانی خۆیدا، بەڵکو باس لەوە دەکات ئەو هۆکارانە چین کە ڕێگربوون لەبونیادی دیموکراتی، یان نەبوونی دیموکراتی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی یەکێتی سۆڤیەتدا))، هەربۆیە کاری ڕۆنامەگەریش پێداهەلگوتن نییە بەدیموکراتی، بەڵکو هەوڵدانە بۆ لابردنی ئەو ئاستەنگانەی کە بوونەتە ڕێگر لەبەردەم دیموکراتیدا، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم ئاستەنگانە چۆن لادەبرێن؟ بێگومان بەزەمینە سازی بۆ دروستکردنی ئەتمۆسفیرێکی گشتی کراوە هەتا بیروبۆچوونە جیاوازەکان بتوانن تیایدا کۆببنەوە و تیایدا بیروبۆچوونەکان لەسەر پرسە سەرەکی و گشتیەکان ئاڵوێر بکرێن، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ناو باری ڕۆژنامەگەری ئەمڕۆ لەکوردستاندا، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەوە ئەرکی ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنووس نییە کە زانیاری نێو هەواڵەکە بەمەزاجی خۆی بەکاربهێنێت و هەواڵەکەی پێ دابڕێژێتەوە لەبەرژەوەندی لایەك و دژی لایەکەی دیکە بێت، یان خۆی لەبری هاووڵاتی یان خەڵك بڕیار بدات و تەفسیر و تەئویلی هەواڵەکە بۆ بەرژەوەندی لایەك دژی لایەکەی دیکە بکات، سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر ئەگنەر فۆگ لەزانکۆی کۆپنهاگن، لەدیراسەتێکدا بەناونیشانی ((گریمانەی ڕۆڵی ڕاستەقینەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن لەدیموکراتی هاوچەرخدا)) دەڵێت: ئەو شێوازەی کە لەسەر بنەمای ململانێ کاری ڕۆژنامەگەری لەسەر بەڕێوە دەچێت، هۆیەکانی ڕاگەیاندن ناچار دەکات کە بەو جۆرە هەواڵەکانیان دابڕێژنەوە کە سەرنجی خەڵکی پێ ڕابکێشن، لەمەشدا ئەو مانشێت و سەردێڕانە پەسەند دەکەن کە مەترسی و تاوان و کارەسات پیشاندەدەن، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو جۆرە میدیایە میتۆدێکیان هەڵبژاردووەو دەیانەوێت ئەوە بەخەڵك بڵێن کە جیهان یان کۆمەڵگە لەوە مەترسیدارترە کە دەیبنین، ئەمەش کاریگەریەکی زۆر نەرێنی لەسەر پرۆسەی دیموکراتی دەبێت و سیستەمەکە بەرەو دیکتاتۆری یان ئەسۆریتاریانیزم دەبات، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە، میدیا لەبری ئەوەی هۆکارێك بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، میدیا خۆی دەبێتە هۆکارێك بۆ ئاڵۆز کردنی کێشەکان، لەم حاڵەتەشدا بەهۆی کارگەریی نەرێنی میدیاوە، حکومەتە دیموکراتیەکە نە دەتوانێت کێشە ناوخۆییەکانی و نە دەشتوانێت کێشە نێودەوڵەتیەکان بەڕێگەیەکی گونجاو چارەسەر بکات، بۆیە لەم حاڵەتە سیستمە دیموکراتیەکە ناچار دەبێت لەژێر ئەو کاریگەرییەدا هەندێك بڕیار و یاسا دەربکات کە سەرەنجام دادپەروەری جۆنزۆی لێدەکەوێتەوە، واتە وەك ئەو هەنگاوانەی حکومەتی چین بۆ سزادانی گەندەڵکاران و سەرپێچیکاران دەیگرێتەبەر کە بەئاشکرا حکومی لەسێدارەدان دەردەکات و کێشەکانیش بێ چارەسەر هەر لەجێگەی خۆیان دەمێننەوە، ئەوجا بۆئەوەی کۆمەڵگە نەگاتە ئەم ئاستە و سیستمە دیموکراتیەکە نەگاتە ئەوەی بڕیاری نەگونجاو یان یاسای خراپ دەرکات، ئەوا پێویستە ڕۆژنامەگەری ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگرێت:

١- هۆیەکانی ڕاگەیاندن ڕێکخەر و بڕبڕەی پشتی سیستمی دیموکراتین.

٢- هۆیەکانی ڕاگەیاندن ئەو زانیاریانە بۆ هاووڵاتیان دابین دەکەن، کە هاووڵاتی لەکاتی دەنگدان پێویستی پێیەتی، ئەمەش مانای ئەوەیە هۆیەکانی ڕاگەیاند هاووڵاتیان فێری دەستنیشانکردن و بڕیاردان دەکەن.

٣- میدیا کاتێك کێشەکان دیاری دەکات، خۆی قسەی لەسەر ناکات، بەڵکو خۆی دەبێتە هۆکارێك بۆئەوەی دیالۆگی

**ئەگەر لەنێوان هاووڵاتی و میدیا متمانە نەبوو، ئەوکات زۆر زەحمەتە میدیا بتوانێت یارمەتیی هاووڵاتیان بدات**

**ئەگەر بڵاوکردنەوە لەفەیسبووك و تویتەر پێوەرێك بوایە بۆ ڕۆژنامەگەری، ئەوە ئەمڕۆ هەمووان دەبووین بەڕۆژنامەنووس**





**کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و تێگەیشتوو لەگەڵ حکومەتێکی کراوە، هەردووك لایەن گرنگن بۆ ڕۆژنامەگەری بۆئەوەی بتوانێت پەرە بەدیموکراسییەت بدات**

کۆمەڵگەیی لەسەر دروست بکات و بۆچوونە جیاوازەکان ڕای خۆیانی لەبارەوە بڵێن و ئامانجیش چارەسەری کێشەکە بێت نەك ئاڵۆزکردنی کێشەکە.

٤- میدیا چاودێرە بۆ ئاشکرا کردنی هەڵەکان و ئاشکراکردنی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن ئەو کەسانەی لەناو پۆستە گشتیەکانن.

ئەم چەند خاڵەی پسپۆڕان بۆ ڕۆڵی میدیا ئاماژەیان پێکردووە و کردویانە بەئەرکی ڕۆژنامەنووس دەزانن بۆئەوەی لەکاتی گواستنەوەی هەواڵ و ڕووماڵی ڕووداوەکان لەبەر چاوی بگرن، هەموو پسپۆڕانی لەسەر ئەو ڕایە کۆکردۆتەوە، کە داوای ئەوە لەمیدیا بکرێت کە بەپێوەری گونجاو ئەدای خۆی بکات، بۆئەوەی کۆمەڵگە دیموکراتیەکەشمان لەسەر ئەدای ئەو ڕۆژنامەگەرییە بەرپرسیارە بتوانێت کارەکانی خۆی هەڵبسوڕێنێت.

**پێوەندی نێوان حکومەت و میدیا چاودێری کردن و لێپرسینەوە**

لەگەڵ ئەوەی پێوەندی نێوان میدیا و حکومەت وەك ئاراستە دوو ئاراستەی پێچەوانەی یەکن، بەڵام حکومڕانی بەرپرسیار ئەم ئاراستەیە پێچەوانەیە قبوڵ دەکات و چاودێری و لێپرسینەوەی میدیا وەك هۆکارێکی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی حکومەتەکەی دەزانێت، هەربۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە تۆماس جیفرسۆن وتوویەتی: ئەگەر سەرپشك بکرێم لەنێوان پەرلەمانێکی ئازاد و ڕۆژنامەگەری ئازاددا یەکێکیان هەڵبژێرم، ئەوا بێگومان ڕۆژنامەگەری ئازاد هەڵدەبژێرم، ئەمەش ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری ئازاد ئەگەر لە ڕۆلی چاودێری و لێپرسینەوە پەرلەمانێکی ئازاد زیاتر نەبێت ئەوە کەمتر نییە، هەربۆیە جێگەی خۆشحاڵی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش بوو کاتێك لەبەرنامەکەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوێبیستی ئەوەبووین کە ئەم پێوەندییەی نێوان حکومەت و میدیای بەشێوەیەکی هاوچەرخانە پێناسە کردو وتی: (لەم کابینەیەدا بەو چاوە سەیری ڕاگەیاندن دەکەین کە یارمەتیدەرمانە، ئەویش بەچاودێریکردنی کاری حکومەت و دیاریکردنی کەموکورتی بە بڵاوکردنەوەی زانیاری و بەدواداچوونی ڕاستی. ئەوەش حکومەت چالاك دەکات لە هەموو ڕووێکەوە))، ئەمەش مانای ئەوەیە کابینەی حەوتەم بەسەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی بڕوای بەوە هەیە کە میدیا ئازادانە چاودێری کارەکانی بکات و کەموکورتیەکان بۆ خەڵك بگوازێتەوە بە بڵاوکردنەوەی زانیاری و بەدواداچوونی ڕاستی، ئەمەش بەزمانی کاری ڕۆژنامەگەری واتە سەرۆکی حکومەتی کوردستان بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەگەرییەکان وەك ڕاپۆرتی دەسەڵاتی چوارەم کە مافی چاودێریکردنی کارەکانی حکومەتی هەیە لەبەرچاو دەگرێت و ئامادەیە ئازادی زیاتر بۆ میدیا فەراهەم بکات، سەبارەت بەپێوەندی نێوان میدیا و حکومەت پرسیارمان لە پرۆفیسۆر لی بارکەر ئوستادی ڕۆژنامەوانی و گەیاندن لەزانکۆی جۆرجیا کرد و لەلێدوانێکی تایبەتدا بەم جۆرە بۆ گوڵان ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (میدیا ڕۆڵێکی سەرەکیی هەیە لەسیستەمی دیموکراسیدا و هەروەها میدیا ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری هەیە وەك نوێنەرێك بۆ دەنگی هاووڵاتیان، میدیا توانای هەیە کاربکات وەکو چاودێرێك لەسەر حکومەت و ئەمەیش خۆی لەخۆیدا ڕۆڵێکی زۆر زۆر گرنگە، بێگومان تاکە لایەنی گرنگ بریتییە لەبەرپرسیارەتییەکانی میدیا و هەڵبەتە پێویستە میدیا ئەرکەکانی بەشێوەیەکی پرۆفێشناڵانە ئەنجامبدات و هەروەها پێویستە ڕۆژنامەنووسان باش مەشقپێکرابن و جەختبکەنە سەر خزمەتگەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە بەگشتی نەك بەرژەوەندیی کەسی، بەڕای من ڕۆژنامەگەری بەتەنیا کاری پێناکرێت، بەڵکو پێویستە لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵگە هەماهەنگی و پێکەوە کارکردنی هەبێت، بۆنموونە پێویستە سیستەمێکی دادوەریی سەربەخۆ هەبێت کە پاڵپشتی لەڕۆژنامەگەری بکات و هەروەها پێویستە دەستەبژێرێکی سیاسیی تێگەیشتوو بوونی هەبێت کە جەختبکەنە سەر سەرخستنی پرۆسەی حوکمڕانی، ئەگەر هات و ئەم لایەنانە هەماهەنگ بوون، ئەوکات ڕۆژنامەگەری دەتوانێت دەستپێشخەر بێت، بەڵام بەبێ پاراستن لەسیستەمی دادوەرییە و بەبێ یاسای پێویست و بەبێ سەربەخۆیی کارکردن کە بەیاسا فەراهەمکرابێت، ئەوە ڕۆژنامەگەری ناتوانێت ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، هەربۆیە چەندین فاکتەر و لایەن هەن کە پێویستە یەکبگرن و هەموویان دەست لەناو دەست کاربکەن لەپێناو پەرەپێدانی پرۆسەی دیموکراسی.))

**پێویستە پێوەندیی نێوان میدیا و حکومەت پێوەندییەکی توند و گرژ بێت، بەڵام ئۆپۆزسیۆن نەبێت**

پرۆفیسۆر لی پارك سەبارەت بەگرنگی و سەرکەوتنی کاری ڕۆژنامەگەری جەختی لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەمە پێویستی بەهەماهەنگی توخمە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و توخمە جیاوازەکانی حکومڕانی هەیە، بەڵام پرۆفیسۆر ئایڤۆر شاپیرۆ ئوستادی ڕۆژنامەوانی و تایبەت لەسەر پاکتی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی، ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری لەناو پرۆسەکە دەگێڕێتەوە



بۆ کاری بەرپرسیارانەی ڕۆژنامەنووس، لەمبارەوە و لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان پرۆفیسۆر شاپیرۆ وتی: (ئەوە شتێکی گرنگە کە ڕۆژنامەگەری ببێت بەنوێنەری ئەو دەنگانەی کە نەبیستراون، بەڕای من ئەرکی ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنووسان بریتییە لەگێڕانەوەی چیرۆکی ئەو خەڵکانەی کە دەنگیان نەبیستراوە بۆئەوەی هاووڵاتیان بگەنە ئەو قەناعەتەی کە بەتەنیا نین، هاوکات ڕۆژنامەگەری ڕێگردەبێت لەبەردەم قۆڕخکردنی دەسەڵاتەکان، لەبەرئەوەی لایەنە دەسەڵاتدارەکان – تەنانەت گەر دەسەڵاتی بزنس بێت یان دەسەڵاتی سیاسی یانیش دەسەڵاتەکانی دامەزراوەکان – حەزیان لەوە نییە هەموو ڕاستیەکان ئاشکرا بکەن، بۆیە کاری ڕۆژنامەگەری بەرپرسیار ئەوەیە ئەودیوی ناوەوەی ڕاستیەکان ئاشکرا بکات، هەر بۆیە ئەگەر بێت و ڕۆژنامەنووسان کار و ڕۆڵی خۆیان جێبەجێبکەن و ئەو زانیاریانە بخەنەڕوو کە پێوەندی بەژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیانەوە هەیە، ئەو کاتە لەناو کۆمەڵگەدا دیالۆگ دروست دەبێت و هەموولایەك هەوڵدەدەن چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزنەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی پەرەپێدانی دیموکراسییەت و ئازادی. بەڵام لێرەوە

**کابینەی حەوتەم بەسەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی بڕوای بەوە هەیە کە میدیا ئازادانە چاودێری کارەکانی بکات و کەموکورتیەکان بۆ خەڵك بگوازێتەوە بە بڵاوکردنەوەی زانیاری و بەدواداچوونی ڕاستی**

دەگەڕێمەوە سەر کرۆکی پرسیارەکەتان: بەڕای من پرسیارەکە بریتییە لەوەی کە: ئایا چۆن ڕۆژنامەگەریی بەرپرسیار دەتوانێت پەرە بەدیموکراسییەت بدات؟ با بڵێم «ڕۆژنامەگەریی بەرپرسیار» چییە، بەڕای من ڕۆژنامەگەریی بەرپرسیار سەربەخۆیە و دوورە لەبەرژەوەندیی شەخسی و پێداگرە لەسەر دۆزینەوە و سەلماندنی ڕاستییەکان، هەربۆیە لەڕێگەی سەلماندنی ڕاستییەکان و ڕەفتارکردن بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە ڕۆژنامەگەری ڕووداوەکان لەشێوەی «چیرۆك» دەگوازێتەوە بەوشێوەیەی کە هاووڵاتیان تێبگەن، بەڕای من ئەمە ئەرکی ڕۆژنامەگەریی بەرپرسیارە، دەڕۆمە سەر وەڵامدانەوەی کرۆکی پرسیارەکەتان: لەبارەی ڕۆژنامەگەری و چۆنییەتی بەرەوپێشەوەبردنی دیموکراسییەت، بەڕای من ئەگەر ڕۆژنامەگەری سەربەخۆ بێت، ئەوکات دەتوانێت چاودێر بێت لەسەر ئەوانەی کە دەسەڵات و زانیارییەکان قۆڕخ دەکەن لەبەرئەوە ئەرکی ڕۆژنامەگەری بریتییە لەگێڕانەوەی چیرۆکی باسنەکراو، ئەرکی ڕۆژنامەگەریی سەربەخۆ بریتییە لەئاشکراکردن و سەلماندنی ڕاستییەکان و ئاشکراکردنی کار و ڕەفتارەکانی ئەو لایەن و کەسانەی کە لەدەسەڵاتدان – دەسەڵاتی بزنس و دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتەکانی دامەزراوەکان – پێویستە ڕۆژنامەگەری هەمیشە بەگومان بێت هەروەها بکۆڵێتەوە لەمەسەلەکان و سەربەخۆیانە کاربکات بۆئەوەی ڕاستییەکان بدۆزێتەوە، هەڵبەتە بەم شێوەیەیش ڕێگە لەو کەسانە دەگیرێت کە دەیانەوێ دەسەڵاتەکانیان قۆڕخ بکەن.))

**متمانەی نێوان خەڵك و ڕۆژنامەگەری**

نەبوونی متمانە لەنێوان خەڵك و ڕۆژنامەگەری، کاری ڕۆژنامەنوسی بێمانا دەکات و وەك ئەوە وایە کە ڕۆژنامەگەری

بوونێکی ئەوتۆی نەبێت، ئەم دیاردەیە ئەگەر دیاردەیەکـــی دیاری ســـەرجەم وڵاتانی تازە پێگەیشـــتوو بێت، ئەوا لەوڵاتی ئێمەش ئەم دیاردەیە بوونی هەیە، چۆن بۆشاییەك لەنێوان دەســـەڵات و خەڵك بوونی هەیـــە، بەهەمان شـــێوە بۆشـــاییەکیش لەنێوان ماس میدیا و خەڵکیـــش بوونی هەیە و، بۆیـــە ئەم لایەنە ئەگـــەر بۆ وڵاتانی پێشـــکەوتووی ڕۆژئاوا هاندەرێك بێت بۆئـــەوەی هاووڵاتی بەدوای چەند سەرچاوەیەکی میدیا بگەڕێت بۆئەوەی خۆی بڕیار لەســـەر ڕاســـتیەکان بدات، ئەوا بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشـــتوو دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە خەڵك لەمیدیـــا دوور بکەوێتەوە، دوورکەوتنەوەی خەڵك لەهۆیەکانی میدیاش زیانێکـــی گەورە بەر پرۆســـە دیموکراتیەکە دەکەوێت، ســـەبارەت بەم پێوەندیە پرسیارمان لەپرۆفیســـۆر چارلـــس داڤیس ئوســـتادی ڕۆژنامەوانـــی لەزانکۆی میـــزوری کرد و لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان سەبارەت بەم پێوەندییـــە بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: ((بەڕای من چەند هەنگاوێك هەن کە پێویستە میدیا پیادەیان بکات بۆئـــەوەی خەڵکی متمانەی پێ بکـــەن، هەڵبەتـــە هۆکارەکانی پشـــت نامتمانەیـــی هاووڵاتیـــان لەبەرامبەر میدیا زیاتـــر بۆ ناوەڕۆکی هـــەواڵ و زانیارییەکان دەگەڕێتـــەوە نەك بەهۆی شـــێوازی ئەدای میدیا، بەڵام ئەگەر بێینە سەر باسی شێوازی ئەدای میدیا ئەوە بەڕای من پێویستە لەسەر ڕۆژنامەنووســـان تـــا ئاســـتێکی بەرفراوان



لی بارکەر بۆ گوڵان:

**ڕۆژنامەگەری بەتەنیا کاری پێناکرێت پێویستە لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵگە هەماهەنگی و پێکەوە کارکردنی هەبێت**

شـــەففاف بن و ســـەرچاوە و تەمویلەکانیان ئاشکرا بکەن لەگەڵ ئاشـــکراکردنی هاندەر و ئاراســـتە سیاســـییەکانیان، پێویســـتە ڕۆژنامەنووسەکان ئەم شـــتانە ئاشکرا بکەن بۆئـــەوەی هاووڵاتیان بتوانن بەمێشـــکێکی کـــراوە هـــەواڵ و زانیارییە بڵاوکـــراوەکان هەڵسەنگێنن، لایەنێکی دیکەی گرنگ کە پێویستە ڕۆژنامەنووسەکان بیکەن ئەوەیە کە پێویســـتە کەســـی ڕۆژنامەنووس هەڵەکانی ڕاستبکاتەوە بەشێوەیەکی خێرا ڕایگەیەنێت، گرنگە هەمووومـــان دان بەهەڵەکانمان بنێین، لایەنێکی دیکە: ڕەخنە لەخۆگرتن و هەروەها ڕەخنە قبوولکردن، ئەگەربێت و ڕۆژنامەنووس بتوانێت ئەم لایەنانە بێنێتەدی، ئەوکات بێشك هاووڵاتیـــان متمانەیـــان لا دروســـت دەبێت لەبەرامبەر میدیا. بەڵام سەبارەت بەپێوەندی نێوان میدیـــا و حکومەت، هەمیشـــە ئەوەم وتووە کە پێویســـتە پێوەندیـــی نێوان میدیا و حکومـــەت پێوەندییەکی تونـــد و گرژ بێت، بەڵام ئۆپۆزســـیۆن نەبێت. بەواتایەکی دیکە حکومەت دوژمنمان نییە، بەڵکو ملکەچمانە. هاوکات زۆر گرنگە حکومەت لەسیستەمی دیموکراسیدا ئەوەی لەیاد بێت کە سیستەمی حکومی کار بۆ ئێمـــەی هاووڵاتی دەکات، فەرمانبـــەر و کاربەدەســـتە هەڵبژێردراوەکان لەبری هاووڵاتیـــان کاردەکـــەن، ئێمە لێرەدا بـــاس لەکۆمەڵگەی دیموکراســـی دەکەین، هەربۆیـــە لەمجـــۆرە حاڵەتانـــەدا هەردەبێ گرژییەکی تەندروست بکەوێتە پێوەندییەکانی نێوان میدیا و حکومەت، هاوکات پێویســـتە حکومەت لەسیســـتەمی دیموکراســـیدا ڕێز و پێزانیـــن بەرامبـــەر کار و چالاکییەکانی میدیا بنوێنێت، هەروەها پێویســـتە لەســـەر میدیا-یش ڕێز و پێزانیـــن بەرامبەر ڕۆڵ و کارەکانـــی حکومەت بنوێنێـــت، بەڵام قەت پێوەندییەکانـــی نێوان میدیا و حکومەت باش نابێـــت لەبەرئەوەی هەمیشـــە گرژی بوونی دەبێت لەپێوەندییەکانیاندا، ئەوەیش شتێکە کە دەبێ بەوشێوەیە بێت.))

ئەوەی پرۆفیسۆر چارلس داڤیس جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە کە پێویســـتە ڕۆژنامەنووسان ئـــەو ڕێگە بگرن بۆئەوەی متمانە دروســـت بکەن، بـــەڵام پرۆفیســـۆر ولیـــەم بابکۆك ئوســـتادی ڕۆژنامەوانی لەزانکۆی ئیلینۆز جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ڕۆژنامەنووس پشتگیری هاووڵاتیان دەکات، ئەگەر لەنێوان خەڵك و ڕۆژنامەنـــووس متمانە نەبێت، زۆر زەحمەتە بتوانێت هاوکاری هاووڵاتی بکات، لەم چوارچێوەیـــەدا و لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجـــۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (میدیا پاڵپشـــتی لەحکومەت ناکات، بەڵکو میدیـــا لەکۆمەڵگەی دیموکراســـیدا پاڵپشـــتی لەهاووڵاتیـــان دەکات لەڕێگەی ئاگادارکردنـــەوەی هاووڵاتیـــان بۆئـــەوەی بزانن چی ڕوودەدات و بەئاگابن لەکێشـــە و ڕووداوەکان، پێموایە ئەرکی سەرەکیی میدیا بریتییـــە لەئاگادارکردنـــەوەی هاووڵاتیان و بڕیارەکەیش لەدەستی هاووڵاتیان دەبێت لەڕووی پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی کارکردن لەگەڵ حکومەت، یان ڕەخنەگرتن لەحکومەت یاخود ستایشکردنی، یانیش لەڕووی ڕیفۆرمکردنی حکومـــەت. ڕۆژنامەگەری گرنگە لەڕووی ئاگادارکردنـــەوەی هاووڵاتیـــان بۆئـــەوەی هاووڵاتیـــان بتوانـــن حکومـــەت پێکبێنن، ڕۆژنامەگـــەری حکومـــەت پێکناهێنێت، بەڵکـــو ڕۆژنامەگـــەری خاڵـــی میانڕۆیە لەنێـــوان حکومەت و هاووڵاتیـــان بۆئەوەی هاووڵاتیـــان بەئاگابێنێـــت لەبـــارەی کار و ڕەفتارەکانی حکومـــەت. هەروەها بۆئەوەی هاووڵاتیان بتوانن بەباشـــترین شێوە بڕیاربدەن لەسەر چۆنییەتی مامەڵە و کارکردن لەگەڵ حکومەت. هەربۆیە ئەگەر لەنێوان هاووڵاتی و میدیا متمانە نەبوو، ئەوکات زۆر زەحمەتە میدیا بتوانێـــت یارمەتیی هاووڵاتیان بدات، چەندیـــن نموونە هەن کە تیایدا میدیا بەپێی پێویســـت مومارەســـەی ئەرکەکانی ناکات،



ئایڤۆر شاپیرۆ بۆ گوڵان:

**ڕۆژنامەگەریی بەرپرسیار سەربەخۆیە و دوورە لەبەرژەوەندیی شەخسی و پێداگرە لەسەر دۆزینەوە و سەلماندنی ڕاستییەکان**

بەڕای مـــن گرنگترین لایـــەن لەوەدایە کە پێویستە میدیا ڕەوا و ورد بێت لەگواستنەوەی زانیاری و هەواڵەکان. بەڕای من دوو شـــت گرنگـــن بۆئەوەی ڕۆژنامەگـــەری بتوانێت دیموکراسییەت بەرەوپێشەوەبەرێت، یەکەمیان ئەوەیە کە پێویســـتە هاووڵاتیان هۆشـــیار و بەئاگابـــن و بزانن چ مەســـەلەو ڕووداوێك لەئـــارادا هەیـــە، دووەم لایـــەن ئەوەیـــە کە پێویســـتە حکومەت کراوە بێت بەو ئاستەی کە ئامادەباشیی تێدا هەبێت بۆ قبووڵکردنی ڕەخنـــە، هەربۆیە بەڕای مـــن هەردووك لەم لایەنانە پێویســـتن: کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و تێگەیشـــتوو لەگەڵ حکومەتێکی کراوە، هەردووك لایەن گرنگـــن بۆ ڕۆژنامەگەری بۆئەوەی بتوانێـــت پەرە بەدیموکراســـییەت بدات.))

لایەنێکی دیکە کە هاووڵاتیان دەتوانن دەنگی خۆیان بگەیەنن، ئەویش بەرەو پێشەوەچوونی تەکنۆلۆژیایـــە بەتایبەتـــی لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانـــی فەیســـبووك و تویتەر، ئەمەش ئەو پرسیارە دەوروژێنێت ئایا تاچەند ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانـــە هاووڵاتی دەکاتە ڕۆژنامەنووس یـــان ئایا تاچەنـــد هۆیەکە بۆئـــەوەی لەم ڕێگەیـــەوە هاووڵاتی دەنگی خۆی بگەیەنێت؟ ســـەبارەت بە وەڵامی ئەم



ولیەم بابکۆك بۆ گوڵان:

**ئەرکی سەرەکیی میدیا بریتییە لەئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان و بڕیارەکەیش لەدەستی هاووڵاتیان دەبێت لەڕووی پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی**

پرسیارە پرۆفیسۆر چارلس داڤیس لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان ســـەبارەت بەم لایەنە وتی: (ئەگەر بڵاوکردنەوە لەفەیســـبووك و تویتەر پێوەرێك بوایە بۆ ڕۆژنامەگەری، ئەوە ئەمڕۆ هەمووان دەبوویـــن بەڕۆژنامەنووس، بەڕای من دوو فاکتەری گەورەی جیاکەرەوە هەن لەنێوان ڕۆژنامەنووس و ئەو کەســـانەی کـــە بابەت لەفەیســـبووك و تویتەر...و تاد. بڵاودەکەنـــەوە، هەڵبەتـــە فاکتـــەری یەکەم بریتییە لەســـەربەخۆیی لەبەرئەوەی پێویستە ڕۆژنامەنووس ســـەربەخۆ بێت و سەر بەهیچ لایەنێك نەبێـــت، تەنانەت گـــەر ئەو لایەنە سیاســـی بوو یان حکومی یانیش ناحکومی لەبەرئەوەی پێویســـتە هەموو هاووڵاتیان لەوە تێبگەن کە ئێمەی ڕۆژنامەنووس لەژێر هیچ جۆرە فشارێکدا نین، فاکتەری دووەم: پێویستە ڕۆژنامەنـــووس تێوەگلێت لەپرۆســـەیەکی بەرفراوان لەسەلماندنی زانیارییەکان، بەواتای پێویستە ڕۆژنامەنووس هەڵگری «حەقیقەت» بێـــت، ئەمڕۆ هەموو کەســـێك دەتوانێت ئەو بابەتـــەی بویێت لەئەنتەرنێـــت بڵاویبکاتەوە، بەڵام کەســـی ڕۆژنامەنووس پێویستە تەنیا ئەوکات بابەت بڵاوبکاتەوە کاتێك دڵنیابوویێت لەڕاستییەکانی پشـــت بابەتەکەی، ئەمەیش جیاوازییەکی زۆر گەورەیە لەنێوان کەســـی ڕۆژنامەنووس و لەگەڵ ئەو کەســـانەی کە بابەت لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکەنەوە لەگـــەڵ بڵاوکردنەوەی دەنگـــۆ و ئەو جۆرە بابەتانە، ئەوەی ڕاستی بێت لەم جۆرە جیهانەدا خەڵکی دەشـــێوێن لەنێوان هەواڵەکان و نازانن کامیان ڕاســـتە و کامیان هەڵەیە، بۆیە ئەمە دەرفەتێکی گەورەیە بۆ ڕۆژنامەنووســـەکان بۆئەوەی زانیارییەکان پشتڕاستبکەنەوە.))

بەڵام پرۆفیسۆر ئایڤۆر شاپیرۆ ڕایەکی دیکەی هەیە و پێیوایە کە پێشـــکەوتنی تەکنۆلۆژیا وایکـــردووە کـــە چیدیکە ڕۆژنامەنووســـان خاوەنی هەموو میدیا نەبن و ئێســـتا خاوەنی بەشـــێکی میدیان، لەمبارەوە بەمجۆرە لەسەر ئەم پرســـە ڕای خۆی بۆ گـــوڵان دەربڕی و وتـــی: (مـــن دەڵێم «ڕۆژنامەنووســـان» نەك «میدیـــا»، لەبەرئـــەوەی بەڕای من ڕۆژنامەنووسان چیتر خاوەنی هەموو میدیا نیـــن، بەڵکو نوێنەرایەتیی بەشـــێك لەمیدیا دەکەن، لێرەیشدا ئەرك و بەرپرسیارەتییەکانی ڕۆژنامەنووس دێتەئاراوە پێش گواستنەوەی زانیاری بەشێوەیەك کە پێویستە ڕۆژنامەنووس ســـەربەخۆبێت و دوور لەهاندەر و فشـــاری لایەنەکانـــی دیکە، ئێمـــەی ڕۆژنامەنووس مافمان هەیە هەروەکو هـــەر هاووڵاتییەکی ئاســـایی و دەتوانین بەسەربەخۆیی و ئازادانە باسی ڕووداو و بەسەرهاتەکان بکەین و بڵاویان بکەینەوە بەبێ ئـــەوەی کەس ڕێگریمان لێ بکات و ئەگەریـــش ڕێگری هەبوو دەتوانین بڕۆینە ســـەر ئەنتەرنێت و ئـــەوەی بمانەوێ باســـی بکەین، بەڵام پێویستە ڕۆژنامەنووس جەخت بکاتەوە لەســـەر حەقیقەتی بابەتەکان پێش بڵاوکردنـــەوە، لەلایەنێکـــی دیکەوە و لەبەرئەوەی چاودێری لەسەر ئەنتەرنێت نییە، کە ئەمەیش خۆی لەخۆیدا شـــتێکی باشە، کەسی ڕۆژنامەنووس دەتوانێت پێداچوونەوەی هەواڵ و بابەتەکانی ئەنتەرنێت بکات و ئەوە ئەرکی ڕۆژنامەنووســـە بـــۆ جەختکردنەوە لەسەر ڕاستییەکان و کاربکات بۆ دڵنیابوون و جەختکردنەوەی زانیارییە دروستەکان لەگەڵ پشتڕاســـتکردنەوەی زانیارییـــە هەڵـــەکان، ئەمەیش ئەرکی ڕۆژنامەنووســـە لەم جیهانە دڵگیرەی کە ئەمڕۆ تیایدا دەژین)).



چارلس داڤیس بۆ گوڵان:

**پێویستە ڕۆژنامەنووسان تا ئاستێکی بەرفراوان شەففاف بن و سەرچاوە و تەمویلەکانیان ئاشکرا بکەن بۆئەوەی هاووڵاتیان بتوانن بەمێشکێکی کراوە هەواڵ و زانیارییە بڵاوکراوەکان هەڵسەنگێنن**



لە وتارێکی ئەم دواییەمدا لە ساڵی ٢٠١١، ئەوەم خستەڕوو کە ڕاپەڕینەکەی سوریا، تورکیا و ئێران دەخاتەسەر هێڵی پێکدادان، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی جیۆستراتیجی دژبەیەکیان هەیە لەو دەرئەنجامەی لە دۆخی ئەو وڵاتە دەکەوێتەوە، کە هیچ لایەکیان ناتوانن فەرامۆشی بکەن. چوار مانگ دواتر، ئەوە بە ڕوونی دەرکەوتووە کە ڕاپەڕینەکەی سوریا مەسەلەی بەرژەوەندییە ستراتیجیەکانی تورکیا و ئێرانی تێپەڕاندووەو بۆتە-سوریا- گۆڕەپانی شەڕی نێوان شیعەو سوننەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ڕاپەرینەکەی سوریا هێڵێکی تائیفی ڕوونی کێشاوە: میحوەری سوننە بە سەرکردایەتی تورکیاو سعودیەو میحوەری شیعە بە سەرۆکایەتی ئێران. ئەو سیستەمە سیاسیەی لە دوای کۆتایی هاتنی بارودۆخەکەی سوریا دروست دەبێت نەك هەر تەنیا شکست یان سەرکەوتنی خەونەکانی ئێران بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا یەکلادەکاتەوە، بەڵکو لە هەمان کاتدا ئەوەش یەکلادەکاتەوە ئایا سوننەکان هەژموونی خۆیان دەپارێزن یان نا. لێرەوە، ئەتوانین بڵێین ناکۆکیەکە درێژخایەن، گرفت ئامێزو خوێناوی دەبێت، کە ڕەنگدانەوەی مێژوویی پڕ گرفتی هەردوولایە کە بۆ ماوەی پتر لە هەزارەیەکە درێژەی هەیە.

ڕەنگە مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە، بەڵام ئەتوانین پەندی لێوەربگرین. ئەو درزو کەلێنەی لە نێوان شیعەو سوننەکاندا هەیە ڕیشەی بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ درێژ دەبێتەوە، کە بە ناکۆکی لەسەر دانانی خەلیفەی موسڵمانان لە دوای مردنی پێغەمبەرەوە ( د.خ) لە ٦٢٣ دەستی پێکردو ئەم ناکۆکیەش درێژبۆوە لە نێوان سولالەی سەفەویەکان لە وڵاتی فارس و سولالەی عوسمانیەکان لە تورکیا لە سەدەکانی ١٦ و ١٧ەدا. لە ڕاستیدا، ئەم ناکۆکییە جوگرافیەی ئیسلامی شیعەی تا ئەم ڕۆژگارەش نەخشاندووە: وڵاتی فارس و دەوروبەرەکەی شیعەن و سوننەکانیش کەوتونەتە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواییەوە. سەردەمانێك ناکۆکی هەبووەو سەردەمانێکیش ئاشتی، وەك ئەو سەردەمەی لە دوای هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و هەڵکشانی سولالەی پەهلەویەکانەوە لە ئێراندا هاتە ئاراوە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا. ئەو سەردەمەش بە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩ لە ئێران کۆتایی هات، کە هەوڵی بە پەرۆشیان بۆ ناردنە دەرەوەی شۆڕش بۆ وڵاتە عەرەبیە سوننەکان و بەرهەڵستی سەرسەختی ئەم وڵاتانە خۆی لە جەنگی هەشت ساڵەی عێراق ـ ئێرانی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بینیەوە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەم ڕکابەریە درێژخایەنە، کۆششە سیاسیە ڕووکەشیەکانی تورکیا و سعودیە بۆ شاردنەوەی ناکۆکی نێوان شیعەو سوننە لە ئێستادا بۆ هەموو کەس ئاشکرابووە.

ڕوودانی پێکدادانی توندوتیژ لە بەحرەین کە سعودیە دەستێوەردانی سەربازی ڕاستەوخۆی تێدا کرد بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شیعە لە پێناو بەردەوامبوونی باڵادەستی سوننەکانە لە هەموو بەڵگەیەکی دیکە گەورەترە لە سەر ناکۆکی توندی نێوان شیعەو سوننەکان. هەرچەندە قەوارەی بەحرەین بچوك بێت، ئەوا بەرجەستەکردنی وێنەیەکی بچوکی ناکۆکی شیعەو سونەیە کە ناوچەکەی گرتۆتەوە. یاخیبوونی سوننەکان لە عێراق بەردەوام ترس و تۆقاندنی بۆ زۆرینەی شیعە دروستکردووە، کە هەفتانە دەیان کەسی مەدەنی بێتاوان لە هەردوولا دەبنە قوربانی، گرووپی حزبوڵای شیعە لە لوبنان بەردەوامە لە پشتیوانیکردنی سەرکوتکردنی توندوتیژی هاووڵاتیان لە لایەن حکومەتی سوریاوە، کە بە پێی زۆرینەی خەمڵاندنەکان کوژراوەکان زیاترن لە ١٠،٠٠٠ کەس. بزوتنەوەی حەمماس کە سوننەیە، کە پشتیوانی دارایی و سەربازی دەکرا لەلایەن ئێرانەوە، لە هەمان کاتدا پشتگیری سیاسی و لۆجیستی لە ڕژێمی شیعەی عەلەوییەوە(کە لقێکی ئیسلامی شیعەیە) لێدەکرا، بارەگای سەرەکی خۆی لە دیمەشق چۆڵکردووە لە ئێستادا و بە ئاشکرا ئیدانەی خوێنڕێژی دانیشتوانی سوننە دەکات لەلایەن دەسەڵاتی سوریاوە.

گرژی دیبلۆماسی لە نێوان ئەنقەرە و تەهراندا سەریهەڵدا لەبارەی ئەو لێدوانەی بەرپرسەکانی ئێرانەوە بۆ گواستنەوەی شوێنی گفتوگۆکان بۆ » خاکێکی بێلایەن»، وەك سوریا، عێراق یان چین، بووە هۆی توڕەکردنی سەرۆك وەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەییب ئەردۆغان کە زۆر ڕاشکاوانە ڕەخنەی لە « نەبوونی ڕاستگۆیی » ئێرانیەکان گرت. دو بۆچونی جیاواز هەیە لە بارەی سوریاوە لە لایەن ئێران و تورکیاوە: لە کاتێکدا ئێران پشتیوانی ڕژێمی سوریا دەکات بە دابینکردنی هەر شتێك کە پێویست بکات، تورکیا موعارەزەی سەرەکی -سوریای- لە خۆگرتووە، کە بریتیە لە ئەنجومەنی نیشتیمانی سوریا. ئەمە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانیانەوە کە بریتیە لە هەوڵی باڵادەستبوون بەسەر وڵاتێکدا کە هەم بواری ئەوەیان بۆ دەڕەخسێنێت کە هەژمونی خۆیان لە ناوچەکەدا بچەسپێنن و هەم دەرفەتیان پێدەدات مۆدێلێك پێشکەش بەو ڕژێمە عەرەبیە نوێیە بکەن کە دێتەئاراوە. سەرەڕای هەمو شتێك، بزووتنەوەی ئیسلامی سوننی، بە چەشنی حزبی دادو گەشەپێدانی حکومڕان، سەرسەختانە بەرهەڵستی باڵادەستی شیعە دەکات بەسەر دراوسێکانیەوە.

مەسەلەی گەورەتر لە پێوەندیدا بە سوریاوە، بریتیە لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی سعودیە وەك سەرکردەی موحافیزکاری جیهانی عەرەبی سوننە. قایمکردنی دەسەڵاتی ئێران بەسەر سوریاوە دەبێتەهۆی درێژکردنەوەی نفووزی شیعە بۆ تەواوی ئەو خاکەی کەوتۆتە نێوان وڵاتی فارس و ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاستەوە. هەرچەندە سعودیە بایەخێکی زۆری بە چارەنووسی سەددام نەدا (کە جارێکیان هەڕەشەی داگیرکردنی سعودیەی کرد) بەڵام پێشکەشکردنی عێراق لەسەر سینیەکی زێر بە شیعەکان لە سەروبەندی شەڕی ٢٠٠٣ی عێراقەوە تاوەکو ئێستا، مایەی

# سوریا:
# گۆڕەپانی شەڕی شیعەو سوننە

ئالۆن بن مایەر*
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

گرفتێکی قووڵە بۆ ریاز. ئەو ڕاستیەی کە عێراق لەلایەن ڕژێمێکی شیعەوە حکومڕانی دەکرێت و هاوپەیمانێتیەکی نزیکی لەگەڵ ئێراندا هەیە هۆکاری ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی سعودیە بۆتە پەنایەك بۆ کەسایەتیە سیاسیە سوننە دیارەکانی عێراقی، لە نێویاندا جێگری سەرۆك کۆمای عێراق، تاریق ئەل هاشمی، کە ناکۆکیە سیاسیەکەی لەگەڵ سەرۆك وەزیران نوری ئەل مالیکیدا سەریکێشا بۆ ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتەکانی عێراقەوە بە تۆمەتی تیرۆر داوا بکرێت. گرنگە سعودیە سوریا لە چەنگی ئێران دەربهێنێت، ئەمەش هۆکاری ئەوەمان پێدەڵێت کە بۆچی سعودیە پشتیوانی چەکدارکردنی یاخیبووانی سوریا دەکات بە ئامانجی ڕوخاندنی ڕژێمەکەی ئەسەد.

لەوەش زیاتر، نێوانی ئێران و ئیخوان موسلمین باش نییە، کە بزوتنەوەیەکی ئیسلامی سوننەی ناوچەییەو کە بەدڵنیاییەوە ئەو پارتانەی سەر بەو بزووتنەوەیەن لە میسرو لیبیا و تونس ڕژێمی نوێ پێکدەهێنن. ئەگەرچی ئەم سێ وڵاتە بە پرۆسەیەکی ڕاگوزەری قورسدا دەڕۆن، ئەوا پێشوازی لە ڕوخانی ڕژێمەکەی ئەسەد دەکەن و هەر کارێك کە لە دەستیان بێت دەیکەن بۆ پشتیوانیکردن لە دروستبوونی حکومەتێکی سوننە لە سوریا. حکومەتە ڕاگوزارییەکان لە لیبیا، هەروەها تونس وەك دەسەڵاتێکی شەرعی ئیعتیراف بە ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا دەکەن. بە هەمان شێوە، پشێویەکانی میسر ڕێگەی لە ئیخوان موسلمین نەگرت کە ناکۆکبوونی خۆیان لەگەڵ ئێراندا ڕابگەیەنن. لە ڕاستیدا، سەرۆکی لیژنەی کاروبارەکانی دەرەوە لە پەرلەمانی میسر، کە ئەندامی حزبی ئازادی و دادی ئیخوانیە، د.عیسام ئەل عریان، ڕایگەیاند بەهاری عەرەب دەگاتە ئێرانیش.

هەر کە سزا نێودەوڵەتیەکان کاری خۆیان کردو سەرکردایەتی ئێران هەستی بە کاریگەریەکەی کرد، ئەوا دووبارە ڕازی بوون بە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان لەگەڵ گروپی ٥+١ لەبارەی بەرنامە ئەتۆمیەکەیەوە. هەروەها دۆخی سوریاش بە هەمان شێوە بۆتە پاڵنەرێك بۆ ئێران. خراپ بوونی دۆخی سوریا و کێشەی بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران پێکەوە گرێدراون چونکە هەوڵی ئێران بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناووکی تەنیا لەبەر ئیعتیباراتی ئاسایشی نەتەوەیی نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا بۆ ئەو خواستەی ئێران دەگەڕێتەوە کە پاڵپشت بە بەدەستهێنانی چەکی ناووکیەوە هەژموونی ئیقلیمی خۆی بچەسپێنێت. مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا گرنگە بۆ ئەم ستراتیجیەتە، کەوتنی ئەسەد دەبێتەهۆی پتر گۆشەگیرکردنی ئێران لە نێو دراوسێگەلێکدا کە زۆربەیان سوننەن و دەبێتە هۆی بڕینی ڕایەڵی ڕاستەوخۆی نێوان تەهران و حزبوڵای هاوپەیمانی لە لوبنان. هەروەها، لەگەڵ ڕوخانی دەسەڵاتی ئەسەددا، ئەو نفووزە بەرچاوەی حاڵی حازر ئێران هەیەتی لە عێراقدا بە ڕەوتێکی خێراتر لاواز دەبێت. لە ڕاستیدا زاڵبوونی ناسیونالیزمی عێراقی بەسەر دابەشبوونی ناوخۆیی نێوان شیعە و سوننەدا، زیاترە لە ئەگەرێك، لەبەر ئەوەی عێراق لە ڕووی مێژوییەوە شانازی بە پێگەی تایبەتی خۆی دەکات لە کەلتووری عەرەبیدا و پێگەی خۆی وەك لانکەی شارستانیەتی عەرەب.

ڕەنگە ئەوە وا لە ئێران بکات ئامادەبێت بۆ پیشاندانی مرونەت لە گفتوگۆکانی ئەستەنبولدا لە بارەی کێشەی بەرنامە ئەتۆمیەکەیەوە لە ڕێی بەکارهێنانی ڕوسیاوە بۆ قەناعەتپێهێنانی ڕۆژئاوا تاوەکو فشارەکانی سەر سوریا کەم بکەنەوە بۆ ڕزگارکردنی ڕژێمەکەی ئەسەد، هەروەها بۆ ئەوەی کاتی زیاتر بەدەست بهێنن بۆ ڕێگرتن لە هێرشکردنە سەر دامەزراوە ئەتۆمیەکانی لەلایەن ئیسرائیل و/یان ئەمەریکاوە. ئێرانیەکان پێیان وایە ئەوان هەمیشە ئەتوانن دواتر دەست بە بەرنامە ئەتۆمیەکە بکەنەوە هەر کاتێك ڕژێمەکەی ئەسەد دووبارە سەقامگیر بۆوە، بەم کارەشیان ئەتوانن پارێزگاری لە هیلالی شیعە بکەن. ئومێدەکە ئەوەیە ڕۆژئاوا نەکەوێتە داوی ئەم تەڵەیەی ئێرانەوە. سەرنج بدەن کە قوربانیدانی ئێران بە وەستاندنێکی کاتی بەرنامە ئەتۆمیەکەی لەبەرامبەر ئامانجی سیاسی باڵاتردا هەوڵێکی دیکەی سەرکەوتوو بوو لە لایەن تەهرانەوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا.

لەسەروبەندی شکستی ئان و ساتی پلانەکەی کوفی ئانان بۆ کۆتایی هێنان بە ناکۆکیەکەی سوریا، وڵاتە سوننە سەرەکیەکان، تورکیا و سعودیە، دەرفەت و ئەرکی کۆتایی هێنان بە ڕژێمەکەی ئەسەد، کۆتایی هێنان بە کوشتارو ڕێگەخۆشکردن بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی سوننە لە دیمەشقدا بۆ هاتۆتەپێش. بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەش، هەردوو وڵاتەکەش (کە شەرعیەتی خۆیان لە جامیعەی عەرەبیەوە وەرگرتووە) دەبێت هاوکاری سەربازی یاخیبووەکان بکەن، تورکیاش ناوچەیەکی گەورە لەسەر سنوور داببڕێت بە هاوکاری هاوپەیمانەکانی لە ناتۆداو ناوچەی دژەفڕین بسەپێنێت بۆ پارێزگاری کردن لە ئاوارەکانی سوریا و سوپای ئازادی سووری. لەوەش زیاتر، دەبێت هەردوو وڵات هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدەن بۆ بەهێزکردنی شەرعیەتی ئەنجومەنی نیشتمانی سووری و دروستکردنی بناغەیەك بۆ حکومەتێکی ئینتیقالی. ئەم هەوڵە دەبێتەهۆی ڕزگارکردنی سوریاو هێنانەدی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی وڵاتە سوننەکان لە ناوچەکەدا لە کاتێکدا ئەو خەونەش لە ئێران زەوت دەکات کە بە پاڵپشت بە چەکی ناووکی هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێت.

هەر هەوڵێکی کەمتر لەوە بە مانای سەرکەوتنی تەواوی ئێران و بەجێهێشتنی ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بۆ ناکۆکیەکی توندوتیژی حەتمی و بەربڵاو لە نێوان هەردو میحوەری شیعە و سوننەدا.



# بۆ ئاگاداربوون لەکۆمەڵکوژییەکەی ڕژێمی ئەسەد ئەنجوومەنی

لەگەڵ ئەوەی ڕژێمی ئەسەد بەپێشنیارەکەی کوفی ئەنان ڕازی بووە بەوەی دەستدرێژی نەکاتە سەر هاووڵاتیان و چیتر خوێن نەڕژێت، بەڵام کاری کۆمەڵکوژی هەر بەردەوامە، هەربۆیە ڕۆژی شەممەی ڕابردوو ڕوسیاو چین چوونە پاڵ سیانزە ئەندامەکەی دیکەی ئەنجوومەنی ئاسایش و ئەنجوومەن توانی لەسەر داوای کۆفی ئەنان بڕیارێك بدات کە ٣٠ چاودێری نێودەوڵەتی سەردانی سوریا بکات، سەبارەت بەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەسەر دەستی ڕژێمی ئەسەد و ئاوارەبوون لەدەستی ئەو ڕژێمە پێوەندیمان بە د.ڕەدوان زیادە تۆژەری باڵا لەئامۆژگای واشنتۆن بۆ ئاشتی (USIP) کرد، کە ماوەی ساڵێکە لەدوای دەستپێکی ڕاپەڕینەکانی سوریاوە، د.ڕەدوان زیادە چاودێری پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەسوریا دەکات، سەبارەت بەم لایەنە لەلێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە سەبارەت بەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ هاتە ئاخاوتن: (لەڕاستیدا بارودۆخی سوریا هەر بەو شێوەیەیە کە ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ-ی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان

**ڕابردووی ڕژێمی ئەسەد ئەوەمان پێدەڵێت زۆر زەحمەتە ڕژێمی ئەسەد دەستبەرداری توندوتیژی بێت**

وەسفیکرد، تاکو ئەمڕۆ زیاتر لە١٢ هەزار کەس کوژراون و زیاتر لە٢٣٠ هەزار کەس ئاوارە بوونە لەنێویشیاندا ئەوانەی کە ڕایانکردووە بۆ ئوردون و تورکیا، ئەمانە ئەو ژمارانەیە کە ڕاگەیەندراوە، بەڵام من پێموایە کە زیاتر لە٣٠ هەزار هاووڵاتی تاکو ئێستا کوژراوە، لەهەمان کاتیشدا هیچ لایەنێك نییە تاکە بڕیارێکی بچووك دەربکات بۆ یارمەتیدانی هاووڵاتیانی سوریا، بارودۆخەکە زۆر سەختە و بەداخەوە هیچ لایەنێك ئامادە نییە یارمەتیی هاووڵاتیانی سوریا بدات، لەکاتێکدا بارودۆخەکە هەر ڕوو لەهەڵکشان دەکات.. ئاشکرایە کە ڕژێمەکەی ئەسەد وازناهێنێت و بەردەوام دەبێت لەتۆپبارانکردنی گەڕەکەکان و زیاتر دەکوژێت لەهاووڵاتیانی



# ئاسایش چاودێر دەنێرێتە سوریا

سوریا هەر لەبەر ئەمەیشە کە پێویستە ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیارێك دەربکات، ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد و ئەفسەرەکانی سوپاکەی بەرپرسیارن لەهەموو ئەو کوشتنەی کە تاکو ئەمڕۆ ڕوویداوە لەگەڵ هەموو ئەو ڕەفتارانەی کە لەبەرامبەر هاووڵاتیانی سوریا ئەنجامیانداوە)).

**هەندێك لایەن زیاتر لەگەڵ جیهانی پێشوو دان کە سەقامگیرتر بوو لەبەرئەوەی ئەمڕۆ ناسەقامگیری لەوڵاتەکاندا هەیە**

ئەم لێدوانەی د.ڕەدوان بۆ گوڵان پێش بڕیارەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشە بۆ ناردنی چاودێری نێودەوڵەتی بۆ سوریا، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ڕژێمی سوریا دەتوانێت لەبوونی چاودێرە نێودەوڵەتیەکان دەست لەکوشتار هەڵبگرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەگەڵ ئەوەی دوای گۆڕینی هەڵوێستی ڕوسیا و چین جۆرێك لەگەشبینی دێنێتە ئاراوە، بەڵام ڕابردووی ڕژێمی ئەسەد ئەوەمان پێدەڵێت زۆر زەحمەتە ڕژێمی ئەسەد دەستبەرداری توندوتیژی بێت، هەروەك چۆن چاودێری عەرەبیان ناردە سوریا و هیچ سوودێکی نەبوو، سەبارەت بەم لایەنە ژەنرال ئەلیاس حەننا تۆژەری ستراتیژی و وانە بێژ لەزانکۆی ئەللویزە لەلێدوانێکی تایبەت بۆ


**ئەگەر ڕژێمی سوریا بمێنێتەوە، ئەوا دۆخێکی هاوشێوەی شەڕی سارد دروست دەبێت لەنێوان وڵاتە عەرەبیەکاندا**

گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (لەڕاستیدا باشترین سیناریۆ.. و خراپترین سیناریۆ لەبەردەم سوریادا هەیە، پێموایە هەموو کەس چاوی لەدەستپێشخەریەکەی ئەنانە، کە ئەم دەستپێشخەریەش بۆتە هۆی ئەوەی کێشەی سوریا بەجیهانی ببێت، بەڵام من پێموایە دەستپێشخەریەکەی ئەنان مەحکومە بەشکست. لەگەڵ ئەوەی هەندێك کەس ئەسەد بەمیلۆسڤیچ دەچوێنن، بەڵام من پێموایە ئەو دوو کەسایەتیە تەواو جیاوازن و سوریا یوگسلافیا نییە و دۆخی سوریاش تەواو جیاوازە لەدۆخی یوگسلافیا، لەیوگسلافیا دەستێوەردانی ناتۆ هەبوو، بۆردومانکردن هەبوو، بەڵام ئێستا هەموو کەس دوو دڵە لەدەستێوەردان لەبارودۆخی سوریا، هەروەها ئاکامی دەستێوەردانی سەربازی لەسوریا تەواو جیاواز دەبێت لەدەستێوەردانی سەربازی یوگسلافیا و هەروەها تەواو جیاوازە لە لیبیاش، هەروەها گەمەی نێوان هێزە گەورەکانیش جیاوازە، گەمەی کار و کاردانەوەی نێوانیان، ئەویش لەنێوان ئەمریکا لەلایەك و ڕوسیا و چین لەلایەکی دیکەوە، کەواتە گەمەکە جیاوازە، هەروەها چارەنووسی هەردوو نەتەوەکەش تەواو جیاوازە. کێشەی سەرەکی سوریا ئەوەیە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن دابەش بوون، یەکێك لەو مەسەلانەی کە ئۆپۆزسیۆنی سوری دابەشکردووە، ئەوەیە هیچ پێوەندی و هەماهەنگیەك نییە لەنێوان موعارەزە و سوپای ئازادی سوری، لەبەر ئەوە بەدیلێك نییە، چونکە نوخبەیەك نییە کە لەڕێیەوە گواستنەوەیەکی ئاسانی دەسەڵات ڕووبدات، بەڵێ ئەمە یەکێکە لەهۆکارە گەورەکان. هەربۆیە ئەمە دەوەستێتەسەر ئەوەی کە لەسوریا ڕوودەدات، ئەگەر ڕژێمەکە بڕووخێت، ئەوا دۆخەکەش زۆر دەگۆڕێت، ئەوکاتە چیتر ئەو میحوەرە نامێنێت کە پێی دەڵێن «محور المقاومە»، ئەگەر ڕژێمی سوریا بمێنێتەوە، ئەوا دۆخێکی هاوشێوەی شەڕی سارد دروست دەبێت لەنێوان وڵاتە عەرەبیەکاندا، یاخود شەڕی سارد لەنێوان




## ڕۆبەرت لۆرانس بۆ گوڵان:

**پێشبینی دەکرێت لەچەند ڕۆژی داهاتوودا سیاسەتەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەڕووی مەبدەئییەوە جموجۆڵێک بەخۆیەوە ببینێت**



## ئەلیاس حەننا بۆ گوڵان:

**ئاکامی دەستێوەردانی سەربازی لەسوریا تەواو جیاواز دەبێت لەدەستێوەردانی سەربازی یوگسلافیا و لیبیاش**



## د.ڕەدوان زیادە بۆ گوڵان:

**زیاتر لە٣٠ هەزار هاووڵاتی کوژراوە و لەهەمان کاتیشدا هیچ لایەنێکیش نییە تاکە بڕیارێکی بچووک دەربکات بۆ یارمەتیدانی هاووڵاتیانی سوریا**

وڵاتانی کەنداو لەلایەك و سوریا و ئێران و حزبوڵڵا لە لوبنان لەلایەکی دیکەوە)).

بەڵام پرۆفیسۆر ڕۆبەرت لۆرانس ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان لەزانکۆی هارفارد ڕەشبینی خۆی سەبارەت بەهەوڵە نێودەوڵەتیەکان لەسەر ڕژێمی ئەسەد دەربڕی و لەمبارەوە و لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (هەڵبەتە فشارەکان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە و ڕێگر نییە لەبەردەم ڕژێمەکەی ئەسەد بۆ وەستانی ئەو ڕەفتارە خراپانەی کە لەبەرامبەر گەلەکەیدا ئەنجامی دەدات لەڕووی کوشتنی هاووڵاتیان، هەربۆیە پێشبینی ئەوە دەکرێت کە لەچەند ڕۆژی داهاتوودا سیاسەتەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەڕووی مەبدەئییەوە جموجۆڵێك بەخۆیەوە ببینێت، بەڵام هێشتا هیچ ئەنجامنەدراوە و بەش بەحاڵی خۆشم زۆر ڕەشبینم و باوەڕناکەم هیچ جووڵانەوەیەك لەمبارەیەوە ڕووبدات، ئەگەرنا ئەوە مەسەلەکە پەیوەستە بەئەگەر و نەگەری پشتگیری لە ئۆپۆزسیۆنی سوریا بۆ ڕووخانی ڕژێمەکە، سەبارەت بەدەستێوەردانی نێودەوڵەتیش بەهۆی ئەزموونەکەی ئەمریکا لەعێراق و ئەفغانستان ئەوە ئەمڕۆ تاڕاددەیەکی زۆر دوودڵی هەیە بۆ دەستێوەردانی سەربازی، هەڵبەتە خەڵکی لەڕوانگەی لیبیا-وە سەیری کەیسەکەی سوریا دەکەن، بەڵام کەیسەکەی لیبیا پەیوەست بوو بەئاستێکی بەرز لەبەرگریی جەماوەری کە یاریدەدەر بوو لەو کەیسە، بەڵام نەك هێزێکی دەرەکی بێت و ببێتە یەکلاکەرەوەی کەیسەکە. بۆیە من وای دەبینم قسەکردن لەبارەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاسانە، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چەندین ڕاو بۆچوونی جیاوازی تێدایە و تەنیا یەك بەرژەوەندیی هاوبەشی نییە، هەربۆیە لەوانەیە هەندێك لایەن زیاتر لەگەڵ جیهانی پێشوو بن کە سەقامگیرتر بوو لەبەرئەوەی ئەمڕۆ ناسەقامگیری لەوڵاتەکاندا هەیە، هەربۆیە زۆربەی لایەنەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو ناسەقامگیرییانەی ئەمڕۆ پەسەند ناکەن، لەلایەنێکی دیکەوە هەمووان لەوە بەئاگان کە بارودۆخەکانی ئەمڕۆ کۆنتڕۆڵ ناکرێت و هەربۆیە کەس ناتوانێت ڕێگە لەڕوودانی گۆڕانکارییەکان بگرێت، هەربۆیە بەڕای من واباشترە گۆڕانکارییەکان لەباوەش بگیرێت و ئیستیعاب بکرێت، لەم هاوکێشەیەشدا لایەنێکی براوە و لایەنێکی دۆڕاوەی لێ دەکەوێتەوە)).



# کورد
# لە کۆنفرەنسی دۆستانی سوریا


کوردەکانی سوریا هیچیان لەکۆنفرەنسی دۆستانی سوریا لەئیستانبول هەڵنەکراندو یەکێ لەهۆیەکانی شکستیان سووربونیانە لەسەر بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسین یان فیدرالیزم. داواکانی کوردی سوریا هەمان داواکانی کوردی عیراقن لەساڵی ١٩٩٢ لەکۆنفرەنسی سەلاحەددین. لەکاتێکدا کوردی عیراق لەکۆنفرەنسی سەلاحەددین هەموو داواکانیان هێنایە دی، کوردی سوریا نە لە کۆنفرەنسی تونس و نە لە کۆنفرەنسی ئەم دواییەی ئیستانبول داواکانیان نەهێنایە دی. ئەمەش بەبێ هۆ نییە.

لەتشرینی یەکەمی ١٩٩٢دا، کاتێك کورد لەکۆنفرەنسی سەلاحەددین مەسەلەی فیدرالیزمی وروژاند، تا ئەندازەیەکی زۆر لەوە دڵنیا بوو کەکۆنفرەنسەکە پشتیوانی لەپرۆژەی فیدرالیزم دەکا چونکە چوار مانگ لەمەوبەر، لەکۆنفرەنسی ڤیەننا کە لەمانگی حوزەیراندا بەسترابوو، رێ بۆ تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی ئۆتۆنۆمی و فیدرالیزم و مافی چارەی خۆنووسین خۆش کرابوو. باڵانسی هێز زۆرتر بەلای کورددا دەشکایەوە، چونکە کۆنگرەی نیشتمانیی عیراق بەسەرۆکایەتیی ئەحمەد چەلەبی و هەموو گرووپەکانی تری ئۆپۆزیسیون، لەناو عیراقدا تەنیا لەهەرێمی کوردستان بارەگایان هەبوو. ئەوەندەی کەئۆپۆزیسیون پێویستی بەکورد بوو، کورد ئەوەندە پێویستی بەئۆپۆزیسیون نەبوو.

لەبەستنی کۆنفرەنسە سیاسییەکاندا شوێن و رۆڵێکی بەرچاوی هەیە. کێ شوێنی هەبێ، تێڕوانینی خۆی، یاخود لانی کەم بەشێکی گرنگ لەتێڕوانینی خۆی، دەسەپێنێ. بەکردەوە، چارەنووسی کۆنفرەنسەکە بەدەست کورد بوو، بەدەست ئۆپۆزیسیۆن نەبوو. تاڵەبانی و بارزانی رۆڵی یەکلاکەرەوەیان بینی، بەئاشکرا رایانگەیاند کە بەبێ سەلماندنی فیدرالیزم، هاوکاریی ئۆپۆزیسیۆن ناکەن. هەڕەشەکەش جێی خۆی گرت.

فاکتەری شوێن لەئیستانبول هیچ باڵادەستییەك بەکورد نابەخشێ و پێویستیی ئۆپۆزیسیۆن بەتورکیا وەك پشتیوان بۆ روخاندنی رژێمی ئەسەدو وەك مەڵبەندی گیرسانەوەی ئاوارەکان، هەژموونی تورکیای بەسەردا زاڵ دەکا. لەدەوڵەتێکدا کەکێشەی لەگەڵ کوردەکانی خۆیدا هەیە، سەلماندنی مافە سیاسییەکانی کوردی وڵاتێکی تر بەو چەشنەی کەکوردی سوریا داوای دەکا، شتێکی نزیك لەمەحاڵە. چارەنووسی کۆنفرەنسی ئیستانبول لەدەستی تورکیادا بوو. ئەنجومەنی نیشتمانیی سوریا کەوەك نوێنەرێکی شەرعیی گرنگی گەلی سوریا دانی پێدا نرا، پەی بەوە بردبوو کەرازی کردنی کورد قەرەبووی لەدەستدانی تورکیا ناکاتەوە. بەکردەوە، ئەگەر کۆنفرەنسەکە پشتیوانیی لەمافی چارەی خۆنووسینی کوردی بکردایە، بەدڵنیاییەوە شکستی دەهێنا، چونکە تورکیا وازی لەپشتگیری کردنی ئۆپۆزیسیۆن دەهێنا.

لەڕاستیشدا ناکرێ قورسایی کوردی عیراق لەناو ئۆپۆزیسیۆنی عیراق پێش ساڵی ٢٠٠٣، لەگەڵ قورسایی کوردی سوریا لەناو ئۆپۆزیسیۆنی سوریا بەیەك تەرازوو کێشانە بکرێ و هەڵەیەکی گەورەیە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی سوریا خۆی لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی عیراق بەراورد بکا. مەرج نییە ئەوەی کە کوردی عیراق بەدەستی هێناوە، دەقاودەق لەشوێنێکی تر بەهەمان شێوەو بەهەمان ئاست بەدەست بهێنرێ.



فەرید ئەسەسەرد

لەدەوڵەتێکدا کەکێشەی لەگەڵ کوردەکانی خۆیدا هەیە، سەلماندنی مافە سیاسییەکانی کوردی وڵاتێکی تر بەو چەشنەی کەکوردی سوریا داوای دەکا، شتێکی نزیك لەمەحاڵە

پشت بەستنی ئەنجومەنی نیشتمانیی سوریا بەتورکیا و کەنداو پەراوێزێکی فراوانی بۆ مانۆر سەبارەت بەمافە نەتەوەییەکانی کورد بۆ دابین ناکاو پێداگرتنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لەسەر هەندێ داخوازیی بەباق و بریق ئەو دەرفەتەی بۆ نارەخسێنێ کەبتوانێ پێوەندییەکی پتەو لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا ببەستێ و رۆڵێکی کارا لەپرۆسەی بەدیهێنانی گۆڕانی سیاسیدا بگێڕێ.

بەڵام بڵاوکردنەوەی دیکۆمێنتێکی تەواوکەری دیکۆمێنتی پەیمانی نیشتمانی لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی سوریاوە سەبارەت بەمەسەلەی کورد چانسێکی گونجاوی بۆ دەمەزەردکردنەوەی پێوەندیی نێوان کوردو ئەنجومەن دابین کردووە، بەتایبەتی کەئەنجومەن ئەوەی سەلماندوە کەئەم دیکۆمێنتە «پراکتیزەکردن و بەشێکی جیانەکراوەی پەیمانی نێوان لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنە». ئەگەرچی دیکۆمێنتەکە نە باسی مافی چارەی خۆنووسین و نە باسی فیدرالیزم و ئۆتۆنۆمی دەکا، بەڵام چەردەیەك مافی گرنگی لەڕووی سیاسی و رۆشنبیرییەوە لەخۆ گرتووە کەدەرفەتێکی لەبار بۆ کاراکردنی رۆڵی سیاسیی کورد لەسوریای پاش نەمانی رژێمی ئەسەد دەرەخسێنێ. ئەم دەرفەتە نابێ لەدەست بدرێ نەك هەر لەبەر ئەوەی کەئێستا چانسی لەوە چاکتر لەئارادا نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کەهەلومەرجی ئێستای سیاسیی سوریا هەر ئەوەندەی لێ هەڵدەکرێندرێ.

# بۆساڵیادی شۆڕشگێڕو تێكۆشەر
# كاك جوهر نامق سالم (سەلیم سۆرانی)

دكتۆر شێرزاد نەجار

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

کاتێك مرۆڤ ئاوڕێك بۆ دواوە دەداتەوەو لە قووڵایی ڕووداوەكانی ڕابردوودا ڕۆدەچێت، هەوڵ دەدات بۆ ڕۆژانی داهاتووی وانەو پەندی لێ وەربگرێت، كە تەماشای ساڵانی حەفتایەكانی سەدەی ڕابردووی عیراق دەكەین كە لە چوارچێوەی بزاڤی ڕزگاریخوازی كوردیدا چ ڕووداوگەلێكی تێدا قەوماوە، هەزاران كوڕو كیژی كورد دێنەوە پێش چاومان كە جووڵێنەرو هێزپێدەرو هاندەرو داینەمۆی ئەو بزاڤە پڕشنگدارە بوون، هەموو ئەوەشیان لە پێناوی بەرگری كردن بووە لە ڕێبازەكان و لە بوونی ئەم میللەتە،



یەكێك لەوانە: جەوهەر نامق بوو كە لە دەڤەری گەرمیانەوە گەیشتە ناو بەغدای بژوێن و ئامێزگرتوو بۆ هەموو چالاكییە سیاسییەكانی ناوجەرگەی عیراق لەو زەمانەدا..

تا ببێتە مەشخەڵ بۆ ڕۆشنكردنەوەی ڕێی ئەو گەنجانەی هاوزای خۆی شانازییان بە نەتەوەیی بوون و بزاڤە شۆڕشگێرییەكەیانەوە دەكرد، كاكە جەوهەر لاوێكی باریكەلەی باڵابەرز بوو، بەڵام، لە ناو یەكێتی قوتابیانی كوردستان كە ئەو كات هاوڕێ و برای تێكۆشەرمان( فەرهاد عەونی ) سەرۆكایەتی دەكرد تژی بە چالاكی بوو.

كاكەجەوهەر بە دەسپێشخەریی و چالاكی و خوێن گەرمی و تەحەدداكردنی دەسەڵاتی ستەمكاری ئەوسا، داینەمۆو كۆسوڕێكی بزووتنەوەی قوتابیان بوو، ئەو كاتە لە پێناوی ئامانجێكی پیرۆزدا تێكۆشان بۆ خۆی چێژو دڵخۆشی و قوربانیدانی تێدا بوو: تێكۆشان بە واتای خزمەت گەیاندن بوو بە بەرژەوەندییە باڵاكانی گەلی كورد، هاوكات تێكۆشان سیخناخ بوو بە زۆرباری سامناك و مەترسیدارەوە، لەوانەش بوو لە هەر ئان و ساتێكدا بوایە، ئەو تێكۆشەرە ببوایەتە هۆیەك بۆ نەمانی ڕۆحی مرۆڤانەی خۆی، بە دڵنیاییەوە وەچەی گەنجانی ئەمڕۆمان كە شوێن پێی ئەو وەرچەرخانە پڕ مەترسیانەیان هەڵنەگرتووەو بە چاوی خۆیان نەیانبینیوە، قەدری بەهای تێكۆشانی ئەوێ ڕۆژگارێ ناگرن(تەنانەت ئەگەر بە قسەش بێت)، لەو كەشوهەوا تەمومژاوییەدا كاكە جەوهەر یەكێك بوو لەوانەی هیچ سنوورێكی بۆ چالاكییەكانی خۆی نەهێشتبۆوە، بەڵكو لە تێكۆشانیدا (تێكۆشەرێكی بێ سنوور بوو) لە هەر شوێنێك كە پێویستیان بە تێكۆشەرێكی سەرچیغ و یاخی ببوایە، ئەوت دەبینیەوە، لە تێكۆشانەكانی یەكێتی قوتابیانی كوردستان بەو شێوەیە بوو كە باسی دەكەم، باشمان لە یادە ئەو لاوە تێكۆشەرە یاخیگەرە لە كۆبوونەوەو كۆڕی خەبات و دیالۆگ هەڵدەسوڕا تا گەیشتە ئاستێكی وا چیدی بەو شێوازە دڵسۆزانەیەوە دروست نەبوو بە ئاشكرایی بەردەوام بێت و لە بەغدا لەسەر تێكۆشان بمێنێتەوە بۆیە ناچار بووئەو شارە بەجێبهێڵێت و حەسرەتی ئەو

جێهێشتنەش بۆ ئەو، گەلێك پڕ لە خەم و ئەستەم و هاوكات لە دڵ و دەروونیدا گران بوو، بەرەو مەیدانی ڕاستەقینەی تێكۆشان ڕۆیشتەوە بۆ:كوردستان، تا لەوێوە وەك پیشەی هەمیشەیی، كاكە جەوهەر لەسەر چالاكی و تێكۆشانەكانی خۆی بەردەوام بوو، هێندە سەر دەستانە ئاوێزانی كارەكانی دەبووەوە بە پلەیەكی وا كە هەمیشە ماندوو بوونی خۆی لە یاد دەكرد، هێندە تیژبین و دوور ڕوانین بوو كە ڕۆحانیەت و سۆفیگەرێتی و ئایدیالیستی لە ڕوانینەكانیدا بەدی دەكرا، دەیەویست هەموو شتێك لە كارەكانیدا تەواوو كامڵ بێت، بە وردی پلانی دادەڕشت و بە وردیش جێبەجێی دەكردن، لەوەشدا هەردەم لەگەڵ ئەوانەی بە تێروانین و پێوەرە وردەكانی ئەمەوە كاریان نەدەكرد ڕووبەڕووی كۆمەڵە گرفتێك دەبوەوە، بۆیە زۆر هاوڕێی لە دەست دا بە هۆی گێژاوی خەمخۆرنەبوونیانەوە بە كارەكانەوە.

هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە ئازاری 1974 حەماسەتێكی زیاتری پێ بەخشی بۆ ئەوەی شەوو ڕۆژ بخاتە سەر یەكترو لە پێناوی شۆڕش و ئامانجەكانیدا چالاكی زیاتر ئەنجام بدات، لە كارەكانیدا سەر ڕاست و ڕاستگۆو ئەستۆ پاك بوو، بە شێوەیەك لە تارترین بارودۆخدا دەستبەرداری خەسڵەتە سەربەرزو جوانەكانی خۆی نەدەبووەوە، بە تایبەتی لە مەنزڵگەی شۆڕشدا لە ناوپردان.

كاتێك شۆڕش لە ئازاری ساڵی 1975بەرەنگاری پیلانێك بووەوە بۆ نسكۆ پێهێنانی، زۆربەی كادرو ئەندامە چوست و چالاكەكانی شۆڕشی كورد ناچاربوون ڕوو لە وڵاتی ئێران بكەن، كاكە جەوهەر لە پێشەنگی ئەوانەدا بوو كە بەرگرییان لە گەل و بەردەوامبوونی شۆڕشەكە دەكردەوە، بەو شێوەیە ترپەی دڵی ژیان لەلای كاكە جەوهەر ڕانەوەستا، بەڵكو تەحەددای ئەو واقیعە نوێیەی كردەوەو هەوڵی گۆڕینی دەدا، لەم ڕووەوە كاكە جەوهەر لە ژمارەیەك لە ژمارەكانی گۆڤاری گوڵان كە لە حوزەیرانی 2010 بڵاوكرایەوە نووسیبووی (دەسپێكی بەرخودان و بەگژداچوونەوەی نسكۆی شۆڕشی ئەیلول، لە دوا چركە ساتەكانی پێش كۆتایی مانگی ئاداری 1975وە دەستی پێكرد. لە سەرەتای نیسانی ساڵی 1975و پاش چەند دانیشتن و لێكدانەوەی ڕەوشەكەو پێش ناوەڕاستی مانگی نیسانی 1975دەستەبژێرێك لە سەركردایەتی و كادیرە پێشكەوتووەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان بە سەرۆكایەتی بارزانی نەمر، وەك (ناوك/ نواە) ی (سەركردایەتی كاتیی) ئەركی ڕێكخستنەوەو ئامادەكاری بۆ قۆناغی نوێ خستە ئەستۆی خۆیان، لە سەرەتای پاییزی ساڵی 1975و لە دانیشتنێكی تایبەتی (دەستە) كە لە ماڵی جەنابی كاك مسعودو پاش لێكدانەوەی ڕەوشەكە) بە كۆنووسێكی فەرمی ...، چەندین بڕیاری چارەنووسساز وەرگیران كە: جەمسەری یەكەم: گەڕانەوە بۆ كوردستان. بۆ ئەمەش بڕیاردرا كوردستانی عیراق بكرێت بە دوو هەرێم:1/2 وجادەی هامیلتۆن سنووریان بێت. هەر هەرێمێك بە پێی هەلومەرج و توانای خۆیان هەیكەلیەتی ڕێكخستنەكانی دارڕێنێتەوەو چ بە پێی پێڕەوەی ناوخۆی پارتی و چ لەسەر هێڵ و بۆڵ، ئامادە باشی بكرێت بۆ خەباتی چەكداری (...). بۆ هەرێمی یەك(بەندەو كەریم سنجاری) دانراین ...جەمسەری دووەم:بەیانێك بە ناوی (پارتی دیموكراتی كوردستان) ئامادە بكرێت تێیدا باس لە هۆكارە سەرەكییەكانی نسكۆو هێڵە سەرەكییەكانی خەباتی نوێمان بكات، و بەندە تەكلیف كرا بە نووسینی ئەو بەیانەو دروشمی بەیانەكەم بە (كوردستان الساحة الحقیقیة للنضال. ناضلی یاجماهیرنا و ارفضي واقع النكسة) ڕازاندەوە(...). لە دوا كۆبوونەوەمان بڕیاردرا ئەو بەیانە بە ناوی (القیادە الموقتە/ سەركردایەتی كاتی) پارتی بێت، بەرواری 10/ 12/ 1975مان وەك( سەعاتی سفر) بۆ دانا، بەو پێیە كە دەبێت لەو ڕۆژەدا لە هەردوو هەرێم بڵاو بكرێتەوە. دواخستنی ڕاگەیاندنی و بڵاوكردنەوەی بۆ ئەو بەروارە، بەند بوو بە هەلومەرجی جووڵانەوەو گەیشتنمان بە مەنزڵی خۆمان( بەندەو كەریم) بۆ ناوچەكانی بادینان...، دامەزراندنەوەی سەرەتاكانی ڕێكخستنەكانمان هەروەها بۆ غافیڵ كردنی دوژمنانی كورد

لە بەیاننامەی مێژوویی گرنگی ئەوسادا ئەمەش هاتبوو:

((ئەگەر ئەو بارودۆخە بابەتیانەی كە بوونە هۆی لەمپەڕ لەبەردەم پارتی دیموكراتی كوردستان و شۆڕشەكەیدا هۆكار بووبن بە گەیشتنمان بەم دۆخە، ئەوا واقیعی حزب و شۆڕش تەختكەری ڕێگە بوون و بە پلەیەكی گەورە هاوبەش بوون لە دیاریكردنی ڕێڕەوەكەدا))

بەیاننامەكە زیاتربەم شێوەیە درێژەی هەبوو:

پارتی دیموكراتی كوردستان — قیادە موقتە.. بە ڕێگەی شۆڕشگێڕانەی خۆیەوە جەخت لەسەر درێژەدانی تێكۆشان دەكاتەوە.. بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی كورد بەو پێیەی بزاڤی گەلێكی چەوساوەیە، بەشێكە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی جیهانیی و ڕێچكەیەكە لە ڕێچكەكانی ڕەسەنایەتی...

بەرپرسیارێتی مێژوویی دەكەوێتە ئەستۆی هەمووانەوە، ئێمەش بڕوامان بە سەركەوتنەو بڕوامان بە هۆشیاری و ئازایەتی گەلی كوردی تێكۆشەرمانە))

كاكە جەوهەر لە پێشەنگانی ئەوانە بوو كە بۆ كوردستان گەڕانەوەو لە دەڤەری بادینان نیشتەجێ بوو، تا بە سەرلەنوێ دارشتنەوەی پەیكەربەندی حزبی و ڕێكخستنی پێشمەرگایەتییەوە خەریك ببێتەوە، ئیتر بە ناوی سەلیم سۆرانی یەوە دەستی پێكردەوەو توانایەكی بەرزی ڕێكخستنەوەی لە پێناوی دانانەوەو ئامادەكردنەوەی پێشمەرگەكان خستەگەڕ بۆ بەردەوامیدانەوە بە شۆڕشەكەو هەڵگیرسانەوەی لە 26ی گوڵانی ساڵی 1976

لەو كاتەوە سەلیم سەركردەیەكی مەیدانی و خاوەن تواناو كەسێكی چوست و چالاكی باڵا بوو لە كاری ڕێكخراوەیی و لێپرسینەوەشی لەگەڵ ئەوانە دەكرد كە كەمتەرخەم بوون و خۆیان كەلادەخست، چالاكیەكانی پێشمەرگە بە ڕادەیەكی وا بەرفراوانتر بوو، هۆیەكانی ڕاگەیاندنی دنیا باسیان لە چالاكییەكانی شۆڕشگێڕانی كورد دەكرد..

ئەم حاڵەتە بەردەوام بوو تا كۆنگرەی نۆیەمی پارتی كە لە تشرینی دووەمی ساڵی 1979 سازدرا، لەو كاتەشدا كاكە جەوهەر بۆ سەركردایەتی خۆی هەڵنەبژاردو بەو شێوەیەی خۆی مایەوە تا بەستنی كۆنگرەی دەیەمی پارتی لە ساڵی 1989 كە لە سەركردایەتی پارتییەوە هەڵبژێردرا..

كاكە جەوهەر بە هەمان ڕۆحیەت و پەرۆشبوون و توانایەی جارانیەوە كاری دەكرد تا هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینەكەی ساڵی 1991 كە هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمانی كوردستان و حكومەتی هەرێمی لێ كەوتەوە، بەو شێوەیە سەردەمێكی تازەی كاروانی كاكە جەوهەر هاتە ئارا و كاكە جەوهەر بوونی خۆی وەك پیاوێكی دەوڵەتمەدار لە شێوازێكی بەرز سەلماند، وەك پیاوی ئەركە سەختەكان ڕۆڵێكی پێشەنگانەی لە بزاڤی شۆڕشگێڕی كوردایەتیدا گێڕا، بە بەردەوامی وەك منارەیەك و ئیلهامبەخشێك بۆ شۆڕشگێڕە درەوشاوەكان دەمێنێتەوە ئەو شۆڕشگێڕانەی كە جگە لە بەرژەوەندی گەلەكەیان و ڕزگاركردنی خەڵكی لە كۆیلایەتی بیر لە هیچ شتێكی تر ناكەنەوە، ئەم وشانە دەنووسم و لە ناخمدا حەسرەت دەكێشم بۆ ئەوەی جارێكی تر چیدی كاكە جەوهەر نابینمەوە ئەوەش لە پاش دوا چاوپێكەوتنی بەڕێزیان كە لەگەڵ برای دكتۆر ساحیب قارەمان و كاكە خالید لە هۆتێل خانزاد یەكترمان بینی و دیالۆگەكەشمان لە ڕووی فكرییەوە پڕ نەشئەو پڕبەرهەم بوو، پێكەوە تا كاتێكی درەنگ وەختی شەوێكی حوزەیرانی ساڵی 2010 مان بردە سەر.



## بیرمەندی سۆدانی خالید تیجانی نوور بۆ گوڵان:

# ڕاپەڕینەکانی بەهاری عارەبی لە ڕاپەڕین و هەڵچوونەوە نزیکتربوون، پێویستە دیموکراتیەت بگۆڕدرێت بۆ پیادەکردنی سیاسەت و کەلتووری کۆمەڵگەیی

ئەزموونی بزووتنەوەی ئیســـلامی سۆدانی و بارودۆخی ئەو بزووتنەوەیە لە سەروەختانی جڵەوگرتنە دەستی دەسەڵاتیاندا وەك یەکەمین فەرمانداری ئیســـلامی لە وڵاتێکی عارەبیدا، جێی ڕابوون و لێتوێژینەوەیە، ئەم بزاڤە بەر لە گەیشـــتنی بە فەرمانڕەوایی بە هەموو پێوەرەکانـــەوە بزاڤێکـــی ئومێدبەخش بووە؛ بە تایبەتی بـــەو هەموو کادرەی کە لە هەموو بوارەکاندا تێزوپرۆژەو شـــارەزاییەکانی خۆیان ئامادە کردبوون، بۆیە ئومێدێکی مژدەبەخش بوون بۆ ســـۆدانییەکان، بەڵام ئێســـتا لە نێوان هەنگاوە بەراییەکان و ئومێدەکاندا کەلێن و دوورابیەکی فراوان کەوتۆتەوە.



پێداچوونەوەی ئیســـلامیەکان بۆ ئەزموونەکەیان لە حوکمداریدا، ئەمیش پنتێکەو پێویستی بە ڕابوونە، کە هێندە ئەو ڕەخنانە قووڵ و ڕاســـتگۆیانە دەدرکێندرێت هەموو نەنگی و عەیب و عاری ئەزموونەکانی تری لە خراپیدا تێپەڕاندووە، پرســـیارەکە لێرەدایە ئایا ئەم بیرەوەری نووسین و ڕەخنانە لە ناو ڕیزەکانی ئیسلامییەکان کە خۆیان لە خۆیانی دەگرن پێداچوونەوەیە بۆ چاکسازی یان ڕاگەیاندنە بۆ کۆتایی ڕێگەکە..

لەم وتووێژەدا ئەو پرســـیارەو زۆرانی تریش لەسەر ئەزموونی بزووتنەوەی ئیسلامی سۆدان و باروگوزەرانی ســـۆدان دەوروژێنین، هەروەها سەبارەت بە شۆڕشەکانی جیهانی عارەبی پرسیار لە بیرمەندو نووسەری ناسراوی سۆدانی دکتۆر خالید تیجانی سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئیلاف دەکەین، کە یەکێکە لە عاقڵمەندە دیارەکانی ناو بزووتنەوەی ئیســـلامی سۆدانی.

ئەسما حوسەینی ئەم دیمانەیەی بۆ گوڵان ئەنجام داوە

*** بۆچی هەردوو دەوڵەتی سۆدانی شکستخواردوو بوون لەوەدا کە بە پێی ڕێکەوتننامەیەك مەسەلە هەڵپەسێردراوەکان یەکلایی بکەنەوە؟**

ـــ هۆکاری ڕاستەقینەی نەگەیشتن بە ڕێکەوتنێك لە نێوان هەردوو دەوڵەتی سۆدان ئەوەیە کە حکومەتی باشووری سۆدان دەیەوێت نەك تەنیا لەسەر مەسەلەی نەوت بەڵکە لەسەر هەموو کێشە هەڵپەسێردراوەکان بگاتە چارەسەرێك، واتە دەیەوێت ناکۆکی لەسەر ناوچەی ئابی سەرسنووری جێی کێشەلەسەر؛ یەکلایی بکاتەوە، هەروەها ئەو پێنج خاڵەش کە جیاوازی لەسەر دروست بوون، لە کاتێکدا حکومەتی سۆدانی تەنیا چاوی لە چارەسەرکردن و ڕێکەوتنە لەسەر بابەتە نەوتییەکە، لە هەموو بارەکاندا ئەم کێشانە گرێبەندن بە هۆکارە دەرەکییەکانەوە بە تایبەتی پابەندن بە وڵاتی چینەوە کە وەبەرهێنێکی سەرەکی بواری نەوتە لە سۆداندا و یەکەمین سوود وەرگرە لە بەردەوامیدانی بە دەرهێنانی نەوت

*** بەڕێزتان لە نزیکەوە ئاگاداری شۆڕشەکانی جیهانی عارەبین، چۆن چۆنی هەڵیدەسەنگێنن؟؟**

ـ گرنگترین شت تێیدا گوزارشتە لە توێژی گەنجان و وەچەی تازەی هاووڵاتیانی عارەبی کە چیدیکە لە ژێر سایەی ستەمکاری دەوڵەتانی جیهانی عارەبی ناتوانن بژین ئەگەر وەچەکانی پێشوو توانیبێتیان لەگەڵ ڕژێمە سەرکوتکارەکان خۆبگونجێنن و گەرچی بە جۆرەها ڕێگەی ترەوە بەرەنگاریشیان دەبوونەوە بەڵام وەچەکانی ئێستا توانایان هەیە دیواری بێدەنگی بشکێنن و ڕووبەڕووی بارودۆخی ستەمکاری ببنەوە، بۆ ئەمەش لە ئامرازەکانی تەکنیکی سەردەم بۆ بەیەکگەیشتن سوودمەندبوون.

***تا چ ڕادەیەك دەتوانین بڵێین ئەم شۆڕشانە لە هەموو ڕوویەکەوە کامڵ بوون؟**

ـ شۆڕش لە پێناسینی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریدا مەسەلەیەکی مەزنترەو بەتەواوی تا ئێستا وەدینەهاتووە، چونکە

**وا چاوەڕوان دەکرێت چین گوشار بۆ هەردوو جەمسەری ناکۆك بە یەکتر بهێنێت بۆ ئەوەی لە بڕیارەکانی خۆیان پەشیمانیان بکاتەوە بە تایبەتی لە بەرهەمهێنانی نەوت و هەناردەکردنیدا**

**ئەوانەی شۆڕشیان بەرپاکردووە گەنجانن، نەتەقالیدو نە ئەزموونی پێشتریان هەبوو لە بەڕێوەبردنی سیاسییانەی شۆڕش و بەڕێوەبردنی فەرمانڕەواییدا. تەنیا لە لابردنی ستەمەکە سەرکەوتن**

ئەوانەی شۆڕشیان بەرپاکردووە گەنجانن تەنیا لە لابردنی ستەمەکە سەرکەوتن، بەڵام وەدیهێنانی هەق، مەسەلەیەکی ترە، پێوەندی هەیە بە وەرچەرخانەوە، کە دوورترە مەسەلەی گۆڕینی سیاسیی، شۆڕش بە تەنیا بریتی نییە لە نەهێشتنی ڕەمزو کەسایەتییەکانی ڕژێمێك، چونکە ئەو سیستمانە بە تەنیا کەسانێکی دیاریکراو گوزارشتیان لێ نەدەکرد بەڵکو کۆمەڵێك بەرژەوەندی پێکداپژاویان پێکهێنابوو، بۆیە دەزگاو کەسانی تر توانییان هەڵسوڕاوانی ڕاستەقینەی شۆڕش بخەنە دەرەوەی هاوکێشەی فەرمانڕەوایەتی، چونکە وەچەی نوێ بێ ئەزموون بوون لە گۆڕینی واقیعدا..

*** مەبەستتە بڵێی ڕژێمەکانیان گەمارۆدا بێ ئەوەی گۆڕانکاری چاوەڕوانکراو بهێننە دی؟**

ـ لابردن و گەمارۆدانی ڕەمزەکانی پێشووی ڕژێمێك بەس نییە بۆ سەرکەوتنی شۆڕش، چونکە پرۆسەی گۆڕین و پەرەپێدان لە جیهانی عارەبیدا وابەستەیە بە گۆڕینی کەلتووری ڕۆشنگەرییەوە، پێویستە دیموکراتیەت بگۆڕدرێت بۆ پراکتیکێکی پیادەکراوی ڕۆژانی سیاسی و کەلتووری ناو کۆمەڵگە واتە ژێرخانێکی ڕەگداکوتاو بچێنرێت بۆ پیادەکردنی دیموکراتییەت، نەك تەنیا لە سیاسەتدا بەڵکو لە هەموو ئاستەکاندا چ لە ناو خێزان یان لە ناو خوێندن، ئەمە کاروانێکی دوورو درێژە تا دەگەیتە سیستمێکی دیموکراتیکی ڕاستەقینە، چیدی دیکتاتۆر ناتوانێت لە سەدەی بیست و یەکەمدا درێژە بە حوکمی خۆی بدات لە وڵاتەکانماندا..

*** هەن وا لێی دەڕوانن کە ئەوەی ڕوویداوە هەڵچوونن نەك شۆڕش؟**

ـ سەرەتا وایە، ڕاپەڕینێکی خێراو هەڵچوونن، مێژوو دواتر بڕیار دەدات ئایا دەبنە شۆڕش یان نا، هەموو شۆڕشەکانی دنیا ساڵانێکی ویستووە، تا سیستمی کۆن لاچووەو سیستمی نوێ هاتۆتە پێشەوە، لە هەموو حاڵەتەکاندا سیستمە نوێیەکە هیچی وای لەوەی پێشوو جیاواز نەبووە بەڵام شۆڕش بە وەرچەرخانی ئیجابییانەی کە لە وڵاتەکەدا دروستی دەکات دەبێتە شۆڕش، ئەو شۆڕشەی ڕەمزەکانی ڕژێمی وەلاخست لەم قۆناغەی ئێستادا دەتوانێت بچێتە قۆناغی دواترو وەرچەرخانێکی گەوهەری لە ناو کۆمەڵگە وەدیبێنێت لەسەر ئاستی بەها باڵاکانی بۆی ڕاپەڕیون کە بریتین لە بەهاکانی ئازادی و دادپەروەری و شەفافیەت و یەکسانی و پێشکەوتنی زانستی و ئابووری کە ساڵانێکیان دەوێت بۆ وەدیهاتن، دواتر دەتوانرێت حوکم بدەین لەسەر ئەوەی ئایا ئەوە شۆڕش بووە یان تەنیا تووڕبوونێکی ساتەوەختی، پێویستە ئەم حاڵەتە لە ڕەگەوە بارودۆخێك بگۆڕێت بەرەو دامودەزگاییکردن و باری سەقامگیرکردن و پیادەکردنی دیموکراتیەتی دروست کە تێیدا بەهاکانی ئازادی و دادپەروەری و دەساودەست کردنی دەسەڵات و ڕێزگرتنی ڕای بەرانبەری تێدا فەراهەم بێت..

**بزووتنەوەی ئیسلامی سۆدانی لە ڕێی کودەتاو هێزەوە گەیشتە حوکم و گەمەکەی بەڕوونی وەدەرکەوت کە ناتوانێت بوونی خۆی لە دەسەڵات بپارێزێت تەنیا بە هێزەوە نەبێت**

*** شۆڕشەکانی جیهانی عارەبی ئەم ساتمانەی ئێستای تێدەپەڕێنێت کە سەرسمی پێ داوە؟**

ـ ئەم گرفتانە بەشێکە لە سروشتی هەموو وەرچەرخان و شۆڕشێکی مەزن لە دنیاداو کاتی پێویستە، حاڵەتێکە لە دیالۆگ و شەنگەبێژی، ئێستا کێبەرکێ لە ئارادایە بۆ بەرجەستەبوونی بنەماکانی سیستمێکی نوێ، کە بێگومان بە بڕیارێك دروست ناکرێت بەڵکو بە هۆی پاڵنەرە کۆمەڵایەتیەکانی هێزە هەمەچەشنە سیاسیەکان و دەستەبژێرەکانەوە دروست دەبێت، بەڵام ئێمە لە وڵاتانی عارەبیدا بە دەست حاڵەتی تریشەوە دەناڵێنین، دەسەڵاتە ستەمکارەکان بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ فەرمانڕەوا بوون و کاریان کردۆتە سەر هەموو باڵەکانی دەسەڵات، کەواتە ئەو دەسەڵاتە بە تەنیا لە سەرۆکدا کۆنەبۆتەوە بەڵکو ڕەگەکانی بەرەو ناو هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەت ڕۆچووەو بەرژوەندی و پابەندبوونیان بە ڕژێمی پێشوو هەبوون، بۆیە وەلاوەنانی سەرۆك و زەعیم بەتەنیا بەس نییە لەکاتێکدا پاشماوەکانی ئەو ڕژێمە ماونەتەوەو ڕۆڵی

پاراســـتنی دەسکەوتەکانی پێشوویان، ئەمەش دەبێتە هۆی بەربەست لەبەردەم وەرچەرخانەکەدا بۆیە پێویستە شۆڕشگێڕان پشوو درێژتر بن و وانەزانن گۆڕانکاری لە شەو و ڕۆژێکدا دێتە دی، لەوەش تێبگەن هەموو ئەنجامەکە بریتی نییـــە لە داگاییکردنی ســـەران و ڕەمزەکانی ڕژێم، بەڵکـــو بریتییە لـــە هاندانی کۆمەڵ بـــۆ گۆڕینی کەلتـــوورو ڕەفتارەکانی خۆی تا بـــە بەرهەمترو پڕکاراتر بێت، پرۆســـەی بونیادنانەوەو وەرچەرخان بـــە تاك وەدینایەت ئەگەر هەموو کۆمەڵ هاوکاری و هاوبەشی یەکتر نەکەن لە سەرخســـتنی شۆڕشـــەکەدا، لەوەش بگەن کە مەسیجەکانیان نابێت بە تەنیا ئاڕاستەی سەرانی فەرمانڕەوا ئەو گۆڕینەی لە ســـەری هەرەمەوە یان بە پێی بڕیارەکانی حکومەت دەکرێـــت، گۆڕینێکی ڕووکەش و کاتیـــی دەردەچێت، بەڵام ئـــەوەی لە گەلەوە هەڵبقوڵێت دەتوانێت دەســـکەوتەکانی شۆڕش بپارێزێت..

**پرۆسەی بونیادنانەوەو وەرچەرخان بە تاك وەدینایەت ئەگەر هەموو کۆمەڵ هاوکاری و هاوبەشی یەکتر نەکەن لە سەرخستنی شۆڕشەکەدا، لەوەش بگەن کە مەسیجەکانیان نابێت بە تەنیا ئاڕاستەی سەرانی فەرمانڕەوا بێت بەڵکو ئاڕاستەی جەماوەریش بکرێت**

*** ئایا شۆڕشـــەکە هەموو ناوچەکانی تری وڵاتانـــی عارەبی دەگرێتـــەوە یان لە هەندێ وڵات و ناوچەی دنیـــادا لەمپەڕی دەخرێتە پێش؟؟**

ـ وڵاتانی عارەبی تەنیا دوورگەی دابڕاوی جیهان بوون کە لەو جۆرە ڕژێمە ستەمکارانە کۆنترۆڵیـــان کربوو، لـــەوان بترازێت هەموو سیســـتمە سیاســـیەکانی ناوچەکانـــی تری دنیـــا جۆرێك لـــە پەرەپێدان و چاکســـازییان بە خۆیانەوە بینیـــوە، هەولیش دراوە وەڵامی پەرەســـەندنەکانی سەردەمەکەیان بدەنەوە تا لە ڕووی دیموکراتی و کرانەوەوە باشـــتربن بەڵام ناوچـــەی عارەبی تاقانە ناوچـــەی جیهانە کە بەم شـــێوازە کلاســـیکیەتەی سیســـتمی خۆ فەرزێنـــەوە ماوەتـــەوە تەنانـــەت زۆربەی وڵاتانی ئەفریقایی وەرچەخانی دیموکراتییان بە خۆیانەوە بینیوە بە بێ ئەوەی پێویســـتیان بە شـــۆڕش بێت ئەو وڵاتانەی شۆڕش هێشتا نەیانگەیشتۆتێ ئەوانە پێویستە پەند وەربگرن لەمەی ڕوویداوەو خێرا وەڵامی داخوازییەکانی گۆڕانکاریی بدەنەوە کە بوونەتە حەتمەیەتێك چ بە شـــۆڕش یان بێ شۆڕش وەدیدێن، ئەو سیســـتمانەی لەم پەیامـــە دەگات و هەوڵ بۆ دەســـەبەرکردنی پرۆســـەی چاکســـازی بدات لە شەپۆلی شۆڕشـــی ڕزگاریخوازیی کەناردەکەوێت و ئەو ئازارو خوێنڕشـــتنەش لە کۆڵ گەلەکەی دەکاتەوەو هەمان سیناریۆی وڵاتانی تری تێدا ڕووناداتەوە، سەرانی عاقڵ دەتوانـــن گەلانی خۆیان لـــەم تێچوونە بەرزو زەحمەتیە وەلا بنێن و ڕاستەوخۆ بەرەو پرۆسەی چاکسازی هەنگاویان توند بکەنەوە.

*** لە شـــوێنێك نووســـیوتە کـــە بزووتنەوەی ئیســـلامی ســـۆدانی کەڕژێمی ئێســـتا بە ناوییەوە فەرمانڕەوایەتی دەکات لە قەیراندایە. بۆچی؟؟**

ـــ قەیرانەکەیـــان لـــەو کاتەوە ســـەریهەڵدا کەڕێزیان لەو سوێندەی خۆیان نەگرت بەوەی ڕێز لە سیستمی دیموکراتی بنێن دواتر چوونە نـــاو قووڵایی قەیرانەکـــەوە بە هۆی ئاڵۆزی گرفتەکانی ســـۆدانەوە ئەمـــەش بەرەو چەند هەڵەیەکی تری ڕاپێچا هەر لە پێشێل کاری بە مافەکانی مرۆڤەوە تا سڕینەوەی ئەوانی ترو هەڵگیرسانی جەنگ لە باشوورو بڵاوبوونەوەی تیرەگەرێتی و دواجار دابەشکردنی وڵاتەکەو لە هەمووی خراپتر ئەوەبوو کە ئەم کودەتایەی بزاڤی ئیســـلامیەکان نەیتوانی ئیسلامیەکان یەك بخات لە نـــاو خۆیاندا نەیتوانی یەکێتی خاکـــی وڵات بپارێزێـــت واتە خۆیـــان بوونە قوربانی کودەتاکەی خۆیـــان لەبەر ململانێ کردنیان لەســـەر دەسەڵات خۆیان پەرت پەرت بـــوون و وڵاتیشـــیان هەلا هەلا کـــردو زۆر کارەساتی تریشیان خوڵقاند..

*** ئەو پەندە چییە کە ئیسلامیەکانی سۆدان دەیخەنـــە ڕوو بۆ هاوشـــێوەکانیان لە جیهانی عارەبی ئەوانەی تازە دێنە ســـەر کورســـی دەسەڵات؟؟**

**وڵاتانی عارەبی تەنیا دوورگەی دابڕاوی جیهان بوون کە لەو جۆرە ڕژێمە ستەمکارانە کۆنترۆڵیان کربوو، لەوان بترازێت هەموو سیستمە سیاسیەکانی ناوچەکانی تری دنیا جۆرێك لە پەرەپێدان و چاکسازییان بە خۆیانەوە بینیوە**

**ئەم کودەتایەی بزاڤی ئیسلامیەکان نەیتوانی ئیسلامیەکان یەك بخات لە ناو خۆیاندا نەیتوانی یەکێتی خاکی وڵات بپارێزێت واتە خۆیان بوونە قوربانی کودەتاکەی خۆیان لەبەر ململانێ کردنیان لەسەر دەسەڵات**

ـــ پەندەکـــە ئەوەیـــە ئارامگرتن لەســـەر گەمەکانـــی دیکتاتۆریـــەت باشـــترە لـــە کودەتاکـــردن لەســـەری، لە تونس و میســـر بزووتەنـــەوە ئیســـلامیەکان ئارامگرتووبوون لە بەرانبەر ئەو ســـەرکوتکارییەی دوچاری دەبوونەوە کە زۆر لەوەی بەسەر ئیسلامیەکانی ســـۆدان هـــات زیاتریش بوو، پەنـــدی دووەم ئەوەیە کە بزووتنەوەی ئیســـلامی ســـۆدانی پێویستە هۆشـــیار بێت بەو کۆمەڵگەیەی لە ناویدا دەژی، بزووتنەوەی ئیسلامی سۆدانی لـــەم ڕووەوە نەزان و نەفام بـــوون لە بەرانبەر سرووشـــتی پێکهاتەی گەلی سۆدانیدا کە بە پێچەوانەوە زەرەروزیانی زیاتری لەو گەلە دا

*** سەرچاوە ئیسلامیەکانی ئێستای سۆدان لەبەرانبەر ئەو هەموو ناهەمواریيەی ڕوویداوە هیـــچ ڕەخنەو ڕەخنە لـــە خۆگرتنێکیان تێدا دروســـت نەبووە، ئەگەر شـــتی وا هەیە ئایا تەنیا بیروڕا دەربڕینە یان لە لایەن دەسەڵاتەوە گوێبیستی ئەو ڕەخنەو سکاڵایانە دەبن؟**

ـ حکومەتی ســـۆدانی هەردەم لە چاوەڕێی مانگرتـــن و شۆڕشـــدایە کـــە لـــە لایـــەن ئۆپۆزســـیۆنەکانیەوە لـــە دژی بەرپا بکرێت، بەڵام چاوەڕێی ئەوە نەبووە لە ناوماڵی خۆیەوە ئاگرەکە هەڵبگیرسێت ئەمەش بەڵگەیە لەسەر حاڵەتی بێزاربوون لە ناو خودی ئیسلامیەکان خۆشیانەوە..

*** بۆچی بێزاربوون لە ناوخۆی ئیســـلامیەکان خۆیانەوە؟؟**

ـ سەرەتا لەو شـــتانەی ڕوویاندەدا هەمووان بێدەنگ بوون، زۆربەشیان دەستیان لە ڕوودانیدا هەبوو، لەو بڕوایـــەوە کە کودەتا ڕێگەیەکە بۆ باشـــتر بوونی دۆخی سۆدان، کاتێك بە هەوڵی ئیسلامیەکان کودەتا سەری گرت سەرۆکایەتی بزووتەنەوەکـــە هـــات و بزووتنەوەکـــەی هەڵوەشاندەوەو بڕیاری لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکانـــی دا، دواتـــر توێژێکی تازەی بۆ ســـەرۆکایەتی دەســـەڵات گرتنە دەســـت دامەزرانـــد، هەموو دەســـەڵاتی بە میرات بۆ مایەوەو قۆرخی کرد بۆ کەســـانێك و ئەوانەی

تری کردە تەماشاچی و بێدەنگی کردن، ئێستا کۆمەڵگەی سوودانی بە تەنیا گوناهی ئەم هەڵە مێژووییانە ناخاتەوە ئەستۆی سەرکردەکان ئەو رژێمە کەوتۆتە بەر بارەشێك لە دوای ئەم شۆڕشانەی جیهانی عارەبییەوە، هەڵگیرسانی شۆڕش لەو وڵاتەدا ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە، هەر لە ناو ئیسلامیەکان خۆیانەوە وەك هەوڵێك بۆ گوشارخستنە سەر بزووتنەوەکە لە پێناوی چاکسازی کردندا، لەو دواییانەدا کاتێك شۆڕشەکانی میسرو سوودان هەڵگیرسان، هەر لەناو حزبی موئتەمەری نیشتمانییەوە کۆمەڵێك گەنج رووبەرووی سەرۆك بەشیر بوونەوە و ئەویش پێی ڕاگەیاندن کە بۆ جارێکی تر خۆی هەڵنابژێرێتەوەو لەدژی گەندەڵی دەجەنگێت و حکومەتێك لە گەنجان دادەمەزرێنێت .

*** ئەو بەڵێنانە هاتنە دی؟؟**

- نەخێر دوای ئەوەی چەند مانگێك تێپەڕی بەسەر هەردوو شۆڕشی تونسی و میسریدا دەسەڵاتی چینی فەرمانڕەوا هەستی بەوە کرد کە شۆڕش لە سوودان روونادات بۆیە بەڵێنەکانی خۆی نەهێنایە دی، حکومەتێکی نامۆی سەیری لە سەد کەسێك دامەزراند لە هەمان ئەو کەسانەی کە بیست ساڵ جڵەوی حوکمیان بە دەستەوەیە، جەنگیش لە دژی گەندەڵی بەرپا نەکرا، ئیسلامیەکان لە رێی بیرەوەرییەکانیانەوە گوزارشت لە هەڵەکانی خۆیان دەکەنەوە، یەکەمین بیرەوەری لە ساڵی ١٩٩٣ بڵاوکرایەوە کە لەسەر گەندەڵیتی دەدوێت واتە دوای تێپەڕینی چوار ساڵ بەسەر شۆڕشدا بەڵام ئەو بیرەوەرییە لەناوبراو دواتر لە ساڵی ١٩٩٥ دانەیەکی تر بڵاوکرایەوەو ئەویش لە ناوبرا تا ساڵی ١٩٩٩ بیرەوەرییە بەناوبانگەکەی کە دکتۆر حەسەن تورابی رووخاند دەرکەوت کە بە بیرەوەریی دەیەمین ناسراوە.

*** ئەو بیرەوەرییانە توانای ئەوەیان هەیە کەسانی تر لابەن لەسەر دەسەڵات؟؟**

- ئەو کۆمەڵە بیرەوەرییانە گوزارشتن لە کۆمەڵە تەوژمێك و بیرو رای هەمەچەشنە لە

**دەزگاو کەسانی تر هەر لە وەچە کۆنەکەدا کە ئەزموون و توانایان هەبوو لە بەڕێوەبردنی گۆڕیندا. توانییان هەڵسوڕاوانی ڕاستەقینەی شۆڕش بخەنە دەرەوەی هاوکێشەی فەرمانڕەوایەتی، چونکە وەچەی نوێ بێ ئەزموون بوون لە گۆڕینی واقیعدا..**

**پێویستە شۆڕش لە رەگەوە بارودۆخێك بگۆڕێت بەرەو دامودەزگاییکردن و باری سەقامگیرکردن و پیادەکردنی دیموکراتیەتی دروست کە تێیدا بەهاکانی ئازادی و دادپەروەری و دەساودەست کردنی دەسەڵات و ڕێزگرتنی رای بەرانبەری تێدا فەراهەم بێت**

ناو خودی بزووتنەوەی ئیسلامی سوودانییەوە، کە ئێستا دامودەزگای بۆ نەماوەتەوە کە بیرو رای لێوە دەربببڕدرێت، هیچ بوونێکی کردارەکی راستەقینە بۆ ئەو بزووتنەوەیەی نەماوەتەوە چونکە هەموویان لە گیرفانی دەسەڵاتدان و کلیلەکانیش لای خۆیانە..

*** بە رای تۆ بایەخی ئەو بیرەوەرییانە چین؟**

- لەم کاتەدا بایەخەکەی لەوەدایە کە رژێم پشتی بەستووە بە چەتری رەوایەتیبوونی ئیسلامیی وەك تاقانە نوێنەری بزووتنەوەکەی، بۆیە هەر تەوژمەکانی ناو خودی بزووتنەوەکە رەخنە لە باری وێستایان دەگرن و داوای چاکسازی و گۆڕانکاری لێ دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم بیرەوەرییانە دینامیکیەتی نوێی خوڵقاندووەو لووبی و گرووپەکانی فشاری لێوە دروست بوون بۆ گۆڕانکاریی.

*** ئایا دەکرێت لە رژێمی سوودانیەوە چاکسازی بکرێت وەك چۆن بیرخەرەوە ئیسلامییەکان لەسەری دەدوێن؟**

- لەم بیرەوەرییانەدا دوو تەوژم بەدی دەکەین یەکەمیان بڕوای وایە لە تواناداییە باری ئێستا چاك بکرێتەوەو دووەمیشیان پێی وایە کاتەکە بەسەرچووە بۆ ئەو حاڵەتەو پێویستە بارێکی سیاسی تازە بێتە ئاراوە، نەك چاکسازی لە ناو بزووتنەوەکەدا، ئەوانەی کە پێیان وایە هێشتا کات بە دەستەوەیە تا لە ناو رژێمەکەوە لە دژی گەندەڵیتی کار بکرێت لەو بڕوایەدان دەرفەتێك بە رژێم بدەنەوە بەڵام ئەوانی تر نایانەوێت کاتی زیاتر بە فیڕۆ بچێت.

*** تۆ بە لای کامیاندا دایدەشکێنیتەوە؟**

- پێم وایە بزووتنەوەی ئیسلامی بە هەموو واتایەکەوە گەیشتۆتە رێگەیەکی داخراوی ئەوتۆ لە کۆتاییدا هیچی پێ نەماوە پێشکەشی بکات و ناشتوانێت چاکسازی ئەنجام بدات چونکە بووەتە هۆی دابەشبوونی وڵاتەکەو بارو گوزەرانێکی ئابووری سەخت و جەنگی زۆری بە بەرهەم هانیوە..

*** واتە چاکسازی ئەو بزووتنەوە ئیسلامیە بە هیچ شێوەیەك شیمانە ناکرێت؟**

- ئیسلامیەکان هەر دەرفەتێکی لە پێشیان بوو لە دەستیان داوە بەو بێدەنگیەی کە لەسەر بارودۆخەکان هەیانبوو هەروەهائێستا زیاتر پێویستمان بە رزگارکردنی سوودانە نەك رزگاربوونی بزووتنەوەی ئینقاز، پێویستە بچینەوە ناو چوارچێوەیەکی نیشتمانی فراوانەوە نەك بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی خۆیان بەڵکو بۆ دروستکردنی رژێمێکی فرەیی دیموکراتی ڕاستەقینە لە ناو سوودان و سوودانیەکانیش سەرپشك بکەن لە هەڵبژاردنی سیستەمی سیاسی و دامەزراندنی دامودەزگای دیموکراتی ڕاستەقینە وەك هیوایەك بۆ سەرلەنوێ یەکخستنەوەی وڵات. بۆ روودانی ئەمەش تێڕوانینی فکریی قوڵمان دەوێت دوای ئەوەی حوکمی ئیسلامی و بزووتنەوەکەی ئەم وڵاتەی هەڵا هەڵا کرد بە تایبەتیش بە میتۆدو رێگای بیرکردنەوەی تورابی لەسەرووی هەموویانەوە، بۆیە ئەم چارەنووسە یەخەی سوودانی گرت.

*** واتە دابڕانی باشووری سوودان ئامانجێکی بزووتنەوەی ئیسلامی بوو لە رۆژانی کۆتایی خۆیاندا؟**

- نەخێر چونکە لە رووی تیۆرییەوە بزووتنەوەی ئیسلامی بزووتنەوەیەکی بانگێشەکار بوو بەرپرس بوو لە بڵاوکردنەوەی ئیسلامەتی تا ئەو کاتەی بەربەستەکانی دانا لە بەرژەوەندیشی نەبوو وڵاتەکە ئاوها بەش بەش بکات بزووتنەوەی ئیسلامی وێرای هێزە سەربازییەکەی لە مەیدانەکەدا هیچ پاشخانێکی دەرەکی نەبوو بەو شێوەیە چینی فەرمانڕەوا بە ناوی بزووتنەوەی ئیسلامی کەوتنە دانوستاندن لەگەڵ بزاڤی میللی و سەقفیەکی سیاسیان لەگەڵیان رێکخستن تا خۆیان بەسەر کورسی حوکمەوە بمێننەوە، دواتر هەوڵیاندا باشوور بۆ بزاڤی میللی جێبهێڵن، ئەگەر جیابوونەوەش رووبدات هەر لایەك بۆ خۆی بە جودا هەرێمی خۆی حوکم بکات، نەیانزانی بەم ئاکامە دەگەن واتە گرەوێکی هەڵەیان کرد، گەرچی بڕیاری جیابوونەوە موغامەرەیەك بوو، لە پێناوی پاراستنی دەسەڵاتەکەیاندا، بۆیە قوربانییان بە یەکێتی خاك و نەتەوەدا، ئێستاش مانەوەیان لە دەسەڵات زامن نییە..

*** بە رای تۆ دەوڵەتی سوودانی باکوور پەرت و دابەشبوونی تری تێدا روو دەدات؟**

- بە دڵنیاییەوە چاوەڕوانی دابەشبوونی ترین ئەگەر هەمان عەقڵیەت کە لە پێناوی مانەوەی خۆیان لە دەسەڵاتدا باشووری جودا کردەوە بمێنن..